# شیعری شارستانیی جگەرخوێن

سپیرێز

خودانێ ئیمتیازێ
حافظ قاضی

سەرنڤیسەر
مؤید طیب

©
مافێن چاپکرنێ د پاراستی نە

ئەدرێس

کوردستانا عیراقێ - دهۆك
ئاڤاهیێ ئێکەتیا سەندیکایێن کرێکارێن کوردستانێ
قاتێ سێیەم
تەلەفۆن: ٧٢٢٥٣٧٦ - ٧٢٢٢١٢٥

www.spirez.org
www.spirezpage.net

دار سبيريز للطباعة والنشر
دهوك

- **ژمارا وەشانێ:** (٣١٠)
- **نافێ پەرتووکێ:** شیعری شارستانیی جگەرخوێن
- **نووسینی:** دوکتۆر ئوردیخانی جەلیل
- **وەرگێرایە کرمانجی و پەراوێزی:** د. عیزەدین مستەفا رەسوولەوە
- **تیپچنین و دەرهێنانا هونەری:** هوگر سەعید
- **بەرگ:** بەیار جەمیل
- **سەرپەرشتێ چاپێ:** شیروان ئەحمەد تەیب
- **چاپا ئێکێ**
- **تیراژ:** (١٠٠٠) دانە
- **ژمارا سپاردنێ:** (٢٠٠٧) ل پەرتوکخانا بەدرخانییان ل دهوك ل سالا ٢٠٠٩
- **چاپخانا خانی - دهوك**

SPIREZ PRESS & PUBLISHER
DUHOK

نووسینی
**دوکتور ئۆردیخانێ جەلیل**

# شیعری شارستانیی جگەرخوێن

**د. عیزەدین مستەفا رەسول**
وەریگێڕاوەتە سەر کرمانجیی خواروو،
تیپی عەرەبی (نووسینی کوردی) و پەراوێزی بۆ داناوە

2009

# پێرست


- شیعری شارستانیی جگەرخوێن ................................................ ٧

-سەرەتایەك بۆ باسی جگەر خوێن ............................................... ٩

- كورتیەك دەربارەی ژیانی جگەرخۆین ........................................ ١٥

- شاعیری ناسراوی كورد عوسمان سەبری دەربارەی جگەرخۆین دەنووسێ...... ٢١

- جەلادەت عالی بەدرخان لەم بارەیەوە دەنووسێ.............................. ٢٣

- هۆنراوەكانی باژێرڤانیی جگەرخۆین.......................................... ٣٧

# شیعری شارستانیی جگەرخوێن

وا تەمەنی جگەر خوێن بۆ هەشتا ساڵ دەچیت. هێشتا هەر دەربە دەرەو دوور لە نیشتمان دەژی و لە نووسین وشیعر دوور نەکەوتۆتەوە. دەنگی دلێری جگەر خوێن بە نووسراوی و بە تۆمار کراوی، بە گۆرانی و سروود دەگاتەوە هەموو کونجێکی نیشتمانی ئەو.

بەرەو هەشتا ساڵەی جگەر خوێن و بە بەشێك لە ڕێزنان و خۆشەویستی دەربڕین بەرامبەر بەو شاعیرە مەزنە و ئەو تێکۆشەرە نیشتمان پەروەرە. دەست دەدەینە پێناسینی ئەو کتیبەی دوکتۆر ئوردیخانی جەلیل[1] بەناوی ((شیعری شارستانیی جگەرخوێن[2]))ەوە نووسیویەتی.

ئەم کتێبە بریتی یە لە ١٩٢ لاپەڕەی ناونجی و لەلایەن بەشی ڕۆژ هەڵاتناسی ئەکادیمیای زانستیی ئەرمەنستانی سۆڤێتی یەوە بڵاوکراوەتەوە.

---

(١) دوکتۆر ئوردیخانی جەلیل– زاناو شاعیر و فۆلکلۆر ناسێکی ناسراوی کوردی سۆڤیتی یە. دوکتۆرای لە ئەدەب و زماندنا وەرگرتووە.

گەلێك کتێبی هەیە. لە پاڵ دیوانی شیعردا لێکۆڵینەوە و ساخکردنە–وەی جۆرە جیاوازەکانی بەیتی قەلاَی (دمدم)ی لەکتیبێکدا بە وەرگێڕانی ڕووسی یەوە چاپکردووە. نووسەر کوڕی شاعیری ناودار جاسمی جەلیل وبرای مێژوو ناس دوکتۆر جەلیلی جاسمی جەلیل ومۆسیقا وان جەمیلەی جەلیلە. تا ئێستا لە لێنینگرادەوە بە کەڵچەری کوردەوە خەریکە.

(٢) ئۆردیخانی جەلیل. پوێیزیا جگەر خۆینی باژار ڤانی یە، یەریڤان، ١٩٦٦

٩٥ لاپەڕەی کتێبەکە لێکۆڵینەوەی هۆنراوە و ژیانی جگەر خوێنە. ئەویتری چاپکردنەوەی هۆنراوەکانی یەتی. لێکۆڵینەوەکەش ٨٦ لاپەڕی بە کوردی و بەشێوەی کرمانجی ی ژووروو، بەو چەشنەی کوردی سۆڤێتی پێی دەدوێن، وانە نزیك بەشە دیالێکتی هەکارییە و لە بۆتانەوە نزیکترە وەك لە بادینان. دووا بەشی ئەم لێکۆڵینەوەیە هەشت لاپەری کورت کراوەیە بەرووسی و باسەکە بەشەش لاپەڕەش بە ئینگلیزی کورت کراوەتەوە.

هەموو نووسینی کوردیی کتێبەکەش بەو ئەلف وبێ تێکەڵەی (لاتینی وسلاڤی) نووسراوە.

بۆ پێناسینی کتێبەکە و بۆ باسی جگەر خوێن، لە تواناداا باسی جیا جیای لێدوان و لێکۆڵینەوەی شیعری جگەر خوێن لەو کتێبەوە وەردەگرین و بەم ئەلف وبێ یەی پێ ی دەنووسین و بەم زمانە ئەدەبی یە بە پەراوێزی پێویستەوە لە چەند ژمارەی ئەم گۆڤارەدا دایدەڕێژینەوە.

# سەرەتایەك بۆ باسی جگەر خوێن

رنجیرەی كۆیلایەتیی ئیمپریالیستان ئەمرۆ بەتینی خەباتی گەلانی ژێر دەست وورد و خاش دەبێت. میللەتانی وولاتی كۆلۆن (مستعمره)، ئەمرۆ یەك بەیەك ئازادی وسەربەستی و هەقی خۆیان دەستێنن. لە ناو ئەو خەباتكارییەدا تێكۆشانی گەلی كورد جیگەیەكی هێژاو شایان بەخۆیی هەیە. ئەو گەلەی ئەمرۆ لەناو گەلانی رۆژهەلاتی نزیك و ناوەراستدا هیوای هێنانە دەست و بەجێ هێنانی مەسەلەی هەقیانەتی خۆیی هەیە.

ئەدەبیاتی كوردی عیراق و سوریا وئێران[1] لە كۆرێ خەباتی ئەو گەلە ئازادبخوازەدا، لە هوشیار كردنەوەی خەلكدا، كارێكی زۆر مەزن دەكات و بۆتە ئاوێنەی ئەو خەباتە مەزنە.

ئەدەبیاتی كوردی دەرەوە[2] هەموو كاتێ سەرنجی خۆێندەوارانی بەرەو مەسەلەی برایەتی و ئامۆزایەتی گەلانی دراوسێ وپێكەوە خەبات لەگەلێ ئەواندا راكێشاوە.

هەموو كوردستان باش ئاگاداری ئەدەبیاتی پیرەمێرد، گۆران، عەلی كەمال باپیر[3]، بێكەس، دلدار، نوری شێخ سالح، عەبدولوەهاب نووری و ئەوانی ترن. خوێندەواری كورد بەرهەم و ئەفراندنی[4] زنجیرەیەك شاعیر و نووسەری تری تازەی وەك: بلە،

---

(١) لەناوەراستی سالانی شەستدا، چ لە ناوەوەو چ لە دەرەوە بەرهەمی نۆیی كوردی توركیا واهاتەوە مەیدانەوە كەناوی ئەوان وبەرهەم و شاعیر و نووسەر و هونەرمەندیان بچێتە پاڵ بەرهەمی كوردی شوێنانی ترو ئیتر لێ یان بێ ئاگا نەبین. (ع. م).

(٢) مەبەس كوردی دەرەوەی مەڵبەندی نووسەر، واتە یەكێتی سۆڤێتە (ع. م.).

(٣) دیارە– عەبدولواحید نووری مەبەسە. (ع. م.)

(٤) ئەفراندنن، بەرهەم هێنان، یا ئیبداع و خوڵقاندن (ع. م.)

عوسمان سەبری قەدری جان، دلزار، هەژار، کامەران، مەلا کەریمی ڕەباتی[1] بەدلەوە دەخوێندنەوە.

ڕاستە پلەی ئەفراندنی ئەم شاعیر و نووسەرانە جیایە، بەلام خواست و مەرامی ئەوان یەکە، بریتی یە لە هوشیار بوون و سەربەستیی خەلك، ئازایی وسەر ب خۆیی ئەوان.

لەناو ئەدەبیاتی کوردی دەرەوەدا ئەفراندنی جگەر خوێن و نیشتمان پەروەریی ئەو جێگەیەکی بەر چاوی هەیە. جگەر خوێن شاعیرێکی پێگەبشتووی کوردە.

ناوی جگەر خوێن هەر لە سوریا و عیراقدا بلاو نی یە، بەلکو لە سنووری ئەم دوو وولاتە دەچێتە دەرەوەو لە ڕوژهەلاتی ناوەراست ونزیکدا ناوی هەیە[2].

بەم جۆرە ناوی جگەرخوێن لە وولاتی سۆڤێتدا گەیشۆتە ئێمە.

ئەو ناوە لە سایەی شیعرە شۆڕشگێری یەکانی یەوە، لە سایەی مەبەس وخواستی ئەو شیعرانەوە گەیشتە ئێمە. شیعرێ کەدەیەوێ هەموو کوردێکی پێشکەوتوو حەز بەوە بکات، وولاتەکەی تەواو پێشکەوێت و. بچێتە ڕیزی کاروانی مرۆڤایەتی و لەڕیزی خەباتی گەلاندا بەرامبەر بە ئیمپریالیزم و کۆلۆنیالیزم وبن دەستی و بەرامبەر بە دوژمنانی گەلانی جێگای کورد دیار بێت[3].

---

(١) یەکێك لەو کەلێنانەی دەکەوێتە بەرهەم و لێکۆلینەوەی رۆژ هەلاتناسانەوە. ئەوەیە کە پشت بەو بەرهەمە چاپکراوانە دەبەستن کە دەگاتە لای ئەوان، زۆر جار ڕێکەوت دەستێکی باشی لەمەدا دەبێت، ئەم دیاردەیە جاروبار لەو بەرهەم ولێکۆلینەوانەشدا دیارن کە نووسەر وزانایاتی کوردی سۆڤێتی دەربارەی نووسەران و شاعیرانی کوردستان دەیا ننووسن. (ع. م.).

(٢) ادیب معوض. الاکراد فی لبنان وسوریا، بیروت، ١٩٤٥ ص ٢٨– ٢٩ (٢) سالی ١٩٥٨ لە گۆڤاری ((زڤیۆزدا ڤەستۆکی– ئەستێرەی ڕۆژ هەلات ی ژمارە ٩ دا کەلە تاشقەند دەرچووە، لە وەرگێرانی کۆرسۆن و ڕۆدینکۆ، پارچەی ((ئەم وگۆڕ)) و ((ئاگر)) و ((قەلەمامەرا)) بلاوکراوەتەوە.

(٣) سالی ١٩٥٨ لە گۆڤاری ((زڤیۆزدا ڤەستۆکا– وەرگێڕانی کۆسۆن و ڕۆدینکۆ، پارچەی ((ئەم و گۆڕ)) و ((ئاگر)) و ((قەلەمامەرا)) بلاوکراوەتەوە.

هەروەسا لەسالی ١٩٥٩ دا لە وەرگێرانی شامیل عەسکەرۆڤ لە ((ئەلمەناخی ئەدەبیاتی کوردی)) دا کە بەزمانی ئازربیجانی لە شاری باکۆدا چاپکراوە، دوو پارچە هونراوەی جگەرخوێن ((تاکەگنێ ئەمێ کارگەر و جوتکارێ بە گابین)) و ((حلـلفا ئەتلەسی)) بلاوکراوەتەوە.

جگەرخۆینیش لەو شاعیرانەیە کە هەموو کات و لە هەموو شتێکدا لەگەڵ خەڵکدایە، شاعیری میللەتە، لەگەڵ گەلدا شادە ولەگەڵ ئەودا گۆرانی و سروود دەڵێ و بەدەم هەموو ئازارێکی ئەوەوە دەگری.

جگەرخۆین، هێزی خۆی تەنیا بۆ هاواری خەبات بەرامبەر بە ئیمپریالیزم وبن دەستی تەرخان نەکردووە. بەڵکو هەروەها لەناو گوندانددا بۆ هوشیار کردنەوەی خەڵکی لادێ هەوڵێکی تەواوی داوە.

شاعیر گەلێك هۆنراوەی خۆی بۆ خەلکێ لادێ، بەو زمانەی خۆی کەمەشخەڵی ئاگرە، دەخۆیندەوەو مەسەلەی نەتەوەیی لە خەڵکی دێهات دەگەیاند.

ساڵی ١٩٥٤ پاش وەرگەڕاندنی ڕژێمی شیشەکلی خەڵکی شاری قامیشلی[١]، جگەرخۆین وەك دەست نیشان کراوی خۆیان بە پاڵێوراوی ئەندامی پەرلەمانی ووڵات دەخەنەپێش چاوی خۆیان.

ئۆرگانی دیموکراتی یەکانی سوریە ولوبنان ڕۆژنامەی ((الصرخة)) لە ژمارەیەکی ساڵی ١٩٥٤ی خۆیدا نرخێکی گەورە بەکاری ناو خەڵکی جگەرخۆین دەدات.

ئەو ڕۆژنامەیە دەنووسێ: جگەرخۆین لەتافی لاوی یەوە، بەرامبەر بە فیودالیزم[٢] لە کۆڕی خەباتدا وەستا، هەر لەو ڕۆانە شەوە کۆنە پەرستان بوون بە دوژمنی. بەلاَم کوردە لاوە سەربەخۆکان لە دەوری ئەو کۆبوونەوە. بەخۆشەویستیی نیشنمان هاریکاریان کردو پەروەردەیان کرد.

ڕۆژنامەکە دەنووسێ"

جگەرخوێن بەڕاستی ئالاَی دیموکراتیی هەژاندنی میللەتەو لایەنی ئەو خەباتە دەگرێ و گەورەترین ئاواتی ئەو ئەوەیە میللەت لە بن نیری کۆڵنیالی ڕزگار بێت.

لە سووریە جگەرخۆین هاوکاری ئەو خەباتە بوو[٣] کە بۆ پشتگیری ئاشتی لەناو دابوو: ساڵی ١٩٤٩ لەلایەن خەڵکی جزیرەوە وەك نۆینەری کۆمیتەی پشتیوانی ئاشتی سووریە هەڵیان بژارد.

---

(١) قامیشلی شارێکی کوردانە لە سووریە، وا لەسەر سنووری سووریە و تورکیا.

(٢) فیودالیزم: دەرەبەگی.

(٣) دیارە نووسەر باسی ئەو کاتە دەکا کە جگەرخۆین لە سووریە بووە.

پاش چەند ساڵ ڕۆژنامەی ((الصرخة)) دەنووسێ:(( لەم پێنج ساڵەی دووایی دا، کەلە سووریادا پاش وەرگێڕانی ڕژێم، زۆرداری یەکی زۆر وا لەبەر چاو، گەلێك جار جگەرخوێن گیراوەو ئازار دراوە.

ئەو هەمیشە لە نیشتمان پەروەریی خۆی دڵنیا بوو و هەمیشە دوژمنی فیودالیزم و ئیمپریالیزم بووە. ئەو هەمیشە حەزی ب ئاشق و ئازایی وسەربەستی خەڵك کردووە. لاوی جزیرە جگەر خوێن بە شاعیرێکی دیموکراتی وا دەناسن کە بەرامبەر بە ئیمپریالیزم و زۆر دەستی خەبات دەکا[1].

پاش ئەمە بە دوو ڕۆژ لە ((١٢))ی مانگی ئەیلوولدا هەر ئەو ڕۆژنامەیە ناڕەزایی بەرامبەر بە کاری حکوومەتی سووریە دەر دەبڕێ کە ڕێیَ نەدابوو لە قامیشلیدا هەڵبژاردن ڕێیَ خۆی بگرێ وخەڵك جگەرخوێن بە نوێنەری خۆیان بۆ پەرلەمان هەڵبژێرن. حکوومەت بیانووی وابوو کە شاری قامیشلی نزیکی سنووری تورکیایە و نابێ هەڵبژاردن لەوێ وەك شوێنێ تربێت.

هەر ئەو ڕۆژنامەیە دەنووسێ: کە بەرامبەر بەم بیانووە ناڕازین وڕۆژنامەکە سلاَوی ((گەرم وگوڕی)) بۆ جگەرخوێن و هاوەڵەکەی دەشێنێ[2] کەبە ٦٠٠ گونددا گەڕان و خەڵکی ئەو گوندانە ئەوانیان بەدڵ قبوول کردووە[3].

کاری ئیبداعیی جگەرخوێن و توانای خوڵقاندنی لە پێناوی میللەتی کورددا مەزنە. بەلاَم لە کورد زانیدا[4] هێشتا دەربارەی ئەو کەم نووسراوە[5]. ساڵی ١٩٤٥ کوردناس[6]

---

(١) روژنامەی ((الصرخة)) بیروت، ١٩ی تەمووزی ١٩٤٩.

(٢) دەشێنێ، ڤڕێ دکە، دەنێرێ، دنهێرێ. (ع. م.)

(٣) رۆژنامەی ((الصرخة)) ١٢ی ئەیلوولی ١٩٥٤.

(٤) لێرەدا نووسەر ووشەی کورد زانی بەرامبەر بە کوردۆلۆژی دادەنێ کە رۆژ هەلاَتناان بۆ زانستی کورد ناسین بە کاری دێنن و دوکتۆر جەمال نەبەز- کوردە وانیی خستۆتە جێی. (ع. م.).

(٥) ئەمە کاتی نووسینی کتێبەکەی دوکتۆر ئۆردیخانە. پاش ئەوە نامەی دوکتۆرای شامیل عەسکەررۆڤ بۆ باسی جگەرخۆین تەرخان کرد زومرود شەفیعۆڤاش بەشێکی گەورەی لە نامەی دوکتۆراکەی دایە. (ع. م.)

(٦) کوردناس، کورۆدلۆگ. (ع. م).

تۆما بووا بە بۆنەی دەرچوونی دیوانی یەکەمی جگەرخوێنەوە لە ڕۆژنامەی ( legour novvean) ڕۆژا تازە دا کە بەزمانی فەرەنسی بێروت بە ناوونیشانی ((جگەرخوێن شاعیرێکی دەوری تازەی کوردە)) بلاّوکردەوە[١].

تۆما بووا لە ووتارەکی خۆیدا بایەخێکی گەورە ئەدا بە هۆنراوەکانی ئەو دیوانەی جگەرخۆین.

**تۆما بووا نووسیوی یە:**

((ئەدەبیاتی کورد گوڵی جوان جوان بەرهەم دەهێنێ. بۆ ئەوەی پیاو باوەڕ بەم قسانە بکات، ئەوە بەسە کە ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانە بە تەواوی بخوێنێتەوە کە لە وولاّتانی ڕۆژ هەلاّتی ناوەراست و نزیکا (لە تورکیا نەبێ) لە لوبنان و سووریە و عیراق و ئێران و ئازربایجان[٢] و لەو شوێنانەی کوردی لێ چاپ دەکرێ[٣])).

لەم رۆژانەدا شاعیرێکی دێم قەمەری[٤] یەکەم کۆمەڵە شیعری هەمە بابەتی خۆی بە تیپی لاتینی چاپکردووە. بە بیری من، کۆمەڵە شیعریکی وا بە کەڵك لە لایەن شاعیرێکی کوردەوە ئەوا بەم بیر تازەیی یە جاری یەکەمە کە چاپ دەبێ[٥].

پاش تۆما بووا ڕۆژ هەلاتناس ڤاسیلی نیکیتین لە کتێبی (کورد) ی خۆیدا ناوی جگەرخوین وەك شاعیرێکی هوشیار و زانا ناو دەبات[٦].

---

(١) E gour novvean , Bey routn , 1945, 13 out , no. 53, .4 (in poete kurde contemporain: cegerxwin )

(٢) مەبەستی ووتار نووس ئازربایجانی ئێرانە.

(٣) ئەم قسانەی تۆما بووا لە ساڵی ١٩٤٥ دا بوو. بەلاّم ئێستا بەداخەوە لە شوێنێکی تری کورد نشین چاپ ناکرێت. (ع. م)

(٤) دێم قەمەری ـ

(٥) بڕوانە پەراوێزی ١٩.

(٦) B. Nikitine, Les kordes etude sociologigve et historigve, poris, 1956. p 285

سالی ١٩٥٢ کورد ناسی بەناو بانگی سۆڤێتی قەناتی کوردۆ لە ووتارێکدا کە بە ناو نیشانی (ئەدەبیاتی کوردی دەرەوە[1] دەربارەی باری کوردی یەکێتی سۆڤێت) بە زمانی ڕووسی بڵاوی کردۆتەوە، یەکەمجار چەند نموونەیەك لە هۆنراوەی بە ناوبانگی

جگەرخۆێن بە خوێندەوارانی ووڵاتی سۆڤێت دەناسێنێ. هەر وەك چەند نموونەشی لە کتێبی (گراماتیکی زمانی کوردی) ی خۆیدا کەبە ڕووسی نووسراوە بڵاوکردۆتەوە.

(١) ك. ك. کوردۆیڤ. ووتارێك بەو ناوەی سەرەوە. لە ژمارەی ١٢٨ ی تومارە زانستی یەکانی زانستگای لێنینگراد، ١٩٥٢ ل ١٣٦ (٥). هەروەها: گراماتیکی زمانی کوردی، مۆسکۆ، لینینگراد، ١٩٥٧،

# کورتیەك دەربارەی ژیانی جگەرخۆین

ناوی ڕاستەقینەی جگەرۆین، (شێخ مووس) ە، لە ساڵی ۱۹۰۳[1] دا لە گوندی حەسار لە دایك بووە.

دایك و باوکی هەژار و دەربەدەر و بێ دەرەتان بوون. ئەوانیش وەك کوردانی تر، شۆێنی باوو باپیری خۆیان بەجێ هێشتووە بەدووای گوزەرانا و لە گوندی (پێکەندی) یەوە هاتبوونە گوندی حەسار[2]. لێرەش ڕۆژێکی خۆشیان نەدی.

خێزانی حەسەن (کە باوکی شێخ مووس) ە ئەوەندە زۆر نەبوونە. بریتی بووە لە خۆی و ئایشیی ژنی و ئاسیای کچی و خەلیلی کوڕە گەورەی. شێخ مووس کوڕی بچووکی حەسەن بوو.

شێخ مووس هێشتا مندال بوو کە باوکی بە ڕەحمەت چوو، ماڵ و منداڵی بێ کەس بەجێ هێشت.

---

(۱) نازانم دوکتۆر ئوردیخان ئەو مێژووەی لە کوێوە هێناوە، بەڵام ئەوی من لە یادمە و ئێستا لەبەر دەستا نی یە ئەوەیە کە لەو سەرەتایەدا کە عوسمان سەیری ساڵی ۱۹٥٤ بۆ دیوانی (شۆڕشا ئازادی) ی (جگەرخۆین)ی نووسیوە، ئەو دیوانەی لە شام لە چاپخانەی کەرەم چاپ کراوە، لە وێدا ساڵی ۱۹۰٤ ئەکات بەساڵی لە دایك بوونی جگەرخۆین و ئەبێ ئەهی دووەمیان ڕاستر بیت. چونکە نووسەری پیشەکیی ناوبراو لە کاتی نووسین و چاپ کردنەکەدا لە شاعیرەوە نزیك بووە و پێکەوە دیوانەکەیان چاپ کردووە.

(۲) حەسار ـ گوندێکە لە تورکیا ، لەولای (حوستکێف) ە وەیە.

شێخ مووس منداڵی و گەنجێتی زۆر بەگرانی دەرباز ئەکات. لە بەر دەستی ئاسیای خوشکی یا گەورە بوو. هەر لە زووەوە (شێخ مووس) ی بچکۆلە ژیان بەبێ دەرەتانی و دەربەدەری ئەباتە سەر.

لە پێناوی پارووی ناندا ناچارئەبێ لەلای دەوڵەمەندان خولامی بکات. جاروباریش شوانی و گاوانێتی ئەکا.

شێخ مووس هەر لە منداڵیی خۆیدا نا ئینسانیی ئاغا و بەگی دی، لە گیانی خاوەن پارەو لە گیانی دەسەڵاتداران وورد ئەبووە.

هەموو کاتێك دەربارەی شاعیرێك یا نووسەرێك، ئەتوانین بڵێین، لە کام شار، لە کام گوند، یالای کێ خوێنویەتی. بەڵام دەربارەی شێخ مووس ناتوانین شتی وا بڵێین.

شێخ مووس ، لە منداڵیی خۆیدا زۆر حەزی لە خوێندن ئەکرد. بەڵام نەیئەتوانی ئەو خواستەی خۆی بهێنێتە دی. چونکە بۆ ئەم مەبەستە ماوە و هەوڵی تایبەتی ئەویست. نەبوونی کاری تەواوی کردبووە سەر شێخ مووس . بەڵام بە ئاریکاری هەواڵ و هاوڕێی خۆی دەستی کرد بە فێر بوون.

ساڵی ١٩١٤، کاتێ شەڕی یەکەمی جیهان تازە دەستی پێ کردبوو، شێخ مووس پانزدە ساڵان بوو - (ئەمەگەر لە ١٩٠٣ دا لە دایك بووبێ)، وەکو تر دەساڵان بوو - هێشتا شیرینی و خوشی ژیانی نەدیبوو، وەك دایك و باوکی خۆی وەك باپیر و باپیرە گەورەی خۆی، ڕێگای ڕاکردن و هەڵاتن، ڕێگای گواستنەوە  و هیجرەت ئەگرێ و لەگەڵ گەلێك ماڵی کوردان، ئەچێتە گوندی عاموودە لەوێ نیشتەجێ ئەبێ.

کەلە عاموودە جێ گیر بوون، دایکی شێخ مووس لە غەریبی دا کۆچی دووایی ئەکات. ئەم کارەساتە کارێکی تەواو ئەکاتە سەر دڵی شێخ مووس دوایتر ناتوانێ لە عاموودا بمێنێتەوە، لەگەڵ خوشك و براکەیدا ئەگەرێتەوە گوندە خۆشەویستەکەی گوندی حەسار. بەڵام ئەمجارەش لە ترسی هێرشی سەربازی ڕۆم شێخ مووس جارێکی تر لە گەڵ ئاسیای خوشکی و خەلیلی برای دا ئەگەڕێتەوە عاموودە.

ئەو ساڵی ڕاکردن و هەڵاتنەگرانە، هەرگێز لە بیر شێخ مووس ناچنەوە، ئەوێك کە گەلێ دەوری بەسەر بردوەوە باوەڕێکی شاعیرانەشی هەبە.

شێخ مووس دیسان لە دەست چەتوونی گوزەران ناچار ئەبێ چمکی بەرخەوا نیبگرێ و جاروباریش ئەبێتەوە بە گاوان.

شێخ مووس له مندالّیدا جاروبار بووه به (پاڵە)ی ئەم و ئەویش. بەڵام لە گەڵ ئیشی گرانیشیدا، هەقی کەمی وەرئەگرت. لە گەڵ ئەم هەموو کوێرەوەری و زەحمەتی یەشدا هیچ کاتێ شێخ مووس هیوای لە خوێندن نەئەبرێ. هەموو کات باوەری وا بووە کە رۆژێك ئەبێ فێری خویندن بێت و ڕۆژێك ئەبێ لەسەر کاغەز بنووسێ و بزانێ هەرچی لە دەفتەردا نوسراوە بیخوێنێتەوە.

هەر ئەمە بوو وای لە شێخ مووس ئەکرد کە جاروبار خۆی لە بەر ڕانە مەڕەکەی بدزێتەوە و بچێتە مزگەوتی گوندەکە. بۆ لای هەواڵە خێر خواکانی خۆی.

نووسەری بە دیمەنی گەلی کورد میر جەلادەت عالی بەدرخان لەم بارەیە و ئەنووسێ: ( بەڵام لە کوورەی دڵی شێخ مووس دا ئاگرێکی موقەددەس هەڵئەگیرسا خۆی لە ناو ئەو جۆرە ژینەدا ڕانەئەگرت، لە ئاغاکەی هەڵئەهات و ئەچووە ناو گوند، گوێ لە دەرسی مزگەوت و خوێندگا ئەگرت. زۆری پێ نەچوو ناوی شێخ مووسی جوتیار و شوان بووە فەقی شێخ مووس و چاوی لە دنیای زانستی دا کردەوە[(١)].

ئەو دەمە لە کوردستاندا پەیڕەو بوو کەفەقێ زوو زوو مەدرەسە[(٢)] بگۆڕێ چەند مەددرەسەی جیا جیا بگەڕانایە، ئەوەندە زیاتر ناو و حورمەتیان پەیدا دەکرد.

جگەرخوێنیش مەدرەسەکەی خۆی ئەگۆڕێ، ئەگەڕێ، ئەڕوا، تا دەگاتە لاهیجان. لاهیجان لە کوردستانی ئێراندا شارێکی ناسراوی کوردان بوو، کاتێ جگەرخوێن لە لاهیجانەوە دەگەڕێتەوە کوردستانی ژووروو، دێتە گوندی تەلشیرێ و لەو گوندەدا نیشتەجێ ئەبێ. لێرەش شێخ مووس دەست لە خوێندن هەڵنا گرێ. لێرە لەلای مەلا عەبدوڵڵا دەخوێنێ. پاشان مەلا عەبدوڵڵا وەفات دەکات، شێخ مووس ئیجازە لە مەلا فەتحوڵڵای برای وەردەگرێ.

---

(١) [ دوکتور ئوردیخان لە هەموو باسەکەیدا لە سەر ئەو پەیڕەوەی لە ڕۆژ هەڵاتی ئیسلامیی وولّاتی سۆڤێتداو لە قەفقاس هەیە ، ووشەی ـ مەدرەسە ـ لە جێ ی مزگەوتی لای خۆیان بەکار ئەهێنی ـ چونگە لای خۆمان مزگەوت جێگەی خوێندن و نوێژە و ئێمە ئەڵێین ـ لە مزگەوت خویندویەتی ئیتر ووشەی ـ مدرسە ـ بەکار ناهێنین، کە لەو وولّاتا نە تەواو تەنیا بە خویندنی مزگەوت ئەوترێ. واتە کە ووتیان لە مەدرەسە خویندویەتی هەر ئەوە ئەگەیینێ کە لە مزگەوت خویندویەتی.] (ع. م).

(٢) زۆر جار لە ناو کورد و گەلانی موسۆڵمانی ڕۆژ هەڵاتدا ووشەی (مەدرەسە)، بەمانای مزگەوت یا ئەو شوێنەی ناو مزگەوت کە بۆ فەقێ و خوێندن تەرخانکراوە لە مزگەوتە گەورەکاندا لە بەشی نوێژ کردن جیایە بەکار دەهێنرێ. (ع. م) .

پاش خوێندن تەواو کردن. شێخ مووس ماوەیەك لە گوندی کوردانا مەلایەتی ئەکا ـ وەك جەلادەت عالی بەدرخان نووسیوی یە:

ئەبوو بە پێش نوێژی گوندان و ژنی بۆ مارە ئەکردن و بەپێی شەریعەت زەکاتی لێ ئەسەندن و بەم جۆرە بەڕێوە ئەچوو.

لە پاڵ قسەکەی میر جەلادەت دا. دوکتور ئۆردیخان ئەوە دەردەخاکە لە ڕاستی یا، لەو ساڵانەی کە شێخ مووس لە گوندی کوردانا بە مەلایەتی ئەسووڕایەوە، بەرە بەرە ئەبووە دوژمنی هەموو ئەوانەی ڕەنجی زەحمەتکێشانی کورد ئەخۆن. لە پاشانا ئەڵێ:

مەلایەتیی شێخ مووس هەندەی نەخایاند، زوو وازی لە مەلایەتی هێناوە دەستی کردەوە بە جووت کردن. بەم جۆرە ـ حەڵاڵی و دڵ ساخی و دڵ باشیی لای جووتیار و لادێمیی خەباتکار ئەبینی. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا باری گرانی ژیانی خەڵکی لادییێ ئەبینی، کە هەر ڕۆژ ئەبۆوە تا ئێوارە ئیش ئەکەن، خۆیان ئەرەتێننەوە بەڵام بەدەستی خاڵی ئەگەرێنەوە ماڵی خۆیان.

شێخ مووس لەگەڵ هەندێ کورد دا ئەچێتە سوریا و دوو گوندی تازە ئاوا دەکاتەوە. گوندێکیان ناو ئەنێن (چێلەك) بەڵام گوندەکەی تر لەسەر خواستی شێخ مووس ناو ئەنێن (جەهەننەم) جەلادەت بەدرخان نووسیویەتی ئەڵێ:

سەیدا ـ مەبەستی جگەرخوێنە ـ بۆیە ـ جەهەننەمی پێ ووت چونکە خۆی خاوەنی نی یە، گەلێك کە خۆی سەربەخۆ نەبێ گوایە مەسکەنی ئەو گەلە جەهەننەم نی یە؟

ڕاستە گوند جەهەننەم بوو بەڵام لەناو ئەو جەهەننەمەدا شاعیر ئەڵێ چی؟

**دناڤ مەدا نەما بوون نە ئاغا نە کێخوە**
**عەلۆ، جەلۆ، کۆم ب ڤۆل، من تەڤ کرن وەکی خوە**

با گوند هەموو خویندەوار و پێش کەوتوو بن، رەنج خۆر لە ناویانا نەبێت هەموو وەك یەك بژین و برای یەك بن. ئەمە بوو خواستی شاعیر. ئەمە بوو ئارەزوو و مەبەستی ئەو.

شێخ مووس، هێشتا لاو بوو، لە لاوێتیی خۆیدا گەلێك ناڕەحەتیی دیتبوو، گوند و شاری کوردستانی ئێران و عیراق و تورکیا گەڕا بوو.

خاکەکەی خۆی لە بەر چاو بوو، دڵی بە دەردی نیشتمانەوە دەسووتا ئەو دەمە هەندێك لە ڕاستی گەیشت و شارەزابوو، زانی کە ناوی شێخ مووس ئیتر بۆشێخ مووس خۆی دەست نادات. هەر لە لەبەر ئەوە دەردی میللەت گڕی لە دڵی هەڵەستان، ناوی خۆی نا جگەرخۆین و بوو بە شاعیری میللەتی کوردی ئازادیخواز.

شێخ مووس پەیمان و بریاری دا، کە هەتا هەتایە پاسەوانی گەلە دلێرەکەی خۆی بێت. پاسەوانی ئازایی و بەختەوەری بێت. لە ڕاستیدا لەوەی ئەو دەیبینێ، دڵ و هەناوی بوو بوو بە خۆین. دەردی میللەت دڵی شاعیری لاوی کرد بوو بە کووری ئاگر.

شاعیر هێشتا لاو بوو، کاتێ لە کوردستانی تورکیا دا دیسان هەژاندنی میللەتی کورد بۆ ئازادی دەستی پێکرد. شێخ سەعید سەرکاری ئەو هەژاندنەی دەکرد. ڕاستە ئەو هەژاندنەش لە لایەن نەیارانی[1] گەلی کوردەوە بە زۆرەکی دامرکێندرایەوە. بەڵام ئەوە (زامێکی گەلێ گران و لە بیر نە چووی) لە بیری جگەرخۆیندا بەجێ هێشت. ئەو بە چاوی خۆی دیی، چۆن بێ بەختی[2] ڕەنج خۆری گەلی کورد، ئاغا و بەگ نەیاندە هێشت،فیداکاری گەلی کورد بگاتە مەرامی خۆی.

ئەو دەیبینی چۆن گەلی کوردی بێ سووچ و بێ گوناه لە لایەن زەوتکەری ڕۆمی یەوە سەر دەبڕراو بەدارا دەکرا. ئاگر بەردەدرا ماڵی و گوندی تەخت دەکرا. جگەرخۆین دیی چۆن کوردی بێ خاوەن و خۆدان بە دەستی زوڵمکاران ماڵ وێران دەبوون و لە ووڵات ڕایان دەکرد. ئەو دەیدی کە ئازاری دوژمن بەرامبەر بە کورد کاری نەدەکرد و گیانی شۆرشگێری ئەوی دەشکاند.

---

(١) نە یار. ناحەز، دوژمن. (ع. م)

(٢) بێ بەخت ـ لە کرمانجیدا، بە مانای ماڵ وێران و بۆ زەم بەکار دێت. (ع. م)

# شاعیری ناسراوی کــورد
# عوسمان سەبری
# دەربارەی جگـەرخـۆین دەنووسیّ

(ئەم کارانەی ناحەزان، گیانێکی نوێی لاوی بە سەیدای ئێمە ـ واتە جگەرخۆین ـ پەیدا کرد و ڕاپەڕاند. خۆشەویستیی کورد و کوردستانی خستە دڵی یەوە[1].

پێش تەواوکردنی خوێندن، جگەرخۆین بە فەقییەتی دەچێتە کوردستانی ئێران و عیراق. بە دەم گەلێك شتی ئەوتۆی لێ دەقەومی کە لە بیر نەچێتەوە. ئەمانەی کە دەیانبینیّ وەك چەپۆکێکی گران شوێنەواری لە دڵیا مایەوە. دیسان دەردی میللەت لە دڵی جگەرخۆێندا وەك پەڵە هەورێك ئەهات و ئەچوو. شاعیری نیشتمانپەروەر تەنیا دوا کەوتوویی میللەتی نە ئەدی. بەڵکو هەروەها ئەو ناکۆکی و ڕێك نەکەوتنەشی ئەدی، کە لە ناو تیرە و سەرەك هۆزەکانیشدا هەبوو. بۆیە جگەر خۆین پێشی هەمووان دەربەگ و کۆنەپەرستان گوناهبار ئەکات کە ئازاری گەلی کورد ئەدەن ود لەڕێی پێشکەوتنیا وەستاون. بیر لە بەرەو پێش چوونی ناکەنەوە. ڕەنج خۆری ئەو تۆ هەبووە کە ڕەنجی ئەو گەلەیان بەماڵی خۆیان خەرج کردوە.

---

(۱) Ceger xwîn, sewra azadî, diwana doda, sham, 1954 vûp. il

زیاد له مانه جگەر خۆین ، ڕەنج خۆر و دەربەگی بەوەش گوناهبار ئەکرد که ئەوانه دەستیان دابووه دەستی دوژمنی دەرەوەی گەل، دەستیان دابووه دەستی ناحەز و بوو بوونه چەك به دەستیانەوه ڕووبەڕووی میللەتەکەی خۆیان.

**عوسمان سەبری لەم بارەیەوه نووسیوی یه:**

غیرەتی سەیدا ئەوەی قوبوول نه ئەکرد کەلەناو ئەو جوغزەدا بمێنێتەوه، که کۆڕی بێ بەختی و بێ دەنگی بوو، هەڵسا و جبەو مێزەرەکەی لاداو وەك جوامێران قۆڵی خۆی لێ هەڵکرد و کەوته کۆڕی خەباتەوه، خەبات له پێناوی وولاتا.

# جەلادەت عالی بەدرخان
# لەم بارەیەوە دەنووسێ

(سەیدا ڕاست هۆشی خۆی دا بووە سەر میرو بەگ و ئاغا و شێخ، لەواندا دوژمنی سەخت و دوژواری بۆ خۆی دروست دەکرد. جارنا جێی لێ تەنگ دە بوو. بەڵام سەیدا، بێ پەروا شیری خۆی بە سەری ئەواندا دەوەشاند و ئاشکرا پێی دەوتن(من وا دەکەم بەم شیرە سەری ئێوە بپەڕێنم)

جگەرخۆین هاوڕێ یەتی هەموو خەڵکی ڕەنجبەر، هاوڕێ یەتیی هەموو مرۆڤی خەباتکەر، بەڕێزێکی زۆر بلند و گەورەیی و بەرزی دەزانێ. لە بەر ئەوە لە پارچە هۆنراوەی (بە کورتی ژینا من) دا دەنووسێ:

**پشتی عیلمێ خوێ پڕ بووم دوو دووێ قۆڵنگڤان**
**بووم هەڤاڵێ کۆم ب قۆل کۆڕێ پووتێ سەرمیان**

جگەر خۆین وەك شاعیرێك، شاعیرێکی دوژمنی ئیمپریالیزم و کۆڵۆنیالیزم و زۆرداری، هەموو کاتێ لای نەتەوەی کورد خۆشەویست بووە، چونکە هیچ کاتێ لە دوژمن نە ترساوە، هەموو جار لە ڕیزی خەباتی گەلدا شوێنی خۆی بەجێ هێشتووە. لە ڕێرەوی خەبات و ئیبداعدا جگەر خۆین لە لایەن حکوومەتی کۆنەپەرستی سووریا

و عیراقەوە[1] گەلێك جار گیراوە و خراوەتە زیندانەوە، بەڵام لەو بارەیەوە ئەوەی لە بەر دەستماندا بێت شیعرێکی ئەوە کە دەربارەی سی و سێ ڕۆژی ئەو دوایی یەی ناو زیندانی خۆی نووسیووەو دەڵێ:

**بیستی نیسانێ، شەڤەك تار و ڕەش، پڕ نە خوەش، نەخوەش**
**ژاندرمەهاتن، کەتن مالا مە وەك دزو کەلەش**
**ئەم دانە بەر خۆ برن زیندانێ، زیندانەکە تەنگ**
**دار ب دەستی وان، چەر و ڕووکرێت، چاڤ سۆر و پەڕەنگ**
**دابەرزین مە، بێ ترس و بێ پرس، هەمی وەکی شێر**
**سەر و لنگێن مە تە دخستن کەوچووك، لێدان ب دێر**
**ل سەر هەڤ دوژمن، ل سەر هەڤ لێدان، ل سەر هەڤ قامچی**
**جهێ مە پڕ تەنگ، ئەم پازدە هەڤال، بێ جێ و برچی**
**سەرێن مە بێمرێس، تەڤ زیپراندن سمێل و بروو**
**برن (کەهرەبێ) تەڤ پیر و زارۆك، تف دهاتە روو**
**دیتسا دەه مرۆڤ ب دار و قامچی، ب بۆکس ولێدان**
**ئەم گەڤزاندن دانە بەر لنگان ب تیر و هالان**
**ل سەر سەرێن مە تەڤ چوون و هاتن بزمار و پۆتین**
**هەتا هەتا خووە ژ سەر چاڤێن مە تەڤ خۆیدان و خوین**
**ئەم ژ هش د چوون تەنێ بی هشی، ب مە خووەش دهات،**
**تەنەکێن ئاڤێ بەری سەر مەدان، سالۆن بوو فەرات**
**دیسا شیاری، دیسا ئەو لێدان ئەو قامچی و دار**
**ئەم خڕ خڕاندن دسەر قادێرا ئەم کشاندن خار**
**کەتن سەر سەرێن مە ئەو هۆڤ و دین، گورێن دەڤ ب خوین**
**سەرێن مە ب خوین، دەستێن مە برن کنجێن مە چڕین**
**گەلەك ئەم تی بوون، گەلەك برچی بوون، نە نان و نەئاڤ**
**ددان ڕوویێن مە گۆتنێن کرێت، هەمی پووچ و خاڤ[1]**

---

(١) بۆ سووریە دیارە، بەڵام عیراق، ئەوا جگەر خۆین لە سەر دەمی فەقێ یەتیدا لە بالیسان بووە و لە ساڵی ١٩٥٨ تا ١٩٦١ یش لە عیراق بووە. (ع.م)

جگەر خۆین یەکە یەکە دیمەنی حاڵی ئەو گیراوانە پیشان دەدات، کە لەسەر مەسەلەی سیاسەت گیرا بوون، هەروەك جنێوەکانی جەندرمەش دەگێڕێتەوە، کە لە جنێوانەوە دەردەکەوێ کە ئەوانە بۆچ گیراون.

**بــۆ هــەڤ دگـــۆتـن، ئـــەڤـــن... دژمـــنـــێ وەڵات**
**تف کن ڕووێن وان، ڤان ڕووێن کرێت، پرس و بێ خەلات**

ڕاستە، جگەر خۆین گەلێك جار لە زیندانا هەڵواسراوە، بەڵام ئەو هیچ جارێك پەشیمان نەبۆتەوە و هیچ جارێك لەوە شەرمی نەکردووە کە (تێکۆشەرو پێشکەوتنخوازە)، بەڵکو بە مە سەربەرزە، چونکە (هەر ئەوان) ئامادەن ژیانی خۆیان بۆ ئازادیی گەل ببەخشن، چونکە سەر کاریی گەل لە پێناوی سەر بەستیدا بەرامبەر بە ڕەنج خۆر و ئیمپریالیست و وێنەی خەباتکاریی خۆیان پیشان ئەدەن. شاعیر خەباتکاریی گەل لە پێناوی سەربەستیدا بەرامبەر بە (ئاگری بورکان) دادەنێ، ئەوەی بە (تف و جینۆ) ناکوژێتەوە. هەروەك قارەمانانی گەل بەدار و قامچی دانامرکنرێنەوە.

**ئەڤ دار و لێدان وەك نەفت و بێنزین بەردای سەر ئاگر**
**ئـــاگـــر ب بێـنـــزیـن نـایـێ مـرانـدن بێتـر دبە گۆر**

جگەرخۆین دەنووسێ. کە شوان و گاوان، جووتیار و پاڵە، ئیتر هوشیار بوونەتەوەو جێی ئەو ڕەنج خۆرا نەکە ئەمان بۆ دوژمنانی گەلیان هەڵکەندووە، هەر چاڵە.

شاعیر لە کۆتایی هۆنراوەکەیدا هاوار دەکات کە گەلانی ڕۆژهەلات هەموو دەستی خۆیان بدەنە دەستی یەك و لە پێناوی ئازادیدا هەستنە سەر پێ.

---

(١) جگەر خۆین، سەورا ئازادی، دیوانا دوودا، شام، ١٩٥٤، ل ١٢٢ تێ بینی: نووسەر لە ژێر ئەم پەراوێزەدا باسێکی ئەو تیپە لاتینی یانە دەکات کە دیوانی یەکەم و دووەمی جگەر خۆینی پێ نووسراوە و بەراوردێکی بچووکی دەکات، (بەتایبەتی هەندێ تیپی)، لەگەڵ نووسینی تری لاتینی کوردیدا، لە گەڵ ئەو تیپە سلاڤی یانەی ئێستا کوردەکانی سۆڤێت کوردیی پێ دەنووسن. (ع. م)

جگەر خوێن گەلێك جار لە بەندیخانەدا ئەشكەنجە و سزادراوە، بەڵام لە بەندیخانەوە هەر بە ڤاڵ بوویی هاتۆتە دەرەوە. ئەو هیچ كاتێك لە نیوەڕێی خەباتدا نەوەستاوە و گیانی نەسڵەمیوەتەوە.

ئەوەتا عوسمان سەبریی شاعیر،ساڵی ١٩٥٤ دەربارەی جگەر خوێن دەنووسێ: ئەوە بۆتە ٢٣ ساڵ كە مامۆستا جگەرخوێن دەناسم. لەم ناسینە درێژەدا من دوو مەزنی چاك لە سەیدا دا دەبینم كە شایانی باس كردنن.

یەكەم: جگەرخوێن دەردی میللەتی خۆی باش ناسیوە بەڵی گەلی كورد لە میرو پاشا بەگ و ئاغا و (شێخ و مەلا) دا دەبینێ، بێگۆمان سەیدا لەم بینینەدا هەڵەنی یە. چونكە لە هەزارەها ساڵدا كە ئەمانە سەركردەو رابەری ئەم میللەتە بوون. لە جێی گیان و ماڵ و وڵاتی خۆیان بپاراستایە. چاویان لە خواردنی ماڵی ئەوان بوو و ئەوانیان بە دیل و بندەست و وڵاتیان لە بەر دەستی نەیاردا بەردا. لە جێی ئەوەی كە ئەوانیان بخستایە بەر خوێندن، زانا و فێر و زیرەكیان بكردنایە، تێكڕا نەزان و بێ ڕامان و بێ ئامانج هێشتیاننەوە. لە جێی ئەوەی یەكێتی یان لە ناو میللەتدا پەیدا بكردایە، ڕق و بەربەرەكانیان خستە ناو كوردان و هەموویان كردنە نەیاری یەكتری. ئابەم جۆرە ئەوان و وڵاتی ئەوانیان خستە بندەستی نەیارا. تەنیا دەتوانین كە بیرێكی باش لە سەر ئەم كەسانە بدەینە خوێندەڤان[1] شێخ و مەلا بانگی خۆیان لە مردووان دەكرد، میر و پاشا، بەگ و ئاغاش بانگیان لە نەیاری میللەت و وڵات و كۆیلە دار دەكرد.

لەبەر ئەوە جگەرخوێن بە دلۆڤانی[2] كەم و كاسی ئەوان دەردەخا و میللەت لە فڕو فێڵ و بێ بەختی و دڵ ڕەشی یان ئاگادار دەكا. من لەو باوەڕەدام كە سەیدای جگەرخوێن لە چاوكردنەوەی كوردی سووریە و خوارووی توركیا دا شوێن دەستێكی مەزن و هێژای بەجێ هێشتووە.

---

(١) خوێندەڤان، خوێندەوار. قارئ. (ع. م)

(٢) دلۆڤان

دووەم: جگەرخوێن لە کوردایەتیی خۆیدا ڕاست و دروستە. ئەو ئەوەندە ڕاست و دروستە کە لە ڕێی وولات و هاو وولاتیی خۆیدا سنگی خۆی ب ئازار و دەربەدەری کردۆتەوە و بەبینینی من ئەمە هۆی دووا کۆچ و فیداکاری یە.

زیاد لە مەش، لە ڕۆژانی تەنگی و بێ دەرەتانیشدا، دلگەش و بەر چاو فراوانی لە جگەر خوێن دوور نە کەوتۆتەوە. ڕۆژێك من بە دلتەنگی و بە نا ئومێدی و بێ هیوا نەمدی، لە دەمی لێ قەوماندا، لە گەلٚ بێ دەرەتانیی خۆشیدا هەمیشە هەر دەستی ئاریکاری بۆ هەڤالٚ و هۆگری خۆی درێژ کردوە. لە مەودا سەیدای ئێمە لە ڕێی وولات و وولاتپەرستیی خۆیدا گەلێك ماندوویی و ئازار و ڕەنج و زۆر و بەندی و ناهەقیی دی. ئەمرۆ ئەبینم سەیدا بە هەنگاوی لاوانەوە و جوامێرانە رەروەو ئامانجی خۆی ئەچێ. بە ناوی هەڤالێیەوە پیرۆزبایی لێ ئەکەم و هیوای بەرەو پێش چوونێکی باشیم هەیە[1]. ناوی جگەرخوێن لە هەموو کوردستانا دیارە، هەموو وەك شاعیرێکی نیشتمانپەروەر و خەباتکار دەنیاسن. شاعیرێکی ئەو تۆ کەسەری خۆی لە پێناوی ئازادیی وولات دا و بۆ بەختیاریی ئەو داناوە. هۆنراوەی جگەرخوێن دلی مرۆڤ بە خۆشەویستی و عاشقیی وولات ئاو ئەدا.

لە کوردستاندا ئەوەی لە گەلٚ گوندی و خەباتکاراندا بەسەربەستی قسە بکات و باسی ئازادیی کوردستان بۆ ئەوان بکات، بە دلنیایی بە هەڤالی جگەر خوێنی دەزانن و بە دلێکی پاکەوە لە گەلی دەدوێن.

بەشیر حەسەن کە بوو بوو بە مەلای گوندێك، لە مندالی یەوە ئارەزووی وابوو ببێت بە مەلایەکی باش بەو ئاواتە دەستی دابوە خوێندن. بەلام هەموو پاش نوێژێك، باسی ئازادیی کورد و وولاتی دەکرد. جارێك بە خەلکی گوندی ووت: ئەی گەلی کوردی خۆشەویست ئەرێ ئێوە نابینن کە کورد هەموو بێچارە و هەژارن. هەموو وان بەدەست ناکەسەوەن. ئەهلی جەماعەت ووتیان:

(دەی! ئێمە چی بکەین مامۆستای بەرێز) مەلا بەشیر حەسەن ئەو ڕێگەیەکی نیشان دان کە بۆ ئازادی نیشتمان بە سوودە، ئەویش ئەوەیە کە یەکتریان خۆش بوویت و ببن بە هاوەلی کوردی زانا، وولاتی خۆیان خۆش بدێت و بەرامبەر بە هەموو

---

(١) بڕوانە ئەو کتێبە لابەرە ٢ ـ٤.

دوژمنانی بکەونە خەباتەوە. جەماعەتی حازر بە بەشیر حەسەنیان ووت: خوا ئەزانێ ماموٚستا، بیری توٚش چوٚتە سەر بیری جگەر خوٚین. هەمووش ئەیانووت، توٚ لە رێی مەلایەتی خوٚت دەر چوویی. شێخ و مەلا لە عامووده زوٚرن، ئەوەی ئێمە لە شێخی عاموودەی ئەبینین ئەوەیە کە ئەڵێ: (کوردینە هاوەڵی جگەر خوٚین مەکەن و بە دوایا مەچن و گوٚڤاری لاتینی مە خوێننەوە[1]) ساڵی ١٩٤٥ لە شاری شام چاپخانەی تەرەقی دیوانی یەکەمی جگەر خوٚینی بلاٚوکردەوە. چاپ کردنی ئەم دیوانە شایی یەکی مەزنی لەناو خوێندەوارانی کوردا سازدا.

خویندەواران دەمێك بوو بە هیوای ئەم دیوانە بوون. چونکە ئەو هوٚنراوانەی جگەر خوٚین کەتا ئەو کاتە بلاٚو بوو بوونەوە هەمووی دەربارەی باری ژیانی گەل و دەربارەی دوا ڕوٚژ و سبینێی بوون. چاپ و بلاٚوبوونەوەی دیوانی جگەر خوٚین بوٚ گەلی کورد، بوٚ لاوانی نیشتمانپەروەری هێژا مزگێنی بوو. گوٚڤاری (ڕوناهی) لە ژمارەی ٢٨ی خوٚیدا، کە لە ساڵی ١٩٤٥ دا بلاٚوبوٚتەوە. ئەم ووشانەی بوٚ خوێندەوارانی خوٚی نووسیوە.

مزگێن ـ دیوانی جگەر خوٚین کەوتە ژێر چاپەوە. کتێبخانەی (هاوار) لەم دواییەدا دیوانی شاعیری میللی مان سەیدای جگەر خوٚینی خستە ژێر چاپەوەو هەرچەندە چاپەکەش بوٚ خوٚی ڕووی چاپکەران سپی نەکات، بەلاٚم دیوانەکە خوٚی ڕووی میللەتی کورد سپی و یەری وی بلٚند ئەکات[2] .

دیوانی یەکەمی جگەر خوٚین ١٦٤ لاپەڕە بوو، نزیکەی ١٧٠ شیعری شاعیری بەناو و دەنگی تیا بلاٚوکرابوونەوە. جگەر خوٚین هوٚنراوەکانی خوٚی دابەش کردبوو بە پێنج بەشەوە. بەشی ووڵات و میللەت پارێزی، مارش و خوٚش خوان، نامەو ڕەشبەڵەك، (کە دیارە ڕەشبەلەکیش بە کرمانجی چوونکە لاپەڕەیەکی ڕەش و سپی یە، هەر نامەیا

(١) لە ژمارەی حەڤدەی (١٧) گوٚڤاری روناهی ـ یەوە وەرگیراوە کەلە ساڵی **١٩٤٣** دا لە شام دەرچووە، (دیارە مەبەستیش بە گوٚڤاری لاتینی، گوٚڤاری ڕوناهی و ڕوٚژی نویٚ هاوار و ستێرە کە لە سەردەمی جەنگی دووەمی جیهانیدا لە شام و بیروت بە کوردی دەر ئەچوون. خوێندەوارەکانی ئەو سەردەمەی کوردی ئەو ناوچەیە تیایا بەشدار ئەبوون. چونکە ئەو گوٚڤارانە بە تیپی لاتینی چاپ ئەکران، لە زوٚر لاوە، چ لەزانینەوەو چ لەنەزانینەوە بەربەرەکانی ئەکران چونکە ئەوانەی لە رێزی کوٚنەپەرستانا وەستا بوون و کوٚسپ بوون لەبەر دەمی بەرەو پێش چوونی کەلچەر (واتە ثقافة) ی کورد دا نەیان ئەویست، کوردی بەلاتینی بنووسریٚ، کە لە ڕاستی یا تیپەکانی پڕ بە پێستی زمانی کوردین. (ع. م)

(٢) گوٚڤاری (ڕوٚناهی) ژمارە ٨، شام، ل ٢.

کاغەزی نووسراو ئەگەیێنی(ع))، بەشی چوارەم بەشی فەلسەفی یە و پاشان شیعری ئەڤین ـ واتە دڵداری و عەشق.

لەم پێنج بەشە هەموویدا سیفەتی جگەر خۆین، وەك شاعیرێکی پێشکەوتوو، وەك شاعیرێك کە دوور و قووڵ بیر ئەکاتەوە، دەر ئەکەوێ، ئەم شیعرانە ئەو ڕێگەیەیان نیشان ئەدەن کە جگەر خۆین پێدا ئەڕوات.

شیعری بەشی یەکەم (ئاگر و بریسکی دڵ و دیوانی جگەر خۆین*، گەلێ شت دەربارەی ڕاست لە خواست و مەرامی شاعیر گەیشتن بە خۆینەران ئەڵێن:

**ئــاگــــر تــەڤ ئــاگـــرە، دووری هــەڕن دژوارە**
**نە ئاگری ئیساڵە، لێ ئاگری سەد ساڵی کەڤنارە**

شاعیری بەناو و دەنگی کورد قەدری جان لە پێشەکیی دیوانی جگەرخۆیندا نرخێکی زۆر بڵند ئەدا بەو کتێبە بەرزەی یەکەم جاری شاعیر و ئەنووسێ، کەلە زووەوە دیوانی مەلای جەزیری و ئەحمەدی خانی لە ناودا کەم بو ـ ون، دۆستانی ئەدەبیاتی کورد لە دیوانێکی وا ئەگەڕان، بەڵام دیوانەکانی ئەوانیان دەست نە ئەکەوت، لە ناکاو دیوانی یەکەمی جگەر خۆین کەوتە مەیدانەوە. ئەو خوێندەوارەی ئەو دیوانەی دەست کەوت خویندەواریی و دڵیی پێ گەشابەوە. قەدری جان لە سەرەتاکەیدا نووسیویە: (من باوەڕم وایە، کە دیوانی جگەر خۆین ئەو جێگەیە پڕ ئەکاتەوە کە نەبوونی مەم و زین و دیوانی جەزیری واڵای کردبوو. خوێندەوارانی خۆشەویست لەوێدا زمان و گیانی بە تینی جەنابی خانی و نەزمی و ئاهەنگداریی دیوانی جەزیری ئەبینن.

جگەر خۆین، ووشەی پڕ لە بەیانی نەخستۆتە ناو شیعرەکانی یەوە، بەڵکو بەزمانێکی سادەو ڕەوان نووسیوی یە.

نرخی گەورەی شیعرەکانی ئەوەیە کە بە گیانێکی تازەوە چۆتە سەر بیری‌کۆن و بە زمانێکی شیرین و میللی داڕێژراون و جوانیان دەرکەوتووتە[1] ساڵی ١٩٥٤، نۆ ساڵ پاش

(١) جگەر خۆین. دیوانی یەکەم. شام، ١٩٤٥. ل ١٠.

بڵاو بوونەوەی دیوانی یەکەمی جگەرخۆین، دیسان هەر لە شاری شام، دیوانی دووەمی جگەر خۆین بڵاوبۆوە ئەم دیوانە لە هەمبەر و بەرامبەری دیوانی یەکەما پێشکەوتنێکی زۆری تیا ئەبێنرێ. ئەم پێش کەوتنە لە ژمارەی لاپەڕەدا نی یە، بەڵکو لەو باسانەشدایە کەشتیان لە سەر نووسراوە و لە وەستایی نووسەرکەیدایە.

پاش بڵاو بوونەوەی دیوانی یەکەم، لە جیهاندا گەلێك شتی گەورە قەوما و گەلێك شت لە ژیاندا گۆر ـ را، یەکیتی سۆڤێت سەرکەوتووانە لە جەنگی دووەمی جیهان ڕزگار بوو، ئەڵەمانیای فاشستی لە لانەکەی خۆیدا هونجڕ کرا. یەك لە دوای یەك لە ئەوروپای ڕۆژژ هەڵات، گەلان دەوڵەتی سەربەست و دیموکراتی خۆیان سازکرد.

لە وولاتانی ئاسیا و ئەفریقیا و ئەمەریکای لاتینی، خەباتی گەلانی جاران بن دەستی، ئیمپریالیستان، کەوتە سەر ڕێگەی تازە. خەباتی ئەم گەلانە بەرامبەر بە ئیمپریالیزم و کۆلۆنیالیزم نرخێکی تازەی پەیدا کرد.

لە کوردستانی ئێران و عیراقدا گەلێك ڕووداوی مەزن قەومان. پاش تەواو بوونی شەری جیهانیی دووەم ساڵی ١٩٤٦ لە کوردستانی ئێراندا کۆماری دیموکراتیی کوردستان سازدرا، بەڵام حکوومەتی کۆنە پەرستی ئێرانیی زەوتکەر، بە هێزی سوپا سەربەستیی لە کورد سەندەوە و سەرکارەکانی ئەو حکوومەتەی کوردی بەداراکرد. لە کوردستانی عیراقیشدا هەر لەو سەردەمەدا میللەتی کورد بۆ سەندنی ئازادیی خۆی بەرامبەر بە حکوومەتی خۆینخوازی نووری سەعید هەستا.

هەڵبەتە، ئەم ڕووداوە مەزنانە نەیانئەتوانی کە کارنەکەنە سەر بیری جگەر خۆین. ئەوەیە کە دیوانەکەی ساڵی ١٩٥٤ ی جگەر خۆینی کردووە بە ئاوێنەی بەرەو پێش چوونی شاعیری بەناو و دەنگ.

دیوانی دووەمی شاعیر، ٢١١ لاپەرەیە ئەمیش کراوە بە سێ بەشەوە، بەشی نیشتمانی، و بەشی تەبایی (کە مەبەستی هۆنراوەی کۆمەلایەتی یە) (ع) بەشی ئەڤین (کە دیسان عەشق و دڵداری یە(ع)) لە ناو ئەم سێ بەشەدا خوێنەر گەلێك هۆنراوەی نیشتمانپەروەری و خەباتکاری و خۆشەویستی و حەز لێکردن ئەبینێ، کە بەرەو پێش چوونی شاعیر نیشان ئەدەن و ئەم ڕاستی یە یان تیا ئەخوێنیتەوە.

**له سەرەتای دیوانی دووەمدا عوسمان سەبری نووسیوی یە:**

هەرچی ئەم دیوانەیە، لە دیوانی پێشووی سەیدا خۆشتر و هێزا تر دەرچووە لە دیوانی پێشوودا سەیدا ئەوەندە بە هێز و ئەوەندە لە ئامانجی خۆیدا دوور بین نەبووە. بەڵام ئەم دیوانە دەربارەی ئامانجەکانی نووسراوە و ڕوو و دیمەنی خۆیی باش تێدا دیارن[1].

ڕاستە دەرهەق خەباتی شۆرشگێڕانەی جگەرخۆین کەرەسەی کەممان لە بەر دەستایە بەڵام ئەو شیعرانەی ئەو کە پێشکەشی خەباتکارانی کۆڕی سیاسەتی ناو گەلی کورد کراوە زۆرن.

ئەو شیعرانە تەنها بەیەکەوە گرێ دان و پێکەوە بەستنی شاعیر بەو مرۆڤانەوە نیشان نەدات، بەڵکو پێکەوە گرێ دان و پێکەوە بەستنی جگەر خۆینیش نیشان ئەدات.

لەگەڵ ئەو گۆڤار و رۆژنامە جیا جیانەدا کە لە کودستانی عیراق و سوریا دا بڵاوئەبوونەوە. پێکەوە گرێ دانی جگەر خۆین نیشان ئەدات لە گەڵ گۆڤاری (دەنگی گێتیی تازە) و (گەلاویژ) و (ستێر) و (رۆژی نۆ) و (رۆناهی) و (هاوار) ی مانگیدا.

بریاری گۆڤاری (هاوار) دەربارەی بەرەو پێش چوون و هەست بە خۆکردنی جگەر خۆین شتێکی زۆر گەورە بوو. هەر لە سەر دەمی لاوێتیی خۆیدا پەیوەندی لە گەڵ هاواردا هەبوو و ئەو گۆڤارەی خۆەش ئەویست.

شاعیر گۆڤاری (هاواری) بە گولستانی زاری کوردی ئەناسی و هۆنراوەیەکی خۆی پێشکەش هاوار کرد:

(١) جگەر خۆین سەورا ئازادی، دیوانی دووەم، شام، **١٩٥٤** ل ٤ (تێ بینی) ئەم ووتانەی دوکتۆر ئوردیخانی جەلیل و ئەو چەند ووشەیەی سەرەتای دیوانی دووەمی جگەر خۆین و ئەم بەراورد کردنە هەمووی لە رووی مێژووی ئەدەب و لێکۆڵینەوەی شیعری جگەر خۆین خۆیەوە بە دووبریار دانانرێ. بەڵکو توانای بەر پەرچی دانەوەی ئەم ڕایە هەیە.(ع. م. ر)

هەزار جاری پێرۆز بکەن ئەڤ هەوار
گەلەك خوب و ڕندە، وەکی گوڵزار
گولستانێ زارێ مەیە پڕ جوان
پەسەندیدە کۆ من بەرێ وێ دخوار
چ مێوەك شیرینە، بەرێ وێ ڕها
ژ بۆ بلبلێ دلنەخوەش بووە بهار
هەزار بلبلێن دڵشەوت و ب خۆین
دناڤ باخچەیێ وێ دکن ئاه و زار
هەزار ئاه و زاران دکەن لێ ئەزم
ژوان بلبلان ێ جگەر خۆین و ژار
هەوار پڕ جوانە، کە چەنووگەها
گەلەك دیلبەر و نازك و نازدار
ژ بستانەکی بەر خوەشی و زووگەها
هەمی سێڤ و خۆخ و بهۆك و هەنار
لە بەر وێ هەیە بەخچەڤانێك مەزن
شاهنشاه و پاشایی ئەو خویندەکار
سەر فراز و جۆمەردە ئەو باخچەڤان
دی هەر کەس وی بەرێ ئابدار
قەلەن کێم و ئەرزانە پێسەد فرووش
بخوازن ژ عالی جەلادەت ب غاز(١)

لە پاڵ ئەم هۆنراوەیەشدا، جگەر خۆین دوو هۆنراوەی تریشی پێشکەش خاوەن و کرپارانی گۆڤاری (هاوار) کردووە، (ژ خودێی (هەوار) ێرا) (ژ کرپارێن هاوار) وێرا.

(١) جگەر خۆین، دیوانی یەکەم، شام ، ١٩٤٥ ل ٨٥.

دۆستایەتیی خەباتی سیاسی زیاد لە هەموو یەکێتی یەکی بیروڕا خواست و مەرامی ئەو دۆستانە بەتین ئەکات. دۆستایەتیی جگەر حۆین لەگەڵ عوسمان سەبری و قەدری جان و حەسەن هوشیار و حسین ئەمینا[1] بەو چەشنە هاتۆتە ڕێزی پێشەوە، چونکە هەموو ئەمانە خواستی ئازادی گەلی کوردیان لە بەر چاو بوو.

چۆن عوسمان سەبری، هەروا قەدری جانیش شاعیری دیاری کوردن، ئەوانیش وەك جگەر خۆین لە پێناوی خەباتی خۆیاندا لە لایەن حکوومەتی سوریا وە تووشی گرتن و ئازار دان بوو ـ ون و لە ووڵاتی خۆیان دەرکراون و دەربەدەر بوو ـ ون. بەڵام گوێ یان نەداوەتە ئەم ناخۆشی و تەنگی یە. هەموو پیاوانە بەرامبەر زۆرداری و ناهەقی جەنگاون و بەو خەباتەی خۆیان. بزانین جگەر خۆین دەربارەی عوسمان سەبری چی ئەنووسێ.

ئــــەرێ ئــۆســمــانۆ تــە ئاگردا دلێ من
تــەیر کـر دەردو ئێش و هەم کۆڵێ من
تەدا دەستێ مە جارەك دەستێ روستەم
تــە زەنــــارو کــــەمــــەر دانــــە ملێ من
مـــەخابن کۆ تۆ چوویی ئەز تەنێ مام
لــە ســەر تـــە هەر دنالم، بلبلێ من[2]

---

(١) ڕەنگە لەو پارچە هۆنراوە بەلاوە کە لە ژمارە ٢٤ی ڕوناهی دا لە ساڵی ١٩٤٤ لە شام بڵاو کراوەتەوە، شتێکی تر بەناوی حسین ئەمینەوە نەبێ، بە تێکڕایی ئەم ناوە لە ڕیزی نووسەر و شاعیران و نیشتمانپەروەرانی کوردی سوریا دا بەناوبانگ تییە. بەڵام بۆچ دوکتۆر ئوردیخان خستوویەتی یە ڕیزی ئەو ناوە ناسراوانەوە؟ لێرەدا جارێکی تر دەکەومەوە پەراوێز لێدان و دەڵێم: ئەمە ڕووداوێکی سەبری جیهانی کورد ناسی و ڕۆژ هەڵاتناسیی دەرەوە مان بۆ دەرئەخات کە هەندێ جار هەندێ نووسەر و زانای کوردیش لە دەرەوەی ووڵاتا ئەخاتە بارێکی سەیرەوە. ئەویش ئەوەیە کە چاپەمەنیی ئێمە بەرێکو پێکی ناگاتە دەرەوە، ئیتر هەر ڕۆژ هەڵاتناسەو هەر کوردی دەرەوەیە بەدوا دوو دێر چاپی کوردی دا ئەگەڕێ، جاگەر بەرێکەوت دیوانی شاعیرێکی لاویان دەست کەوێت، یا ناوی نیمچە شاعیرێك ببیستن ئەوە ئەو ناوە
ئەچێتە ناو ناوانی ئەوێوە و جاروباریش ناوی زۆر پێش شاعیرانی گەورەی خۆمان ئەکەوێت. (ع. م. ر).

(٢) بڕوانە ئەوکتێبە، ل ٩٨.

زۆر کەس جگەر خۆینیان خۆش ویستووە، لەوانە حەسەن هوشیار بوو (کە ئەودەمە) گەنجێکی بەتین و ئاگاوووڵاتپەروەر بووە.

حەسەن هوشیار گەلێك ووتاری نیشتمان پەروەری لە ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردی یەکانا بڵاو کردۆتەوە. ئەویش لە پێناوی گەلدا لە ئیش و لە ووڵات دوور ئەخرێتەوە. ئەوەتە جگەر خۆین بۆ ئەویش ئەکەوێتە گریان.

**ئـەی حـەسـەن، یـەزدان دزانـێ دووری یاتـە دلْ مـەپـات**
**بـێ ژمـارە دەردو خـەمـان شـین کرد د دلْدا تەرهو کات**
**ژان و کـولْ گـوْلـێن مـەزن بـەردانە سـەر جـوْبارێ دل**
**کـانـیـا ئـێـش و خـەممـان ئیـرۆ ددلْـدا بـوون فـەرات**
**ئـەی حـەسـەن! دژوارە ئـەڤ ڕێـچـا کـو ئـەم تێرا دچن**
**ئـەم ب دیـلـی و نـەزانـی ڤـرد خـوازن تا خـەلات**
**بـێ نـڤیـسین و نـڤـشت و خـوێـندنـێ چـۆن ئـەم دژیـن**
**سـەرخـۆ بـوون تـێ گرتی یە بێ کۆمەلْ و جەنگ و جڤات**
**ئەی حەسەن! هشیاری، لاکین وەك جگەر خۆین دلْ ب کولْ**
**هـەربـژیـن خورتێن کو نۆهـ تێن، ئەو فیدا کارێ ووڵات**[1]

ساڵی ١٩٤٤ جگەرخۆین ماوەیەك بێ کار بوو، هۆنراوەکانی کەم لە ڕۆژنامە و گۆڤاردا چاپ دەکرد. دەنگی شاعیر لە ناو خەڵکدا کەم ئەبیسرا، نیشتمانپەروەرێکی گەنج حسین ئەمین، لەو ڕۆژانەدا لە گۆڤاری (ڕوناهی) دا هۆنراوێکی خۆی بە سەرجەمی جگەر خۆین بڵاوکردەوە.

لەو هۆنراوەی حسین ئەمیندا وەك خۆی ئەڵێ تەنیا خۆشەویستیی خۆی نابینرێ، بەڵکو خۆشەویستیی هەموو گەلی کورد ئەبینرێ بەرامبەر بە جگەر خۆین.

---

(١) بڕوانە ئەو کتێبە، ل ٩٥.

**جگەر خۆین تۆ پڕ خویندایی، ژ روتبا عالمایی**
**جگەر خۆین کر وەتەنپارێز، تۆ شاعیرێ کوردایی**
**ب شیعرێن خۆ تە هوشیار کر گەلێك خورتێ د ڕازایی**
**ب غیرەت و هیمەتاتە، هن ژی بوونە فەدایی**

★ ★ ★

**تو شاعیرێکی پڕ هێژایی قیمەتاتە تۆنەك زێر**
**تۆ لایقی ل ئۆغراتە خوین برێژن هەزار مێر**
**چ بکنە ئیرۆ، مایی بێدەنگ، ئیدی مەژتە نەما خێر**
**چ قەومی ژ ستالا تەڤدا مانە سەر بەر ژێر**

★ ★ ★

**ژناڤ مەللا تۆ ڕابوویی، ئەولێ شاشك تە ڤەتاند**
**بەشهێرێن خۆە ئەشقاملی، مەقامێ پاش تەستاند**
**شوهرەتا خوەل عموومێ، کوردستانی تە گەڕاند**
**سەد مخابن و حەیف ئیرۆ، تە دەنگی خۆە ڤەمراند**

★ ★ ★

**تەدین بەردا ژ ئەشقا خویی ملی تە تەرکدا**
**ژ بەر گۆتن و گالێ و گالی شیخ و مەلا تەرك دا**
**پشتی ڤینا ب خەباتا ژ ژبۆ کوردا تە شەوق دا**
**ئەز دترسم ئەڤ ژی بەردا، ڤێ ژ مڕا مەراق دا**

★ ★ ★

**سەر هەلێنە ئەی جگەر خۆین. خەو ب کاری تەنایێ**
**ڕابە سەخور، ڤیرابدە دەرکەڤە ژ تەنهایێ**
**ئیرشاد بکە ل ناڤ کوردا، سەر کێشا بوونە ڕایی**
**مالایقە خەلك ببێژن جگەر خۆین چوو فەنایی**[1]

★ ★ ★

---

(١) گۆڤاری (ڕوناهی) ژمارە، ٢٤، شام، ١٩٤٤ ل ٢.

**تێبینی:** دیارە ئەم پارچەیە نە گەیشتوەتە ڕادەیەکی شایان، بەلام هەر هەستی شاعیرێکی لاوی کەم نووس پیشان ئەدات بەرامبەر بە شاعیرێکی ناسراو، ئەمەش لە خۆیدا جۆرێکی تایبەتی یە لە شیعری کوردی. (ع. م. ر).

له پاڵ هەردوو دیوانەکەی ساڵی ١٩٤٥ و ساڵی ١٩٥٤ دا، جگەر خۆین هەر لە نووسینی خۆی (چیرۆکی جیم و گۆل پەری) ی لە ساڵی ١٩٤٧ دا چیرۆکی (رەشۆیێ داری) ساڵی ١٩٥٦ و (گوتنا پێشی یا) ی ساڵی١٩٥٨ دا بە کتێبێ جیا جیا بڵاوکردۆتەوە.

ساڵی ١٩٥٨، کاتێ چواردەی تەموز لە عیراقدا تەخت و تاجی نوری سەعیدی کۆنە پەرستی وەرگەڕاند، جگەر خۆین هاتە بەغدا. پاش شۆرشی (١٤)ی تەموز شاعیری بەناو دەنگ زۆر بە دڵ خۆشی و کەیفەوە لە زانستگای بەغدادا دەست بە دەرس ووتنەوە ئەکات. دەرسی زمان و ئەدەبیاتی کوردی بە دەستەی قوتابیانی کورد ئەڵێت. لە ساڵی ١٩٦١ دا وەزارەتی پەروەردەی عیراقی کتێبی (ئاواو دەستورا زمانی کوردی) ی جگەر خۆین بە تیپی عەرەبی بە زمانی کوردی بڵاو ئەکاتەوە[١] .

شاعیری نیشتمانپەروەر لە عێراق ، ماوەی کۆنەپەرستان گەلێك ناخۆشی ئەچێت، بەڵام دیسانەوە بێ ترس تێ دەکۆشێ. جگەر خۆین ئێستا لە گەل هەموو میللەتی خۆیدا دەستێکی بەتفەنگەوە و دەستێکی بە قەڵەمەوە بەرامبەر بە زۆرداری لە پێناوی ڕۆژی گەشی دووا ڕۆژدا لە جەنگدایە[٢] .

---

(١) هەروەها جگەر خۆین لە عێراق فەرهەنگێکیشی بڵاوکردۆتەوە و پاش لە عێراق نەمانی چەند کۆمەڵە شیعری بڵاو کردۆتەوە. (ع. م. ر)

(٢) ئەم دێڕانە ساڵی ١٩٧٧ چاپکراون.

# هۆنراوەکانی باژێرڤانیی جگەرخوێن[1]

لە هەموو نیشتماندا ناوی سەرفرازی و هونەری جگەر خوێن باسێکی مەزن و سەرەیە. نیشتمانیش لای شاعیر لە ڕووناکیی چاو شیرینترە.

شاعیری بەناو و دەنگ کوردستان باش شارەزایە. ئاگاداری سروشتی یەتی. بان و دەشتی گەڕاوە، بەچەم و کەند و ئاوی کەوسەری شاد بووە.

ڕاستە کوردستان وەك جێگە، وەك خاك هەیە، بەڵام کوردستان کوردستانی کوردان نی یە[2]، خەڵك لە وێ خاوەنی بوونی خۆی نی یە. خاوەنی خاکی خۆی نی یە، لە بەر ئەوەیە شاعیر تەواو نووسیوی یە کەڕاستە وڵاتی کورد ناوی کوردی پێوەیە. بەڵام لە وێدا بێ جێ یە.

جگەر خوێن تەنیا چیا و بان و مێرگ وکانیی کوردستانی ڕەنگینی لە بەر چاوە و بیر لەوە ئەکاتەوە. وڵاتی کورد، ئەو بووکە جاهێڵە، سەر ڕەنگینە، هەر کەس ببینێ حەیرانی ئەبی. بە ووتنی شاعیر (کوردستان تاجی سەری سەلاحەدینی کوردە).

دیمەنی ڕۆژە لە (بورجی ئاسمانا) جووتە برۆی وەك کەوانی ڕۆستەمی زاڵن، جووتە زوڵفی تیری ڤارەمانێتی یە، ڕووی ئاگری ناو بوستانە، جووتە چاوی ئەو بووکە جوان و بەوەوە وەك هەر دوو داری هۆفرنی یە، جووتە لێوی شیرینی وەك دیوانی شیعری

---

(١) ئەم سەرناوە، هەروەك ناوی کتێبەکەیە، هەروەها کراوە بە سەر ناو بۆ ئەم فەسڵەی کتێبەکەش، لێرەدا دەتوانین باژێرڤانی بە شارستانی لێك دەینەوە. (ع. م)

(٢) دیارە ئەمە لە دەم جگەر خوێنی لە دایك بووی تورکیا و ژیاوی سوریاوە دەوترێت. (ع. م)

شاعیری نەمری گەلی کورد حاجی قادرن، بەڵام زمانەکەی وەك بەندێکی هونەری ئەحمەدی خانی یە، چەناگەی چیای جوودی یە.

شاعیر بەم جۆرەیە کە یەکە بەدەوی (واتە ـ جوانی) و پەسەندی کوردستان ئەو بووکە ڕەنگینە نیشان ئەدات.

گەلی کورد بە نیشان و نان و خۆین لە ڕابووردووا، دەستی ئەو بووکە جوانە نەخشینەی گرتوە، شێر بایی داوە هێناویێتی یە ماڵەوە.

پرچ و پێ و قۆڵ و بازنی ئەو بووکە نازدارە هەموو لە خەنەگیراوە. (هەموو سوورن لە ڕەنگی ئەرخەوانن) شاعیر بە دڵێکی شکستەوە ئەنووسێ. ئەوە دووسەد ساڵە گەلی کورد بەو بووکە نازدارەی خۆی شاد نەبووە و تەقەی چەك دەنگی لاو، دەنگی باوك، برا، مام، ئامۆزا، ئەوانەی بە میر خاسی و قارەمانێتی لە پێناوی ئەو بووکە نازکەدا گیانیان بەخشیوە، ئەو دەنگە گەیشتوەتە ئاسمان:

**ژ لۆران تـاب زازان تـەڤ ب خـەنجەر**
**دهاتـن هـەڤ ل مـەیـدانـی بـەرانـی**
**ب تـالان و ب کوشـتن، هەم ب سۆتن**
**مـە، کۆنێ، شەڕ ل سەرسنگێ تەدانی**
**ئـەمـیـر و بـەگـلـەر و پاشا و ئـاغـا**
**کـرن وێـران سـەرا و وبـرج و خـانی**
**لە ئالیکی تە دەنگ و جەنگ و هاڵان**
**لـە ئـالێـکی سـەدایی غـەوسێ سانی**
**هـەمێ بـوونە مرید و شێخ و سۆفی**
**بـهـەشـتینـە، چ کـن ناڤ و نیشانی**(١)

---

(١) جگەر خۆین، سەورا ئازادی. دیوانی دووەم، شام، ١٩٥٤، ل ٤٣.

جگەر خوین لە ناو ئەو هۆنراوەی خۆیدا (شام شەکرە)، ووڵات شرینترە لە گەڵ ئەو بووکە جوانەدا، لە گەڵ نیشتمانی ئازیزی خۆیدا ئەدوێ و دەردی دڵی خۆی بۆ ئەو هەڵئەرێژێ، چونکە (ئەودەمە) گەلێ تێکۆشەر هێشتا هوشیار نەبۆتەوە لاوی کورد، (وەك شێر و پڵنگ) قورگی یەك ئەگرن، بەڵام پڵنگ، ڕێوی لە مەیدان، ڕاونا (ئەوا لە بەر ئەمەیە کە ئەو بوو کەهەمیشە جوانەی ئێمە هاتۆتەوە سەر خۆی وەك (پەپووك)، دڵ ژار و مەبەست بووە و لە سەر سنگی زاوا وڕ بووە، هەر لە بەر ئەوەشە بووك سەرپۆشی رەشی داوە بەسەر خۆیدا.

جگەرخۆین گومانی خۆی نابڕێ و باوەڕی وایە، کە ڕۆژیك دێ، ئەو بووکەش ڕۆژێکی بەختەوەری هەیەو لە جیاتی سەرپۆشی ڕەش شاشکی پیرۆزی کەتان بدا بە سەردا.

لە شیعرێکی تردا (گوتنا ووڵات)، ووڵات دڵ پڕ لە خۆشەویستی بە (دلۆڤانی) لە گەڵ جگەر خۆین دا قسە ئەکا و ئەدوێ. دڵی زامداری خۆی بۆ شاعیر ئەکاتەوە و ئازار و دەردی خۆیی پێ ئەڵێ و زۆر هیواشی لێ نەکا، کە ئەو قسانەی ئەو زوو بە کوردان ڕاگەیێنێ. ووڵات سکاڵای خۆی بۆ شاعیر ئەکات، کە لە ڕۆژی کچێنیەوە گەیشتوەتە ڕۆژی پیرێتی و هێشتا ڕۆژی وا چەتوونی نە دیوە. فرمێسك لە چاوی وەك چەم ئەڕژی، خانوومان زۆر وێران بووە. پیاوان ناتوانن بێنە لای ئەو میوانە. میللەتی ئێمەی بندەست چارەی لە دەستدانی یە.

ووڵاتی پیر هیوای بە جگەر خۆینە کە جزیر و شارە زوور، گۆر و لۆران کە هەموو کچی ئەون، جوان و پێ گەیشتوون، زۆر قەشەنگ و شەپاڵن و زاوا چاوەڕێ یانە، بالاوانی کوردستان خۆیان لەو کیژۆڵانە لانەدەن. بابە دڵ بۆ خۆیانیان بخوازن، شیربابی ئەوانیش (یەکێتی و خۆین و خۆیندەواری یە).

جگەر خۆین لە هۆنراوەکانی خۆیدا بە دەنگێکی زوڵاڵ باسی ئازایەتیی ووڵات ئەکات و ئەو ئازایەتییە لە یەك بوونی میللەت کاری خۆی ئەکاتە سەر جگەر خۆین و گیانی شاعیرانەی باری گرانی گەل زۆر دڵی ئازار داوە و شاعیر گەلێ جار لە خۆی و لە هاوەڵ و هۆگری خۆی، لە براو پس مام و لە دوژمنیش ئەپرسێ(چی یە؟ کوردستان گولستانە). جگەر خۆین خۆی وەڵامی ئەو پرسیارە ئەداتەوە. ڕاستە تەنگانە و نایەکیی (نیشتمان) دڵی ئازار داوە. بەڵام پڕ بەدڵ نیشانی ئەدا کە کوردستان ووڵاتی کوردانە

(دەرەبەگستان) نی یە ئەو باخ و گوڵەی تیا دایە بۆ گەل (گوڵستانە) و نابێ بە خارستان و جێگەی دڕك و داڵ.

نیشتمان لە دڵی جگەرخۆینا گەڵێك بە نرخە. شاعیر ئەنووسێ:

**جـامــەك ژ چـــرا ڤـاكـانـی یـەك ووڵاتـی خوە**
**نـــادم ب ئـــاڤا زەمـــزەم ز حـــەیات و كـەوسـەر**
**هـیـــمـەك ژ كـەڤـرێــن زنـــار و ووڵاتێـن خـوە**
**نـــادم ب ئـەڵـمـاس و یـاقـووت، زێڕ و گەوهەر**
**كـــەچ و بـــوك و پـــیـــرێـن كـــوردسـتـــان**
**نادم ب حور و سور و شتێن بەهەشتێ یەكسەر**[1]

جگەر خۆین بە ڕەنگێكی زۆر ڕۆشن و دیار، بە تەواوی هێزی خامەی شاعیرانەی بە جوانیی كوردستانا هەلئەدا، پەسندیی بوونی ئەكات و پێویستی خۆی بەرامبەر بەو سروشتە نیشان ئەدا. شاعیر بیر لەوە ناكاتەوە كە بە خۆینەرانی خۆی بڵێ، دوژمن هێشتا بەهێزە و توانای وا لە مەیدانا و كۆنە پەرستی كوردیش پشتی ئەگرن. جگەر خۆین بانگی میللەت ئەكا، تالاوی كورد هەموو دەستی خۆ بدەنە دەستی یەكتر و لە ڕێگەی تێكۆشانا ببن بە یەك.

زیاد لەم شیعرانە، جگەر خۆین هۆنراوەی تریشی دەربارەی نیشتمان نووسیوە هۆنراوەی ئەوتۆ كە بە جوانیی نووسین و بە خواست و بیری لە لای خوێنەران، بە ئارەزوو تاسەیەكی گەورەوە وەرئەگرین. بۆ نموونە (ئەڤینا ووڵات)، (ئەی ووڵات)، (ووڵات پارێزی)، (كوردستانی كوردان) و هۆنراوانی تر. بە دڵێكی زۆر بەگڕو بە وەستایەتیی شاعیرانە، هۆنراوەی ڤوڵنگی پەڕ شكستی) ی نووسیوە، ئەم هۆنراوە ئەڵێی بە دوای گۆڕانیی (ئەڤدالێ زەینی یە) دا ووتراوە، ئەوی پەیوەندی لە گەڵ جیهانی زوڵم و وێران بڕیوەوە و چاوی كوێری هەر لەگەڵ ڤۆلنگا ئەدوێ. جگەرخۆینیش

---

(١) هەر ئەو سەرچاوەیە، ل ١٥٧.

قۆلنگی خۆی کردو بە هاوەڵی خۆی، بەڵام قۆلنگی جگەر خوێن بە تەواوی باڵی شکاوە. وەك بڵێی شاعیر نەیەوێ حاڵی نەتەوەکەی لە گەڵ ئەو قۆلنگەدا بەروارد بکات. ئەمە وێنەیەکی (سیمڤولیك) ـ واتە (نیشانە نەخشە کێشان یا ڕەمزیە). کە جگەر خوێن باش لە ئۆدەی هاتوە. شاعیری گەلی کورد لە گەڵ ئەو قۆلنگە تەواو شکستەیەدا قسەنەکات. گلەیی باری گرانی خەڵکی کوردستانی بۆ ئەکات.

ئەم هۆنراوەیە بەم جۆرە دەست پێ ئەکات. کە زستانێکی خۆش کاتێ بەفری سپی، کە چیا و بانی هەموو داگیر کر دبوو. دەنگی قاسپەی کەوی نێر لە سەر یاڵان ئەهات. لەناکاو لە ئاسمانا دەنگی قۆلنگێکی تەواو شکستە دێ، ئەوەی لەداو خۆی دەرباز کردەوە و ڕێی خۆی وون کردووە، ڕێ و ڕێبازی لێ بووە بە لیلان:

**ئــەڤ قـۆلـنـگ، قـۆلـنگێ وولاتێ مەیی زۆر**
**لیس و هێلینی دوژمنان تەڤ کرنە وێـران**[1]

جگەر خوێن ئەنووسێ، وەك قۆلنگ وولاتی کوردستانی ئاوا بەجێ هێشت، دوژمن ئەوی بێ جی و شوێن وای کرد. کەچی لەو دیلی یەدا، (ڕاوکەری پیاوکوژ) دەمی تفەنگی خۆی بە سنگی قۆلنگی هەژارەوە ئەنێ.

**ل ژێر و ل ژۆر، ل ڕاست و ل چەپ هـاویر**
**تــێـنــە قــۆلـنـگێ من ب قێرێــن و نــالان**
**هــەرێ قــۆلـنـگۆ، رەڤێ خوە قەتیا و بەس**
**ئەم ب کۆڤا هەرن، کوشتنە یان زینـدان**[2]

---

(١) جگەر خوێن. دیوانی یەکەم، شام، ١٩٤٥، ل ٤٤.

(٢) هەر ئەوێ

جگەر خۆین دڵ ئەدا بەلای ئەو قۆلنگە تەواو شکستەیەوە، بەشکم هەر تەنیا ئەوزستانەش بە هەر چەشنێك ئەبێت دەرباز بکات و بگاتەوە پایزو ئەو دەمە بگەڕێتەوە و بچێتە (ئارارات و ساسۆن و) بۆ ناو کوردان لەوێش لاوی (گەردن گاز هەموو دڵ کۆڵراو، ڕووت و پێخاوس و برسین زیاد لەوە فرۆکەی دوژمن گوللە بەسەر لاوانەوە دەبارێنێ و (لە ژێر دەنگی گرمەی تفەنگ و تۆپ) دێ. جگەر خۆین هاواری خۆی دەکاتە قۆلنگی (پەڕ شکستە) کەوا لە کوردستاندا لە هەمووڵا داری داراغا چینە) بەواندا ڕۆڵەی کورد هەڵواسراوە، لە دواییدا شاعیر لە قۆلنگی پەڕ شکستە دەپرسێ:

**قـۆلـنـگـۆ، مـا ئـەز چ بـێـژم، ژ مـەڕا شـەرمـە**
**کو ئەم بڕەڤن ژ وەڵاتی خۆی یە کـوردستان**[1]

جگەر خۆین تەنیا[2] دەربارەی کوردستانی نە نووسیوە بەڵکو کاتێ کە دەربارەی گەل ئەنووسێ، دیمەنی کوردستان ئەوەندەی تر ڕاست و ڕەوان دێتە بەر چاومان. جگەر خۆین بەشێوەیەکی ریالیستی (واتە ـ واقیعی) وێنەی کوردستان و خەڵکەکەی نەخشەئەکێشی و لەم کارەدا خامەی جگەر خۆین هیچ نازانن چەتونی چی یە. بە دەنگێکی زوڵاڵ و بە زمانی پاراو نەخشەی باری ژیانی گەلی کورد نەخشە ئەکێشێ . کوردی سەر چیاکە هەموو کات لە بەر باران و لەناو سەهۆڵ بەندانایە، کە هەمیشە لە تێ کۆشاندایە لە پێناوی ئازادی و بەختیاری یا، لەناو هۆنراوەی (ئەم گۆڕ) ی جگەر خۆیندا لە گەڵ هاڵی گۆر (واتە گورگ) ی سەر چیادا دەستە برای یەکن، لە دەربەدەری دا هاوەڵی یەکن، لە لای شاعیر جیاوازی ئەوان و گورگ ئەوەیە، کە ئەمان بە ڕۆژ ئەڤێرێنن و گورگ بەشەو هاوار ئەکات.

---

(١) هەر ئەوێ، ل ٤٥.

(٢) لە مەیدانی بەراوردا ڕەنگە ئەم داستانی قۆلنگەی جگەر خۆین لە گەڵ(قۆلنگ) ی گورگی یا لەگەل (سروودی هەڵۆ)ی گۆرکیدا بەراورد بکەین. ئەم داستانە یەکێکە لە بەڵگەکانی ئەو قسەیەمان کەوا ئەو شیعرانەی جگەر خۆین کە باسی مەسەلەی نەتەوەیی دەکەن دەچنە ڕیزی نموونە بەرزەکانی ئەدەبیاتی کلاسیکیمانەوە. (ع. م. ر).

**ئەم کورد و گور یەکن، یادەستە براکێ هەڤن**
**ئەم ژی وەکی وە، تەم ل سەر چیا درەڤن**
**مەژی وەکی وە دی گەرم و سەرم و دوومان و تۆز**
**کێ ژەمە هاتە کوشتنی وەکە وە مابێ دۆز**
**شیناهی ژ خەڵکێرا ژمە زنار و چۆڵ**
**دوژمنی وەلاوێ نەندۆ، دوژمنێ مە لاوێ مەغۆل**[1]

بەڵام کامەیە مانای ئەو دەربەدەری یە، کە کوردیش وەك گورگ دەچێتە سەر چیا و لووتکە، لە وێدا لە گەڵ گورگدا باز دەدەن و ڕەحەتی نابینن. ئەگەر دوژمنی گورگ سەگ بێت. ئەوا دوژمنی کورد مرۆڤی نا خێر خوازن، دەوڵەمەندی بێ ئینسافە. جگەرخۆین لە خۆیندەوارانی دەوێ کەوا چۆن گورگ پەزی دەوێ و لەبەر ئەوە گورگ و مرۆڤ بوون بە دوژمن، بەڵام ئامانجی کورد هەر وڵاتی شیرینی خۆیان ـ کوردستانە. لە بەر ئەوە هەموو ڕەنج خۆران بوونە دوژمنی میللەت.

**داخوازە مە کوردستانە، داخوازە وە تم پەز**
**هوون ژی وەکە مە، هەریەك دبێژی نەتۆ کەس ـ ئەز**
**ئەم دەستێ خوە بدل هەڤال بەر دوژمن ببن یەك**
**قەت زۆرامە نابن ئەڤ دوژمن و ئەڤ سەگ**
**هۆڤ و مرۆڤ ژویرا دەستە براك و هەڤاڵ**
**ئەم و هوون بێ ماڵ مانە، لەو رەب خوالتك و خواڵ**
**کوردو گوور هەردەم دگەڕن، بوونە کەلەش و دز**
**بەلەنگازن، پڕ شەرمە بۆ ئەهرەمان و هورمز**
**گور بەلەنگاز، گەردنخواز، دڵ برین**
**کورد بێ چارە، کش بیمێنن جگەر خۆین**[2]

---

(١) ئەو سەرچاوەیە، ل ٣٧.

**(تێبینی)**: لام وایە چەند جگەر خۆین لە باسی قۆلنگدا سەرکەوتووە ئەوەندە لەم تەشبیهی گورگەدا نەیپێکاوە. ڕەنگە هەر چیاو ناو بەفرەکە ئەم دووە لەیەك چووە کۆ بکاتەوە. (ع. م. ر).

(٢) هەر ئەوێ.

له هۆنراوەی ژووروودا حاڵی گورگ و کوردی کرد بەیەك، بەڵام له هۆنراوەیەکی تردا (جووتکار و زەڤی)، جگەر خۆین ئەو هۆش و بیر هوشیاری یه دەر ئەخا که لەلای خەڵکی دێهات هەیه له پێناوی ئازاد بوونیا نا له نەیری دەرەبەگ ئه ئاوا که گوندییەکی کورد بناڵێنێ له گەڵ ئەودا هەموو گوند به دڵێکی شکستەوه نارەزایی دەرئەبرن، هەموو پێکەوە له کاروبار بوو ـ ون. ژن و پیاو له دەست نەبوونی و بێ دەرەتانی هەموو ئەکەونه قسه، دەستەی ژنان هەموو لەبەر دەمی ئەوانا فرمێسك ئەبارێنن، چونکه زەوی له دەستی خۆیاندا نەماوە، تا ڕاکەن و منداڵی خۆیان دەربازکەن. ئەو دەمه کەڵه پیاوێکی کورد به خەڵکی گوندان ئەڵێن: که هەڵسن و ماڵ و حاڵی خۆیان هەموو بارکەن و بچنه جێ یەکی تر.

بەڵام وەك شاعیر ئەڵێ (فاتەی سەر بەڕشك) لەو کەڵه پیاوە ئەپرسێ، چی بکەن، بۆ کوێ بچن، بۆ هەر شوێنێ بچن هەر ئەو حاڵ و هەواڵه نی یه!

فاته گوو ـ بەس کاڵی دین، ئەمێ بارکەن هەڕن کوو؟

له هەر دەرێ (ۆلۆیه) خوو دی هاسن، خووندی گوند عەردا نەما بدەن مه ژ ڤر هەتا بچی هیند[1]

جگەر خۆین قسەی خەڵکی گوند بەم جۆره نیشان ئەدا، کەبۆ وه دەست خستنی زەوی و هەقی خۆیان بەرەو پێشەوه ئەکشێن، هەندێك ئەڵێن یێ ویسته گوندی خۆیان لەبەر دەستی دەولەمەندانا کەڕ و لاڵ بکەن و بێ دەنگ بن و غوڵامێتی بکەن، تا دەولەمەندان چاویان لێ یان بێت و ئەوان خۆیان بەشی کەسێکیان بدەن، بەڵام ئەوانی تر، ئەوانەی وەك شاعیر ئەڵێ وەك (فاتمەی پیسی سەربەڕشکن) ئەو قسانەی له مەوبەر ئەکەن، که پێویسته خەڵکی گوندان بەدەستی زۆر هەقی خۆیان و زەوی یان له دەستی دەرەبەگ و خاوەنی سامان بسێنن و ئەبێ نەترسن چونکه گوندی سێ سەدن و ئەوان دوو، دوون

(١) جگەرخوێن، سەورا ئازادی دیوانی دووەم، شام، ١٩٥٤، ل١٠٢.

فاتێ گوته، هەموو بەس، خوەلێ، لە سەرێ وە بی لۆ
بــرا هـــۆخـێ وە باژۆن هوون سێ سەد و ئەو ددۆ
تـــەڤ راهــێــژن دارێ خوە ئەمێ هەمی هەرن جۆت
بـرا ئـەم بێنە کوشتن سەر سەرا بێ مەلکە مـــۆت

لەم مەسەلەیەدا فاتێ بە تەنیا نی یە، (سۆرۆ) ش لەسەر قشەو خواستی ئەوە:

ســۆرۆ ڕابـو وەکــە شـێـتر گــۆتــە ـ فــاتــێ ئـافێرم
ئــەڤ گــوتــنــێ تـە ڕاسـتـن ب لالــەش و ب عــیــلــم
هـەتــا نــەیـێـنـە کوشـتـنی ئەم ژی نـابـن خودێ گوند
دەســتــێ خـوە ئـەم نـــەدن هەڤ تو جار نابن سەر بلند
تــەڤ ڕا هـێــژن دارێ خــوە ڕابــن وەکــە پـەهــلــەوان
کـەس لـــە مــالێ نـەمێــنــن، وەکــە شێـرا هـتەرن وان
سـەرێ وان ئەم بشکێنن تا بشکێنن ریا بشکێنن تەراکتۆر
ئــەم هــەر کەسەك هۆخێ خوە دڤێ باژۆن تەڤ ب زۆر[1]

جگەر خۆین بەم جۆرە مەسەلەی خەباتی ئەو چینە نەخشە ئەکێشی و نیشانی ئەوان، کەوا لەناو خەڵکی گوندانا مرۆڤ هەیە، کە بەرە بەرە دێنە سەر بیری ڕاست، بەڵام وەك شاعیر نیشانی نەدات هێشتنا باوەڕی گەلێك لە خەڵکی گوندان ئەوەیە کە خاوەن موڵك، بە ئارەزووی خۆیان بێ شەڕو بێ هەرا زەویان بدەنێ. هەر لە بەر ئەوەیە کە خەڵکی گوند هەموو پاش قسەکانی (سۆرۆ) دەست ئەدەنە دارو لە مەیدانا کۆ ئەبنەوە. پیرە پیاوێکیان لێ پەیدا ئەبێ و ئەڵێ: کە ڕاست نییە، خەڵکی گوند بەدارەوە بچنە سەر خاوەنە شێرەکەی خۆیان، چونکە هەموو پیاوێك، هەموو کات پیاوێك نی یە، ئاغا کوشتنی حاڵی گوند خراب ئەکات. گوندی دیسانەوە کۆ ئەبنەوە و

(١) هەر ئەوێ، ل١٠٣.

بۆ حاڵی خۆیان دەست ئەکەن بە گریان. دوایی دوو سەد زێڕەکۆ ئەکەنەوە ئەیدەنە دەست ئەو پیرە پیاوە و ئەچنە لای دۆستەکەی ئەو کە دەوڵەمەندێکی دوکاندارە، گوندی زێڕەکەیان ئەدەنە دەست ئەو و بە دڵنیایی ئەگەڕێنەوە گوندەکەی خۆیان. بەڵام زوو جەندرمە دێن بۆ ناو گوندو گوندی ئەخەنە ژێر سمی ئەسپیانەوە جگەر خۆین ئەوە نیشان ئەدات کە خەڵکی گوند بەرە بەرە لە سیاسیەتدا قاڵ ئەبن و لەوە ئەگەن کە خەباتی ئەوان ئا لەو سەردەمەدا، کاتێ کاریگەر ئەبێت کە هەموو پاڵە، هەموو خەباتکەران بەرامبەر بە زۆرداری هەستنە سەر پێ. هەر لە بەر ئەمەیە جگەر خۆین قسەی خەڵکی گوند و تراکتۆریستەکەیان (ئەوی تراکتۆر لێ ئەخوڕێ) بەم جۆرە ئەگێرسێتەوە.

**گـونـدی چوونە تەرەکتۆر لێ شوفێرا گوتە وان**
**گــەلی بـرا ڕاوەسـتـن هـوون نـەدینن، نەگێڕن**
**بـهـێـلـن کـو دوو پرسان ئەم ژی ژ یۆ وە بێژن**
**دڤـێ کـو هـوون بزانن ئەم و هوون تەڤ برانە**
**هـەتـا نها نەبوون یەك  د بن دەستی گوورانە**
**... ئەڤ هاسن و ئاڤانی، کارێ دەستێ مەیە تەڤ**
**دڤـێ کـو ئـەم بسـتـێـنـن تـێدا ببن وەکی هەڤ**
**مـاڵ و گـونـد وئاڤ و دار لە هەڤ پارو لە ڤاکن**
**ڤـێ نـزامـا فاشیستی ب زۆر ژ سەر خۆ ڕاکن**
**دنـێـڤ مــەدا نـەمـێـنـن نە ئاغا و نەژێ بەگ**
**نــزام بــبــی ئــازادی ئەم تەڤ تێدا ببن یەك**(١)

(١) هەر ئەوێ ١٠٦.

**جگەر خوێن ئەم نووسینەی خۆی ب سەرکەوتن تەواو ئەکات. پاڵەو گوندی دەست ئەدەنە دەستی یەك، بۆ یەکتر ئەبنە پشت و سەری دەرەبەگ ئەشکێنن و وولاتی خۆیان ئەکەن بە بەهەشت، ئەوسا خەڵکی بە (فاتەی پیسی سەر بەڕشك) ئەڵێن: (بژی فاتەی سور مەزن)[1].**

**جگەر خوێن لەناو ئەدەبیاتی کورددا وەك ئیلهام بەخشی خەباتی گەلی کورد لە پێناوی ئازادیدا وەك شاعیرێکی نیشتمانپەروەر ناسراوە. لای ئەو مەسەلەی نیشتمان، مەسەلەی ئازادیی کورد و کوردستان، مەسەلەیەکی تەواو فەرزە. دیارە کە جگەر خوێن هەر لەمنداڵی یەوە دەربەدەر بوو بوو، تەواوی کوردستان گەڕا بوو، باری ژیانی گەلی کوردی دیبوو، لەگەڵ گەلدا گریا بوو، شاد بوو بوو، شایی و شینی گەلی بە شایی خۆی دانا بوو. شاعیر دەبینێ کە خاکی وولاتەکەی گەورەیە، دەوڵەمەندە، بەڵام میللەت لە ناو ئەو سامانەدا خاوەنی هیچ نی یە و خاوەنی بەری ڕەنجی حەڵاڵی خۆی نی یە. ئەمە بەلای جگەرخوێنەوە زۆر سەخت بوو، لە هۆنراوەی (پەمبوویە مەیە، لێ ئەم**

---

(١) جگەر خوێن لەم پارچەیەدا ڕاستە خواست و هەست و ئامانجی جوتیاری کوردی دەرخستوە، بەڵام وابزانم دوکتۆر ئوردیخانۆ نرخێکی بەرز ئەدات بەم نووسینەی جگەر خوێن، ئەوەی لە بیر چووە کە ئەم نووسینەی شاعیر لە گەڵ چەند نووسینی تری وەك ئەمەدا بەراورد بکات و جێگەیان لە ڕیزی ئەدەبی کوردی یا دەست نیشان بکات.

ئەم جۆرە نەخشە کێشانەی ژیان و خەباتی فەلاحی کورد لای زۆر شاعیری تری کورد هەیە، بە تایبەتی لای قانیع گەلێك دیمەنی وا ئەبینین، هەروەك لەم دیمەنە لە هۆنراوەی (لالەباس)ی دڵداردا ئەبینین، تەنانەت لە شیعری موفندیی پێنجوین و شێخ سەلامیشدا لەم جۆرە هۆنراوە ئەبینی. لای بەختیار زێوەر وێنەیەکی هونەرمەندانەیتری ئەم دیمەنە دەبینین. هەروەها لە شاعیرانی ترماندا ئەم وێنانە لە هۆنراوەی دڵزار و مەدحەت بێ خەو و گەلێکی تردا دیارە.

ڕووخساری گشتیی هەموو ئەم شیعرانە سادەیی یە، دەربرینی قسەی سادەی سەر زاری جوتیاری کوردە، بە تێکاریی ئەم جۆرە باسانە لای بەشی زۆری ئەم شاعیرانە لە چوار چێوەی سادەیی دا هێلراوەتەوە و پەڕ و خامەی هونەرمەندانەی تیا نەکەوتونەکار. ڕەنگە سادەیی و ساکاری ئەم جۆرە شیعرە، لەو هۆنراوانەی (سەی دوو سەربیی) دا کە لە دەشتی دزەیی دا باوە، لە هی هەمووان سروشتی تر بێت.

لێرەش دا ئەتوانین بڵێین لەم بارەیەشەوە ناڵەی بێ کاری گۆران لووتکەی ئەم جۆرە هۆنراوەیە یە لە ئەدەبی کورددا.

تاقە بایەخێکی باش لەم هۆنراوەی جگەر خوێندا، لە ناوەڕۆك و بیرەکەیدایە، هەر تەواو لە بیرەکەیدایە، ئەویش ئەوەیە کە تەواو لە گەڵ دەوی کاروانی مێژوودا هاوکاریی چینی کرێکار و فەلاح ئەبینی. بەڵکو لێرەدا چینی کرێکار ئەکات بەڕابەر، ئەویش لەوەدا کە شوفێری تراکتۆر ڕێگە نیشان خەڵکی گوند ئەدات. (ع. م. ر).

تازینه ـ واتا ـ لۆکەهی خۆمانه، بەڵام ئێمه ڕووتین). ئەو سەختیه نیشان ئەدا ئەم هۆنراوەیه له خواست و مەبەستیا، له فۆرمی نووسینا، له ڕیزی ئەدەبیاتی کورددا جێیەکی لایقی هەیه. شاعیر له سەر هەقە کە دەنووسێ: ڕاستە ووڵات ناوی ئێمەی لە سەرە، بەڵام ئێمە لە وێدا بێ جێ و شوێنین:

**دەوڵەمەندێن پوولـپەرست، تـم تـم دخۆن ماڵی مە**
**بێ ئیمان و بێ ویژدان، ئەو گوهـ نـادەن حاڵی مە**(1)

کاتێ ئەو دەوڵەمەندە پوولپەرستانە بۆکاری خۆیان، گەلێکی وا مەزن دەخەنە تاریکیی بندەستی خۆیانەوە، جگەرخوێن گەلێك جار لە هۆنراوەکانی خۆیدا دەربارەی ئەو دەوڵەمەندانە دەنووسی و ئەوانە ئەکا بە نموونە. بە ووتنی شاعیر ئەم دەوڵەمەندە پوولپەرستانە کە لای ئەو بریتین لە دەرەبەگی کورد، دوژمنی گەلی خەباتکارن و بوونە چەکی دەستی ئیمپریالیستانی ئینگلیز و ئەمەریکا. هەر لە بەر ئەمەیە جگەر خوێن قەڵەمی خۆی بەرامبەر بە مانە ئەخاتە کار و ئەکەوێتە خەباتەوە و بە دوژمن نیشانی خەڵکیان ئەدا.

کاتێ ف. یی. لێنین تاکتیکی کرێکاری ووڵاتی بندەستی ئامادە دەکرد، بایەخێکی زۆر پێویستی بە مەسەلەی ئەوەی بەرامبەر بە وانەی ناوی خۆیان ناو جێگری ڕۆحانی و بەرامبەر بە کەسانی پاشکەوتوو و بەرامبەر بە کۆنەپەرستی خەباتکردن و پێویستیی ئەدا(2)

**وەك شاعیر دەڵێ:**

کونەپەرستان گوناهکارن، چونکە گەلی ڕەنجدەر بە فرمێسکی چاوی خاکەکەی خۆی ئاوئەدا و پەروەردەی کردووە. بەڵام خۆیشی بە ڕووتی و برسێتی ئەمێنێتەوە و بەری ڕەنجی خۆی نابینێ. بەری ڕەنجی گوندییان وەك دێت و دەڕوا و دەسووڕێتەوە، بەتەنیا ناچێتە گیرفانی ڕەنج خۆرانی گەل خۆیانەوە، بەڵکو دەشچێتە گیرفانی ئەو ڕەنج خۆرانەوە کەوان لە ئینگلستان و ئەمەریکا.

جگەر خوێن میللەت بانگ ئەکات، کە هیچ کاتێ سەر بۆ وەجاخی کۆنەپەرستی هەڵخەڵەتێنەر دانەونەوێنێ، دەستیان ماچ نەکات، دیاریان بۆ نەبات، هیچیان بۆ

---

(1) هەر ئەوی،ل ١٧٩.

(2) ڤ. ئی. لێنین. بەرهەمی تەواو. ب ٣١، ل ١٢٧.

**سەرنەبڕێ، چونکە ئەمانە بەلای شاعیرەوە (قوتبی ڕازی) نین، تاج و شەوکەتیش هەر بۆ ڕەنجی بازووی ڕەش و ڕووتە. بازووی ڕەش و ڕووت، بازووی گەلی خەباتکارە، جگەر خۆین پەسەندیی ئەو دەست و بازووە ئەدات.**

**لە ژیاندا گەلێك جار شێخ و مەلا چاوی لاوی کوردی وەتەنپەروەریان بەوەی خوێندن شتێکی گوناهە و خواشتی وا قەبوول ناکات، ترساندووە.**

**جیگری ڕۆحانی دەیانویست بەم جۆرە میللەتی کورد لەو ناو تاریکیدا بهێڵنەوە، تا بەرامبەر بە ڕەنج خۆران نە جەنگێت. دەربارەی ئەمە لاوێکی کورد لە نامەی خۆیدا بۆ گۆڤاری (ڕۆناهی) کەچاپکراوە نووسیوی یە:**

**پیشان من لە گوندان کوردێکی جووتیار بووم، بەڵام وا پێنج ساڵە هاتوومەتە عامووده و بەکاری بازرگانی یەوە خەریکم.**

**من خوێندن و نووسینم بە کوردی نە ئەزانی. هوشیار لە ماڵی خۆیدا بە مجۆرمنی فێری خوێندن و نووسینی زمانەکەی خۆم کۆرد. لەو کاتەوە زیاتر عەشق و ئەڤینی ووڵات لای من گری ئەسەند و لە کۆڕی کوردانەوە نزیك بوومەوە[1] بەڵام تەواوی شێخ و مەلا بوونە.**

---

(١) لە ئەدەبی کوردیدا، دیمەنیك یا ڕوو دایك، یا بلێین دەربڕینی لایەك لە ژیانی نەتەوەکەمان هەیە، کە سەرەتاکەی لە حاجی قادری کویی یەوە دەست پێدەکات. ئەویش باسی تەکیە و تەریقەت و هەوڵدانی ئەوەیە کە بە کوێری و نەزانی ڕێگەی خواپەرستی ئەگیرێت و ئەمەنەبێتە ڕێگە گری خوێندن و سەرکەوتن و پێشکەوتن.
ئەم دیمەنە لە هۆنراوی حاجی قادری کۆیی و شێخ ڕەزای تاڵەبانی و تەنانەت مەحویشدا دەبینری. لەم سەدەیەشدا زۆر ڕۆشنتر ئەم باسە لە هۆنراوی موفتی ی پێنجوین و بێکەس و شێخ سەلام و قانیعدا دەبینی.
ئەمانە هەر چەندە لە ووشەوکەرەسەی دەبڕیندا جیا بن، بەڵام لە دەرخستنی (بیر) دا هەر یەکن و ڕەنگە چارەسەرکردنی مەسەلەش لای هەمووان هەر یەك ڕێگەی گرتبێ.
جگەرخۆێنیش ـ وەك لە زۆر دیمەنی هۆنراوەکانیدا شاعیرێکی ئەو پێڕەو و قوتابخانەیەیە. لەم باسەشدا هەر ئەو ڕێگەبەی گرتووە.
ئەگەر ئەمێش وەك ئەوانی تر ڕەخنەی لەو دیمەنەی ژیان گرتبێ ئەوا لە زۆر جێگەدا حاجی قادری زۆر تیژتر و ڕۆشنتر ڕەخنەی لەو دیمەنەی ژیان گرتووە. ڕەنگە لە بەر ئەوە ئەو وا تیژتر بێ، چونکە حاجی ئەوسا لە لووتکەی شۆرشی ڕۆمانتیکیدا بووە. ئەمە لەلایەك و لە لایەکی تریشەوە حاجی لە دوور ووڵات ئەو هۆنراوانەی نووسیووە. لە بەر ئەوە ماوە و= =سەربەستی ی زیاتر بووە لە موفتی ی پێنجوین و سەلام و بێکەس و قانیع و جگەر خۆین لەم باسەدا ئەوی لە حاجی قادری جیا ئەکاتەوە، ئەوەیە کە شەقڵی ئەو سەردەمە زۆر ڕۆشنتر بە هۆنراوەکانی جگەر خۆینەوە دیارە. ڕەنگە لەم سەردەمەشدا ئەو شەقڵە لە هۆنراوەی جگەر خۆیندا زۆر لەوی ئەو هاودەمانەی خۆی دیارتربێت. مەبەستیش لێرەدا ئەوەیە کە جگەر خۆین ئەو دیمەنانەی ژیان بە هیچ جۆر لە ڕژێمی کۆمەڵایەتی جیا ناکاتەوە، بەڵکو هەوڵی ئەوە ئەدا کە ئەمە لە سنووری ڕژێمە کۆمەڵایەتی یەکەی خۆشماندا نە هێڵیتەوە و بیباتە سنووری جیهانەوە. واتا نەزانین و نەخۆێندەواری و پێشنەکەوتن ئەبەستێ بە ڕژێمی فیودالی ـ واتە ـ دەرەبەگی یەوەو هەموو دیمەنێکی کۆنەپەرستیی بەلاوە یەکە. ئەمەش ئەباتەوە سەر سەرچاوەی ڕاستەقینە کە دەستی ئیمپریالیستی جیهانە لە هێشتنەوەی فیوداڵ و کۆنەپەرستی و نەخوێندەواری و هەموو دیمەنەکانی دواکەوتندا.(ع. م. ر).

ناحەزی من وەك هەڤاڵی تر منیش هاوسان بووم، بەم هاوسان بوونی ئەڤینە دیسان دلگەش و بەختیار دەبووم.

لەو ناوەدا بۆ توجارەت چوومە حەلەب. کوڕێکی دوو ساڵانم هەبوو. کاتێ گەڕامەوە ماڵ. دیم کوڕە کەم ئەمری خوای کردووە. کاتێ پێیا نووتم، کوڕەکەت، تۆخۆش. ووتم ـ باکوردستان سەلامەت بێت.

براکەم سۆفی یە، زاواکەم مەلایە. هەردووکیان هاتن و پێیانووتم: ـ تۆ دەبینی، تۆ بوویت بە کورد، تۆ هاوەڵێتی ی لاوانی کورد، کوردی ووڵاتپارێزت کرد. تۆ بوویتە خوێندەوار، تۆ گۆڤار و ڕۆژنامەت خوێندۆتەوە، تۆ بێدڵیی شێخ و مەلات کرد، لە بەر ئەوە کوڕەکەت مرد.

ئیتر سەبرم سووا. زویر بووم و لێ یان وەرگەڕامەوە و ووتم: ـ ماڵ خراپینە، بۆ گیان سەندەرەوە خوایە، یا شێخ و مەلان. بۆ تەنیا کورد دمرن؟. مردن شتێکی سروشتی یە. بۆچ گیان سێنەریش ڕۆمە بوو بێت بە دوژمنی ئێمە؟. ئاخ لە دەردی مرۆڤی بێ چاو و بێ گوێ[1].

---

(١) گۆڤاری (ڕۆناهی)، ژمارە، ١٢. شام، ١٩٤٣، ل١٠.

جگەر خۆین لە ناو پارچە هۆنراوەی (شێخم ئەڤ خوێندنگەهە) لەگەڵ شێخدا دەدوێت و داوای خوێندن خوانیی لێدەکات. کە وەك خانووی تارێکی ئەوان نی یە. بەڵکو پاك و سپی یە. ئەو ژوورە فەرەح و ڕووناکانەی جگەر خۆین نیشانی شێخی دەدات، بۆ خوێندنی منداڵانە، بۆ دەستخستنی زانست و بۆزانابوونی ئەوانە، تا ببن بە (ڕێبەر و زانا سەر و میر و شا). شاعیر بانگی هەموو شێخان دەکات کە دەست لە کاری ناپاك هەڵگرن، چونکە ژمارەی دەنکی تەزبیحی ئەو ڕێگەیەیان لە ئەوەد و نۆدا وەستاوە.

مرۆڤی وا هەیە کە ئاینیان خۆش دەوێ، شاعیر گونەهبار دەکەن و دەڵێن، کەوا چوونە دیوەخانی شێخ و ماچکردنی دەستی ئەوانیش هەر عادەتە، ئەمە ئاینی میللەتە و دەبێ گەل دوای ئەوە بکەون.

جگەر خۆین وەڵامی ئەم کەسانە دەداتەوە و پارچە هۆنراوەی (دەستی شێخ ماچ نەکە) دەنووسێ. لەو پارچەیەدا جگەر خۆین وا لە خەڵك دەگەیێنێت، کە خۆشویستنی ئەوان بەشی "دین نی یە" بەڵکو "دینێتی یە"[1]، بە تێگەیشتنی شاعیر، ئاین، سەربەخۆیی گەلە.

جگەرخۆین لە هۆنراوەی (دوژمنی میللەت) و (بەگێ دژمن)، (شێخ و ئاغا و بەگ تو جار نابن یەك) دا وای نووسیوە کە پەردە لە ڕووی شێخ و بەگ و ئاغا لادەدات. سیفەتێکی ئەوان کە هەیە، ئەوە پیشانی میللەت دەدات. شاعیر بە هەق لە شێخ و ئاغا و بەگ دەپرسێ، ئایا ڕۆژی دەجار بە سەر پردی گونددا ڕانا بوورن، تابە چاوی خۆیان یەخسیری و زەلیلی ببینن، (دەنگی دەوری پرد دەبیستن)، بەڵام هەرگیز گویێ لێ ناگرن (ئو دچن و دەی ناکن). شاعیر هەقیەتی کەلە شێخ دەپرسێ ـ ئەرێ دەبێ ئەوان ڕۆژێك دەستی خۆیان درێژ بکەن بۆ ئەو کەسانەی ڕەنجیان داوە و کۆمەکی ئەوانیان کردووە. دەبێ شێخ و ئاغا و بەگ قوتابخانە بۆ منداڵان بکەنەوە و بیاننێرنە بەر خوێندن ئەرێ دەبێ ئەوان گوندێك ئاوا بکەنەوە ئەوەی هەیانە بە سەر خەڵکی گونددا دابەشی بکەن؟. جگەر خۆین لە شیعری خۆیدا گەلێك ڕاست وەڵامی ئەم پرسیارانە دەداتەوە بەریالستی سروشتی ڕەنج خۆران دێنێتە بەرچاو.

---

(١) دینێتی، شێتی. (ع).

شاعیر دەنووسێ، کەوا شێخ و ئاغا و بەگ لە جێی چاکە ماڵی ئاوارە بووان دەخۆن، هەر شەوە لای ئەوان مەیخانەیە، خواردنە، خواردنەوەیە. کەیف و سەرخۆش بوونە. ئەوان لە گوندان، لەو شوێنانەی ڕەنجدەرانی تێدا دەژین، ڕەنج خۆریی خۆیان وا پەرە پێدەدەن، کە مرۆڤی وەك ئەوان خەڵکی ئەو گوندە نەبن. جگەر خۆین دێتە سەر ئەو بیرەی کە شێخ، بەگ، ئاغا دۆستی دوژمنی میللەتی کوردن، چەکی دەستی ئەوانن.

لە هۆنراوەی (چوونا قونسولخانا ترك گونەکاری یە بەگم) دا جگەر خۆین ئەوە دەردەخا کە چۆن بەگێکی کورد هەستاوە چۆتە شاری حەڵەب و قونسولخانەی تورك و بەدەست سڵاوی لە قونسوڵی ئەو حکوومەتە کۆنەپەرستەکردووە کە هەموو کات خەباتی گەلی کوردی لە پێناوی ئازادی و سەربەستیدا لە گۆلی خۆیندا خنکاندووە.

جگەر خۆین سیفەتی ئەو بەگە کوردانە دێنێتە بەر چاو، کە هیچ کاتێك شەرم ناکەن، بۆ کاری خۆیان ئامادەن هەموو کارێکی خراپ بکەن،هەر تەنیا بۆ ئەوەی بەگێتیی خۆیان بمێنێ. شاعیر لە بەگ دەپرسێ:

**وە قـونسـول نـەدی، هـا قـونسـولێ ترك،**
**بـەلـێ ل وەکـر وی خـەلات و کـورك،**
**دەسـتـێ خـووە دا وە، ئـەو دەسـتـێ گەمار**
**دەسـتـێ کـو ئـەخـتـی هـەلدایـە سەر دار،**
**ئەو دەستێ کو کوشت سەد وەك شێخ سـەعید**
**زانـا و و گـەڕنـاس، مێـرخـاس و عـەگـید**
**دەسـتـێ ب خـووینـا کـوردان بـوویـە سۆر**
**چـاوا تـە هـەژانـد، هـەی ڕێبەری کۆر[1]**

جگەر خۆین ئیتر لەبەردەمی ناهەقیی ئەواندا خۆی ناگرێت و لە پارچە شیعری (تا کەنگی ئەمێ کارکەر و جووتیارێ بەگابن) دەنووسێ:

**تا کەنگی دزنـدانـا بـبـن حـەبـسـیـی و گرتن**
**دارا ل سـەرو لـنگـێ مەخن بە گچیی و شرتی،**
**تا کەنگی بخـۆن ئەڤ بەگ و ئاغا مە ب خورتی،**

---

(١) جگەر خۆین، سەورا ئازادی، دیوانی دووەم، شام، ١٩٥٤ ل ٣٨

**تا کەنگی ئەمێ دەی ل وەکن هەر وی ب شرتی،**
**ئەی کارکەر و جووتیار بەسە دەم هاتی یە ڕابن**
**تا کەنگی ئـەمـێ کـارکـەرێ ئـاغـا و بـەگا بن**
**تاکەنگی ئەمێ هەستـیـێ بەر لنگێ سەگا بن**(1)

له شیعری جگەر خۆیندا خەبات ڕوو بە ڕووی زۆر دەستی تەواو جێی هەرە پێشەوە دەگرێ. ئاوا لە پاڵ پرس کرندا لە شێخ و ئاغا و بەگ، بانگی میللەتیش دەکا کە بۆ ئازادیی گەل ئەوان بەرامبەر بەم زوڵمکارییە بکەونە خەبات.

لەناو شیعری جگەر خۆیندا، ئەوی بۆ شێخ و بەگ و ئاغای نووسیووە، شیعری (بەگم، دەڤ ژ ڤوللەبازیان بەردن)، لە هێزی خۆیدا لە شیعرەکانی تری کەمتر نی یە.

شاعیر هەر ئەوە نی یە کە داوا دەکا ئەوان لە (سەر کاریی میللەت) دا دەستی خۆیان لە خراپی بەردەن، بەڵکو ئەو هەر وا لە بەر چاوی (سەرکاری میللەت) دا بێ ڕەحمی و دڵ ڕەقیی ئەوان نیشان ئەدات:

**بەگـــم، بـــەســـە، دەڤ ژ ڤـــان دەرەوان، ڤـوللـەبازییان بەردی**
**هـــوون مـــالێ کـورد دخون و هوون دبێژن ئەم مللەتێ کوردن**
**ڕووتـــکەر و دز و هـــیـز و مـــەیخـوەر و بـــێ ویژدان و شووت**
**بـێـگـومـان هـــوون ژێـــدەرێ هـــەر کـول و بـــەڵا و دەردن**
**هــــەتا هـــوون نـــەمـــرن، نـــە مکوونە ئەم ڕابن هەی بەگ،**
**هــوون دوژمنــی مـللـەت و ژ دژمـــنـــرا خـــۆش مــــــەردن**
**ووڵات ووڵاتـــی کــوردە، لـــێ کـــورد بـەلـەنـگـــاز، پـەریشان**
**نـــە هـوون تـەنـــێ خـودانـێ زێـــڕ و مـــاڵ، مـلـك و گـونـدن**
**دڵـــێ وە کـورمـــێ، مـــالـــێ وەگـــەنـی، کۆ لـەدارن بـــەس،**
**لـێ ئـــەم دل ســـادە و ڕوو نـــەرم و کـــورد پـــەروەر و ڕند**
**خـــانی وەکـــی کـــۆخـەك، پەریشان و ڕەبەن چارە ڕەشێ کورد**
**هـــوون هــــەمی بـێـگـانـــە، خـــوەدی خـان و ئەیوانێ بلندن**
**هـەفـــســـار ب دەستـــێ دوژمـــن و قـــەتك دگـــەردنـــا وە**
**کـــەنـــگێ ببـــێژی خـــوە هـلـــدن، هـــوونـــێ خـــوە هـلـدن**

(١) بڕوانە ئەو کتێبە، ل ٤١.

**ئیدی ئەم ل پەیی وە ناچن، هوون نە کوردن دوژمنی مللەت**
**تەنێ ئەم کوردن هەر چەندی بەلەنگاز و زگوردن**
**ژ قادا مە دەرکەڤن، بەری فەرمان ل وە ڕابی زوو**
**هوون ڕەنجبەرێ دژمن و ئەم ڕەنجبەرێ عەردن**
**عەرد، عەردێ مللەتێ کورد، کوردێن ڕەبەن، کوردێن بەلەنگاز**
**بقەشتن، بەسە، ئیدی قادا مە بەردن، عەردێ مە بەردن**
**هوون ب مە بوون خانەدان و گەرد و بەگ و پاشا و ئاغا**
**لێ ئیرۆ کو لێ دژمن، نە سەر بلند و خانە دانێ گەردن**
**ڕۆژەك وێ بێ، سەر پێل، گەردەن خوار، ل پێش بەرێ قانوون**
**خووسی دقەرکا وەدا، ژ ترسان نەما کارن خەبەردن**[1]

دوژمنی هەرە ناپاکی نەتەوەی کورد، فیودالن، دەرەبەگن، کە خاوەنی گوندانن، خاوەنی خاك و زەوین، خاوەنی ڕەنجی کارکەرو جووتیارن. خەبات بەرامبەر بەم فیودالانە، بەلای جگەر خوێنەوە پرس (مەسەلە)ی یەکەمە[2].

---

(١) هەر ئەوێ، ل ٥٥.

(٢) لە مەو بەر ووتمان، لە هۆنراوەی جگەر خوێندا زۆر وریایانە، سێ شت لە ژیانی ئەم سەردەمەدا بە یەکەوە ئەبەسترێ، ئەویش کۆنەپەرستی یە، بە هەموو جۆر و دیمەنەکانی یەوە، لە گەڵ دەستەی فیوداڵ واتە دەرەبەگدا و لە گەڵ ئیمپریالیستانی لە هەموو جۆرە و هەموو ناو. بێگومان سەرتاپای هۆنراوی ئەم شاعیرەمان، بە تایبەتی دیوانی دووەمی، دیمەنی ئەمراستی یەن، هەرچەندە لە هەندێ شوێندا ڕادەی هۆنراوەکە دێتە خوارەوە، واتە دێتە ڕیزی قسەیەکی، قسە ئاسایی وەزن و قافیەدار.

شاعیر لە گەلێ شوێنی دیوانی دووەمیدا، جوانیی دەربڕین و فۆرمی کردووە بە قوربان بەرزیی مانا و ناوەڕۆك، هەر وەك ویستبێنی چی لە دلێدایە بیلێت و بیخاتە سەر زمانی خەڵکی، ئیتر با وێنە و جوانی لە لاوە بووەستێ.

وا ئەزانم ژیانی ئەو سەردەمەی شاعیر خۆی، هۆی ئەم ڕووداوەمان تێ ئەگەیێنێت. وەك دەزانین شاعیر لەو سەردەمەدا لە بەشی سوریای جزیرەدا ژیاوە، لە ناو جووتیاراندا خەریکی گورجوگۆلێی کۆری سیاسەت بووە، بەڵکو لەم سەردەمەدا هۆنراوەی جگەر خوێن بۆتە ڕۆژنامەیەکی هۆنراوە، ڕۆژ بە ڕۆژ لە وولاتدا، لە جیهاندا چ شتێکی مەزن ڕووی دابێت، چ قسەو باسێك لە کۆری سیاسەتدا بە سەر زمانی خەڵکەوە بوو بێت، یا جێی لێکۆلینەوە و لە سەر دووانی لێستگەکانی رادیۆ بوو بێت. ئەوا (سەیدا) ناچار بووە هەڵوێستی خۆی بۆ ئەو کۆمەڵی جووتیارە، بەرامبەر بەو قسەو باسە دەربڕێ قسەی سەیداش هەر ئەبێ بەشیعر بێت. لە بەر ئەوە هەر وەزن و قافیەیەکی پێویست بووە. کە بۆ سەیدای جگەر خوێن زەحمەت نی یە بەم جۆرە شیعرەکانی ئەو سەردەمەی پەیدا بوون. (ع. م. ر).

جگەر خۆین لە ناو هۆنراوەی خۆیدا هەمیشە ئەوە دەر ئەخا کە هەموو دار و بەرد، ئاو و زەوی، چیا و بانی کوردستان (یەکسەر هەمی هی میللەتن) و (میللەت ڕۆژێك هەلئەستێنە سەر پێ لە پێناوی گوند و شاری خۆیدا. جگەر خۆین هێزی لە ناو بردنی دوژمنی نەتەوەی کورد، لە ناو بردنی سەری کۆلەدار، واتە دەرەبەگ و ئیمپریالیزم، لە قۆڵ و بازودوی خەڵکی خەباتکەر دا، لە هێزی دیل و بەلەنگازان و دەربەدەراندا، لە یەکێتیی پاڵە و گوندیدا دەبینێ:

**کارکەر و جووتکار، پاڵێ، زەحمەتکێش، سەر بلند، دەست ب دار،**
**سەرێ کۆ لە دار ب چاکووچ و داس، ئەوی بشکێنن،**
**وەژی ب سەردن، سکتر بە بەگم، قوللەبازی تەڤ هاتنە زانین،**
**هەزار ساڵە هوون دوژمنێ مللەت، ئەم مللەتێ کوردن،**
**ئەم مللەتێ کوردن**[1]

هەروەها گەلی کورد و ڕۆشنبیرانی بەر لە ئازادبوونی گەلیش لە ناو کۆڕی خەباتدا، لە پێناوی ئاشتیدا و بەرامبەر بە شەڕ ئەوەستن گەلی کورد پرسی ئازادبوونی خۆی هیچ کاتێك بەو پەیمانی دەست درێژییانەوە نەبەستووە کە دەوڵەتانی ئیمپریالی پێکیان هێناوە.

دیارە کە پەیمانی ئیمپریالیی ناتۆ بەر لە هەموو لایەك بە مەبەسی دوژمنی و بەرامبەریی وولاتانی سۆشیالیستی سازکراوە، بەلام لە گەل ئەوەشدا بەرامبەر بە خەباتی گەلانی بندەستیش دروستکراوە.

گەلی کوردی ئازادیخواز بلۆك (کۆمەك)ی ژووررووی ئەتلەسی و ئیمپریالی و هەموو گەلە کۆمەکی یە ئیمپریالی یەکانی تر، بە یەکگرتنی دوژمنانی شەڕ خواهی خۆی دا ئەنێ. هەر لە بەر ئەوەشە کە دەنگبێژی گەلی کورد، دەنگبێژی دەرد و ئازاری، جگەر خۆین، پاش مۆرکردنی پەیمانی ژووررووی ئەتلەسی هۆنراوەی بە ناوبانگی (پەیمانا ئەتلەسی)ی خۆی نووسی. لەو هۆنراوەیەدا جگەر خۆین پەیمانی ئەتلەسی بە پەیمانی

---

(١) هەر ئەو کتێبە، ل ٥٥.

پتەوکردنی ئاشتی دانانێ. بەڵکو ئەو پەیمانە بە چەکێك ئەزانێ کە بۆ دوژمنایەتی لەگەڵ گەلاندا، لە گەڵ ئازادی و ئاشتیدا بەکار ئەهێنرێ.

جگەرخۆین لەم هۆنراوەیەدا، لە باری سیاسی یەوە هوشیارانە ئەو کاتی جەنگە دەست نیشان ئەکات، کە سازکەرانی ئەم پەیمانە ئەیانەوێ بەهێزی کەن و بۆ هەڵگیرسانەوەی شەڕی ئیمپریالی بەکاری بهێنن. کە ئەویش ئەڵەمانیای ڕۆژئاوایە. شاعیرلەم بارەیەوە دەنووسێ:

پـەیـمـانا بـێـکـێـر، حیـلـفا ئەتـلـەسی
کـــارو فـێـدە خـووە نادی توو کەسی[1]
ڕۆژا ئـــەڤ پـەیـمـان دەرکـەڤـی مـەیدان
سـەرێ خـووە هـەلـدەن فاشیستی ئەلـمان
دەڤـــێ خووە ڤەکەن دیسا جەنگ و شەڕ
تـــەڤ دا ڤـورتـێـنـن ئینسان و بەشەر[2]

جگەر خۆین لە هۆنراوەی بەناوبانگی (پەیمانی ئەتلەسی) دا لە لایەك مەبەسی بلۆکی ئەتلەسی دەر ئەخا، کە جەنگ هەڵگیرساندنە، لە لایەکی تریشەوە سیاسەتی ئاشتیخوازانەی یەکێتی سۆڤێت، سیاسەتی مرۆڤ خوازی نیشانئەدات. جگەرخۆین پتەوبوونی ئەم هێزە ئازادیخوازە بە سەر چاوەی پتەوبوونی ئاشتی دا ئەنێ و بەهێزێکی ئەزانێ کە پشتی گەلانی تێکۆشەر ئەگرێ بەرامبەر بە ئیمپریالیستان. شاعیر هەموو گەلانی جیهان بانگ ئەکات کە لە کۆڕی خەباتدا دەست بدەنە یەك:

شیـــرانـــێ وایـــە سۆڤـــێـــتـــی مـــەزن
چـــما هـــوون گاڤـــەك بـــەرڤە نابەزن
هـــەمـــی بـــبـــن یـــەك بـــراو و هـــەڤال
ب هـــەڤـــڕا بـــخـــون ڤـــێ دنـــیـــا دەلال

---

(١) واتە: پەیمانی بێ کارە، پەیمانی ئەتلەسی، کار و سوودی خۆت، بە کەس نادەیت. (ع. م).
(٢) بڕوانە، ئەوێ، ل ٧٩

دەســـتێ خوە ددی دەستێ وێ سۆڤێت
دەوڵــەتا مـــەزن گــەڕنـاس و عەگیت
ڕووگـــەش و دڵـخوەش ب وار دکـەنی
دخـــوازی دنـــیا بـــبـە یــەك عــەنی[1]

جگەر خوێن بە دڵێکی پڕ لە ئازارەوە، ساز بوونی پەیمانی ئەتلەسی بە سەرکانی پەیدا بوونی کاری خراپ حساب ئەکا. شاعیر داوا لە کۆتری سپی ئەکات، کە نیشانەی ئاشتی یە، کەوا ڕووبەڕووی هێزی ئیمپریالیستان بووەستێ و بخوێنێ. داوای لێ ئەکات کە بەرامبەر بەم پەیمانە ناپاکە بدوێ و بە سەر شار و گوندا بفڕێ و داوا لە پاڵە و جووتیار و هەموو خێر خواهان بکات کە بە یەك دەنگ بانگ بکەن:

چ قـــاس بـــقـێـــرن، چ قـــاس بـــبـــازن
ئـــەم شـــەڕ نـــاخـــوازن، ئـــازادیخوازن
مـــە تـــەڤ داگـــرتـن کۆلان و شـــەقام
ئەم شەڕ ناخوازن پشـتمێرێ سەلام[2]

هەر پێش بەستنی پەیمانی بەغدای ساڵی ١٩٥٥، حکوومەتی وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، لە گەڵ حکوومەتی پاکستاندا پەیمانی هاریکارییان مۆرکرد. بە دەستی ئینگلستان و ووڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، پەیمانێکی واش لە نێوان پاکستان و تورکیا دا مۆرکرا.

پاش بەستنی ئەم پەیمانە جگەر خوێن پارچە شیعری (پەیمانا ترك و پاکستان) دەنووسێ.

ڕاستە پەیمان لە نێوان هەردوو دەولەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا تازە بەسترا بوو، گەلێك کەس هێشتا ئامانجی ئەو پەیمانەیان نەدەزانی بەڵام شاعیری پێشکە وتنخواز خواست و مەرامی ئەوی زووتر بۆ میللەت باس دەکر.

---

(١) هەر ئەوێ، ل ٧٩ ـ ٨٠.

(٢) هەر ئەوێ، ل ٨٠.

پەیـــمـــانا دیـــلی، گـەردن شکەستی
تژی کــۆلــەتــی، هــەمی بندەستی
زوو گەهاندە هـەڤ ترك و پاكـستان
دابـــێــتــە خوارن هەڤیٚ کوردستان
بــۆرژوازێـــن تــرك، بانـگێرێ مەزن
مـاڵێ مــە کــوردا هــاوێــر د دزن
داكــو تــەڤ بــبــن تێر مال و دۆلار
وەلات دانـەبەر دەنــگێ کۆ لــەدار[1]

شاعیر بیٚ ترس و بیٚ سڵ سەرکاری حکوومەتی تورکیا ئاشکرا پیشانی میللەت دەدات. ئەو حوکمە سیاسی یە ناپاکەی ئەوان هەر ئەوە نی یە دەستیان بە سەر گەلی خەباتکەری تورکیادا کێشابیٚ، بەڵکو دەستیان بە سەر ئەو میللەتانەی تریشدا کێشاوە کە لە تورکیا دا دەژین. شاعیر ئەو حوکمە دەردەخا و دەڵی:

عەدنان مەندرێــس ل چ دەگــەڕی؟
ژوواڵــســتــریــد دیــــلــی دکـــــری
زنـــجیـــرا دیـــلی گـــران و دو گورد
خستە گـەردنا ترك و لاز و کورد[2]

شاعیر ئەوە زۆر باش دەر ئەخا کە گەلانی عەرەب و کورد و تورك و هەموو گەلانی ڕۆهەڵاتی نزیك و ناوەڕاست باش لە ئامانج و مەبەسی ئەم پەیمانانە گەیشتوون، بە هیچ جۆرێك ئەم گەلانە هەڵنا خەڵەتێن.

---

(١) هەر ئەویٚ. ل ١٩٠.

(٢) هەر ئەویٚ.

له هۆنراوەی (پەیمانا تورك و پاكستان) دا بە زمان خەڵكەوە ئیمپریالیستانی ئەمەریكا و ئینگلیز گونەهبار ئەكات و باوەڕی خەڵك بەوە نیشان ئەدا كە ڕۆژی ڕووناكی نزیكە:

**وایــــە ل هـــاور دەســـت ئاڤــێـتـــن دار،**
**ئـــەوێ بـشـكـێـنــن ســەرێ كــۆ لــەدار**
**چ قـــاس وان بـگــرن، چ قـــاس بـكــوژن**
**واشـیــنـتـۆن، لـۆنــدۆن ژ بــەر دهــەژن**
**قـــەهــرەمـــانــێ كورد، گەڕناسێ ئێران**
**ژ بــۆ كــۆلــەدار خـــووە ناكەن قوربان**
**چ قـــاس لـــە زەهـــەری میـستەر زاهدی**
**تـــوو دەیـــی ئـێـران قـــەت نـابــن گـری**
**زەحـــمـــەتكێش كەتن تەڤ كار و خەبات**
**ئەگـــەر ئـــەم بـمــرن، هـــەر بـژی وەلات**
**خەلـــكێ پاكــســتــان، بـێــنـگالا مەزن**
**دیــلــی ناخـــــوزن، هـــــاور دەبـــەزن**
**ئەم گوه نادن تە، نـــەژی ل عیسمەت[1]**
**ئەو خەونا وە دیت تـەڤ دەرەو دەركـەت**
**تـــو جـــارا نا مـــرن كـــورد و كـوردستان**
**بمـــرێ پەیمـــانا تـــرك و پـــاكـــستان[2]**

ژیان پیشانی دا، كەوا شاعیر چەند لەم بیركردنەوەیەیدا ڕاست بوو. كاتێ ئەو پەیمانەی تورك و پاكستانی بە پەیمانی (دیلی) و پەیمانی (گەردەن شكەستی)ی میللەتانی ووڵاتی ڕۆژهەڵاتی نزیك و ناوەڕاست دەزانی.

---

(١) مەبەس عیسمەت ئینۆ نۆیە. (ع. م. ر).
(٢) هەر ئەوێ، ل ٩١.

سەرکاری ئێستای دەوڵەمەندانی ڕۆژهەڵاتی نزیك و ناوەڕاست گەلێك جار و ئێستاش تاقییانکردۆتەوە کە بە ناوی دین و خۆشەویستی یەوە خەباتی گەلی کورد، گەلی ئازادیخواز بخەنە چاڵەوە. ئەوانە هەمیشە پرسێکیان هێناوەتە پێشەوە و دەیهێننە پێشەوە، ئەویش ئەوەیە کەوا ئەو میللەتانەی کە موسوڵمانن و حەز لە موسوڵمانی دەکەن، هەموو برای یەکن و دەبێ ئەوانە هیچ کاتێك دڵی یەك نەشکێنن.

ڕاستە کەوا میللەت دەبێ پێکەوە بە برایی بژین و برای یەك بن ئەمە پێویستە و فەرزە. بەڵام ئایا ئەو سەرکارانە چۆن لە پرسی برایی گەلان دەگەن و بە چ مەرامێك مەسەلەی موسوڵمانێتی دێننە پێش هەموو شتێکەوە؟.

شتێکی ئاشکرایە، کە بەشی زۆری میللەت کوردیش حەز لە موسوڵمانێتی دەکەن. بە خواستی سەرکارانی ئەو وڵاتانەی ڕۆژ هەڵاتی نزیك، کورد وەك موسوڵمان نابێ خۆی لەوحکومەتانە بدات، کە سەرکاریی میللەتانی موسوڵمان دەکەن. کەوا بوو دەبێ میللەتی کورد کە لە لایەن ئەم حکوومەتانەوە ئازار دەدرێت، لە بەر خاتری ئەو خۆشەویستی یە، دەنگی خۆی ببڕێ و ئەستۆی خۆی بۆ زەوتکەران خوارکات. دیاریشە کە دەبێ دەستی خۆیشی لە خەباتی نەتەوەیی ئازادیخوازانە بکشێنێتەوە.

جگەرخۆین باش لەم فڕو فێڵەی هەندێ حکوومەت گەیشتووە. لە شیعرێکی خۆیدا بە ناوی (ئەڤ چ موسوڵمانی یە) وە لە سەرکاری ئەم حکوومەتانە دەپرسێ، کەوا ئێمە براین و بە حوباندنی خۆمان موسوڵمانین، کەواتە بۆ چ ئەوان ڕێگەی فێر بوونی زمانی دایك نادەن بە کورد. بۆچ ئەو سەرکارانە لە مەجلیسدا دەربارەی حاڵی گەلی کورد بیرناکەنەوە و ئەوە ناهێننە بیری خۆیان:

**ئـــەڤ بـــرایـــێـــن مـــە مـــسڵمان، دەڤ ژ مە بەرنادن**
**قـــەی ڕاستـــە ئـەم کۆلەنە، ئەوژی مەرا ئەسیادن**
**هـــەڤـــێ ژین و هـــقـــووقـــێ دویـــنـــسان دخوازن**
**لـــێ دەستـــوورا زمـــانـــێ مـــە ژ مەرا قەت نادن**
**ل مـــەجلیـــسا ئـــەمـــن، ماڤێ هەر کەسی دبێژن،**
**لـــێ ئەم دبـــیـــرا وان نایـــێـــن، ناڤێ مە هلنادن**

**هنمەدكن عەرەب[1]، ئو هن مە دكن ترك وفارس**
**لێ نە ڕاستە، ئەم مللەتەكی خورت و ئـەكرادن[2].**

پاشان شاعیر ئەو بریارە دەدات كە ئەو سەركارانە دینیان نەحوباندووە، بەڵام ئازادی و سەربەستی میللەتی وەك میللەتانی ژێر دەستی كۆلۆنیالیزمان ناوێت.

جگەرخۆین لە نووسینی خۆیدا ترسنۆك نی یە. لە گرتن و زیندان ناترسێ. شاعیر مەردی ڕێی ئازادییە. پرسی خەبات دادەنێ و خۆشی لە گەڵ هەموو خەڵكدا لە پێناوی خەڵكدا دەچێتە ڕیزی پێشەوە.

مەزنیی جگەرخۆین خۆی ئەوەی، كە ئەو لە پێناوی ئەفراندنی شۆڕشگێڕانەی خۆیدا، لە ڕێ و شوێنی ئەفراندنی شاعیرانی پێشووی میللەتی كوردی وەك: بێكەس، پیرەمێرد، حاجی قادری كۆیی و ئەوانیتر سوود دەبینێت.

بەم جۆرە شیعری جگەر خۆین بەم ڕێگەیەی شیعری شۆڕشگێڕانەی كوردیدا كە دیمەنی خۆی بەڕێی چەند چەرخ و سەدەدا دەچێتە خوارێ.

مەسەلەی یەكەم، كە شاعیر دەیدا بەمیللەتی خۆی ئەمەیە. هەتا كەی میللەتی ئێوە دەبێ بندەست بێ، هەتا كەی ئەو (بندەستێ دژمن شەل و شەت و بێهۆشی) وا بناڵێنێ، ئاخر ئەمەیە بوو بە هەزار ساڵ، كە ئەو نەخۆشە (تا كەنگی نەخۆش بی)، بە ووتنی شاعیر نیشانەی بەدبەختیی ئەو (شاشك و تەربووش)ن، بەڵام نیشانەی بندەستی (چارا ڕەش و سەرپۆشی)یە.

لە كۆتایی ئەم شیعرە بچووكەی خۆیدا جگەر خۆین وامان تێدەگەێنێ كە نەخۆشیی میللەت بریتی یە لە خەوی ئەو، لە (دیلی) یەك كە میللەتی خستۆتە نوێنی نە خۆشی یەوە.

پاشی ئەم شیعرە، شیعری (مللەتی ڕەبەن)ە. شاعیر لەو شیعرەدا دیسانەوە حاڵی میللەتمان دێنێتەوە بیر.

---

(١) جگەر خۆین هاو وولاتی ی سوریە یە. (ع. م. ر).
(٢) هەر ئەوێ. ل ١٦٤.

**میـلـلـەتێ ڕەبەن، قەت نابی هشیار**
**هــەزار ســاڵە کـو تـو مایی بن بار**
**ڕەبەن، پەریشان، تومــایی بندەست**
**شڤــان و گاڤان، کارکەر و جووتیار**
**پاشــا و بــەگــلــەر، ئــاغا و مـوختار**
**مـــاڵێ تـەدخون ب زۆر ز ب دار**[1]

جگەر خۆین هەر ئەوە نی یە کە حاڵی گرانی میللەت دەهێنێتەوە بیری ئەو، بەڵکو دەشیەوێ کە ئەو زووتر لە خەو هوشیارببێتەوە. هەر چەندە هوشیار بوونەوە هێشتا ماوەیێتی و پاش هوشیار بوونەوەش پێویستە کە میللەت بزانێ بە کام ڕێگەدا بڕوات.

شاعیر بۆ ترس نا، بەڵکو بۆ هوشیار بوونەوە بە میللەت دەڵێ، کە دەوروبەری بە (دێوە دەوار دێو) گیراوە[2]، ڕێی دژوارە، هەموو چیا و بەردەڵانە، دڕك و چقڵە. جگەرخۆین لە لاوی گەلی کوردی خەباتکاری دەوێ، کە ئەوان نەترسن و دێو و دژواری و سەری ئەو ناحەزانە وەك سەری ئێکە (تێخن بن لنگان). جگەر خۆین ئاشکرا بانگی خەباتکاران دەکا کە (ڕەشی، ب خووەشی بێنە گوهارتن) کەرخۆشی بۆ میللەتی خەباتکار بێ، بەڵام (ڕەشی) بۆ ناحەزی گەل بێ.

هێژا و شایانە کە بڵێین، لەگەڵ سەرفرازییدا جگەرخۆین هیچ جار خۆی لە میللەت جیا نەکردۆتەوە، خۆی هەمیشە لە ڕیزی لاوانی خەباتکەری نەتەوەدا داناوە.

حاڵی گەل، حاڵی ئەوە، بەختی ئەو، بەختی ئەمە، ڕێی ئەو ڕێگەی جگەرخۆینە بۆ ڕاستیی ئەمەش با تەماشایەکی سەر ناوی هۆنراوەکانی شاعیر بکەین. (ڕێچا مە)، (حاڵێ مە) و (بەختێ مە) و هەندێکی تر، شاعیر لە هۆنراوەی (ئەی کورد ژ خەو ڕابە) دا دیسان میللەت بانگ ئەکات، کە لە خەو هەڵسێت. شاعیر خەباتی نەتەوەی کوردی ئازادیخواز ئەبەستێت بە خەباتی هەموو گەلانی بندەستی ناو جیهانەوە:

---

(١) هەر ئەوێ. ل٢٢.

(٢) دێوە دەوارە دێو، واتە ـ جابێۆکەو ماڵە جاڵجاڵۆکە کە بە کرمانجی دەبێ بە (دەو و پیرهەڤۆك). (ع. م).

**چاڤێ خووه ڤەکە، سەرێ خووه ڕاکە، دەما تەیە بەس**
**دناڤبەرا مەدا جەنگ و کوشتن و هەوارە[1].**

جگەرخوێن خەباتی ئەمڕۆی گەلی کورد بە هەڵقەیەکی هەموو زنجیرەی خەباتی گەلی کورد دەژمێرێ. ئەو بەختەوەریەی خۆی لەوادا دەبێنی کە خەڵکی بڵێ، کە ئەوان کێن، خاوەنی چ هێزێکن و دەتوانن بۆ سەندنی ئازادی و سەربەستیی خۆیان چی بکەن. (" ئەی کورد چ کەسی تو")" هەرچەند تو ناڤداری هەی کورد").

ئەی کورد کو ناڤداری دەبن دەستێ نەیاران چ کەسی تو
وەك گرێدایی ب زنجیرێ د قەید و قەفەسی تو
سەد ساڵە دبن دەستێ نەیاران کو فیغانان دەرسی تو
دەم هات، وەرە مەیدانێ، چرا بێحەواس و دەنگ و حەسی تۆ

★ ★ ★

ئەی کورد، تو بزانە کو جیهان هەر دەم و دۆرە
سەربەستی و ئازادی بزانن کوتەك و زۆرە
زنجیرێ ژ گەردەن بشکێن، زوو وەرە مەیدان
ئیدی تو مەترس پشت و برا لەشکەرێ سۆرە

★ ★ ★

وەك لات و زناری، لە تە بارانێ بەلاَ تێ و دباری
مۆران و کولان گرتی یە سەر، مایە تو وەر بن ڕەش و تاری
باهۆز و ستەم گومگومە هاویر تە دباری ب نەیاری
سەر دانی یە بەر لنگێ تە یاران و دنالی و دژاری

★ ★ ★

ئەی کورد، تو بزانە کو جیهان هەر دەم و دۆرە
سەربەستی و ئازادی بزان کوتەك و زۆرە
زنجیرێ ژ گەردەن بشکێن، زوو وەرە مەیدان

---

(١) هەر ئەوێ، ل ٢٦.

ئیـــــدی تـــــــو مـــەتـرس پشـت و بـــرا لەشـــكریٚ ســۆره

★ ★ ★

دەر یایـــیٚ نیـــزاما قـــەجـــەری پـێـلدایه ل سەر تەب خورتی
زنــجـیــریٚ نــیــزاما تــەتــەری زەنــدیٚ تەپـیـچان و تو گرتی
چـــەنـــد ســالٚ ب نــزانــی تــو لـسەر هەڤ دڤی ئاریدا بهورتی
سەرهلدە ژ خەو و شەرمە ژ بۆنا تەرا ئەڤ خشكی و سرگی[1]

★ ★ ★

جگەر خۆین لە تەواوی ژیانی خۆیدا بەچاوی خۆی دیوییەتی كەوا (مەزنانی كورد) بۆ حالٚی بیٚ دەرەتانان، بۆ گەلی خەباتكار، هیچ شتێكی ئەوتۆیان نەكردووە. (دیارە مەبەستی لێرەدا فیودال ـ واتە ـ دەرەبەگی كوردە) خەبات كردن لە پێناوی خوش كردنی حالٚی گەلدا دوورە لە بیری دەولٚەمەندانەوە و بە دلی ئەوان نی یە.

لە بەر ئەوە جگەرخۆین لە هۆنراوەكانی خۆیدا بە پێچەوانەی ئەوەوە كە لە گەلٚ مەزناندا بدویٚ، لە گەلٚ بچووكاندا ئەدوی، لە گەلٚ پیاوانی تێكوشەردا ئەدویٚ. لە هۆنراوێكدا كە لە سالٚی ١٩٤٥ دا بلاٚو كراوەتەوە (هەكە مەزن ڕانەبن، ئەمیٚ هوور ڕابن) واتە، گەر پیاوی گەورە هەلٚناسن، ئێمەی وورد هەلٚئەستین. لە وێدا شاعیر ئەم مەبەسە بەرەو پێشەوە ئەبات، كە وابو حالٚی ئەمڕوی خۆیان و بۆ ژیانی سبەینیٚ یان میللەت ئەبی خۆی بكەوێتە بیركردنەوە. چونكە هەر تەنیٚ ئەو ئەتوانیٚ بۆ هێنانە دەستی هەقی خۆی، پیاوانە هەستێت بكەوێتە كۆڕی خەباتی ئازادیخوازانەوە. جگەر خۆین لەبەرهەمی خۆیدا وەك شاعیرێكی شارەزا لە سیاسەت، باش لە بیرو مەرامی دەولٚەتانی ئیمپریالی ئەوروپا گەیشتووە، بە تایبەتی بەرامبەر بە مەسەلەی كورد، لەو بارەیەوە نووسیوی یە:

لــیٚ حــكوومــەتـێـن ئەوروپا ژ مەرا دەستوور نادن
دا ئـــەم بـگـــەریـــن ل كـــوردستان، وەك فەلەكا دەوار
ئـــەم جـــانیٚ خـــۆ ددن، ڤەت تەركا كوردستانیٚ نادن

(١) هەر ئەویٚ ل ٥٦.

**لـــەورا پـــڕ خـــۆشـــە دەشـــت و نـــەوال و چیا و زنار**
**هـــەمـــی گـــول و یاســـەمـــیـــن و بـــەلـــگـــن و ریـــحان**
**هـــیـــنجاس و تـــــریٚ و مـــشـــمـــش و هـــــەم هـــــنار**
**دەریـــا و گـــەوهـــەر و کیمیا و گاز، کانی یەن نەفت**
**ئـــاش و ئـــاڤـــی و بستـــان و زەڤـــی و مێرگ و ڕووبار**

جگەرخۆین بە ریالستی (واتە ـ واقعی) دیمەنی (مەزنان) نیشان ئەدا.کەوا هەموو خەریکی برنـج خواردنن و لە بورجدا لە سەر پەڕ ئەنوون، بەڵام (بچووکان) لە چاڵدا ئەژین و خۆراکی ماڵاتی ئەوان ئەخۆن و ڕووت و پیٚ خاوسن. بۆیە شاعیر ئەڵیٚ:

**بەســـە، ئەگـــەر هوون مەزن ڕانەبن ئەمیٚ هوور ڕاین**
**ژ بـــەرێـــدا مـــەزنـــان شوور ئاڤێت، بچووکان دادار[1]**

شاعیر خەڵکی بانگ ئەکا تا چاوی خۆیان بکەنەوە و ببیننچۆن (کاروانی برایەتی) بەرێدا ئەڕوا، تا هیچ خەم نەخۆن، کاتیٚ (چەند سەگی بیٚ تۆرە ل پەی وان دەقوڕن). (کاروانی برایەتیی خەباتی گەلانی بن دەستە، ئەوەی کە هەڵساون و ئاڵای ئازادی میللەتی خۆیناویان بە دەستی خۆیانەوە گرتووە. جگەر خۆین دڵی خۆی ئەبەخشیٚ بەگەلەکەی خۆی، تا هەموو کات ئاگادار بێت و هیچ کاتیٚ گومانی لەوەدا نەبێت کە (ڕووناهی وتاری و شەڤ و ڕۆژ، ویٚ و پەی هەڤرا دبارن) لە هۆنراوەی (هەرچەند کۆ ناڤداری هەی کورددا) جگەر خۆین ئەڵـــیٚ:

هەرچەندە کورد ناوداریش بیٚ، بەڵام مایەی شەرمە کە هەموو گەلان هەڵساون و هەندێك لە مانە بوو ـ ن بە خاوەنی (ئاڵا و سەرا)ی خۆ و هەر تەنیا کوردە لە دنیادا ـ بەواتەی شاعیر، کە لێرەدا باری ڕەخنەگری ئەگرێت، بیٚ کار و بیٚ کەڵکە:

**پـــڕشـــەرمـــە، کـــــو ئەڤ ئـــاڤ و چیـــا کـــان و پـــەتـــرۆڵ**
**تـــەڤ یـــیٚ تـــەبـــن، لیٚ هەر تو وٚسا دەســـــت ب قەلێر بیٚ**
**پـــر شـــەرمـــە، وەڵاتـــیٚ تــــە هـــەمـــی شاخ و بڵند بیٚ**

---

(١) هەر ئەویٚ ل ٣٦.

**بن دەستێ نەیار هەر وەهــە سەر پێل و ل ژێر بـــی**
**ناکــەسی ب تــوونە هــەمــی بانــگێر و خــودی گوند**
**تا کـەنگی ب ڤی ڕەنگی خووەیدی تــەڤرك و بێر بی؟**
**دژمــن کــەتــی یــە باغ و ســەرا دڵخوەش و ڕوو گەش**
**تا کــەنگـی ل سەر دەرد و کــولان پالڤە دی، گێر بی؟**
**دەســـتێ خــوە ڤــەمــالە، کوتو سەربەستی دخوازی**
**لــێ دڤــێ کــوب خــوە وەك شێرێ ل زۆزان و زنێــری**
**هــایا تـــەهــەی دا نـــەکــەڤــی داڤــکــێ زنــهــار**
**مــــەیــدان ژتــەرا تــەنــگــە، دڤــێ زیرەك و ڤێر بی**
**چــالاك و ســـوار گــەر تــول مــەیــدانێ بــبــازی.**
**چــاڤێ خــوە ڤــەکە هەر کەسێ یا شــمێرێ سوێر بی**
**مــالــێ خــۆە جــانێ خــۆ بــدە هەر ئەڤە ڕوومــەت**
**لــێ گــەر تــۆ نــەوی وە هــەبــن قامچی و دێــر بی.**
**گـــەر بــمــری دڤــێ ڕێــدا خـــووی ناڤ و نیشانی بی**
**ڤــوبــیــا گــو ل ســەر تەمەــزن و سادە ژ ژێر بی**[1]

سالێ دێن و سالێ تێپەر ئەبن، دەوران دەگۆڕێن، نەوەی تازە دێنە پێشەوە بەڵام دەردوباری کوردستان لە دڵی ڕۆڵەکانی کورددا ئەوانەی لە بندەستی دا زیرەی شێرانیان لێ هەڵئەستی، هیچ جار ئەو دەردە دەرنایەت.

خەڵکی ووڵاتانی دەرەوە. ئەوەی چوونەتە کوردستان، بە چاوی خۆیان گەلی کوردی تێکۆشەریان دیوە و هەموو دەربارەی ئەو، ووشەی پەسەندی یان دەربڕیوە، ئەمانە ووتویانە کەوا منالانی کورد لە گەڵ بچووکیشیاندا هەر حەز بە ئازادیی ئەکەن. مەسەلەی ئازادیی و ڕاستی تەواو پرسێکی زۆر فەرزە بۆ نەتەوەی کورد. منداڵانی وان

(١) جگەر خۆین، سەورا ئازادی، دیوانی دووەم، شام، ١٩٥٤،ل ٢١

هەر لە بچووكیی خۆیان ڕووداویان دیوە. لە پاڵ دیتنا مندالێ دیوی یە کە گەورە کچ و کوڕی پێ گەیشتووی خۆی لە مانای بەلەنگازی و بندەستی گەلی خۆی ئی گەیێنی.؟

**ئیحسان نووری لە گۆڤاری ڕۆناهی دا نووسیوی یە:**

(لاۆو: تو دزانی چرا ئەم هەق نابینین، چرا ئاخا مەڕەشە ئەسمانێ مە تاری یە.

عفریتان پێشیا رۆناییێ گرتنە.

لاۆو! تو دزانی چرا ئەم نکارن هەڵمەکە ڕەحەت بکێشن، ئەم دفەتسن، دەنگی مە دەرناکەڤە، دەست و پێ مەنالپە.

دێون سەر سینگی مە ڕوونشتنە. چرا ڕووی من زوور بوویە؟. ڕاستە، ئەم هەڤ دبینن. رۆژ دەرکەتی، تاڤێ ل عەردی دایە، گوڵ و سۆسنان هەر دەر خەملاندی یە. وەلێ ئەڤا رۆناییا کو ئەز دبێژم ئەڤە.

ئەرێ، لاۆو،ئەرێ، ئەوێ تاڤێ دبێژم، کوتاریا ڤروون دلێن کوردانڕا ڕاکرێ چاڤێ دلارا رۆنایی دابوو، توخمی کین و نەیارتیا هەڤ، کو دوژمنێن مەل ڤێ تارییا دلدا چاندی، هەڤدوورا کوشتن ددان و لگەل خوونێن پاك، کوردێن جاهل و بیخەمبەر ئاجوور چێ دکر، خەمێن و هەسارێن کوخکێن جەلال و جەبەرووتێن خۆ مهکەم و بلند دکرن).

**خشکانۆ، لاۆو:**

**ئەو ڕۆژا دبێژم کو بۆنا هلاندن و هوورهوورکرنا زنجیرێن زلم و دیلێ دەست و پێ ێن کورد هلاتی، دەما تەوافا قەبرێن شەهیدان، ئێن بێ کێن، شەهیدێن دین و مللەت خواری روێ بوو بوو. ل ناڤ چینگالێن دێو و ئەفرتیان گرتنا بوویە[1] مرۆڤ بەدووای ئەم ووتارەدا ئەو هۆنراوەی جگەر خۆینی دێتەوە یاد کە بە ناوو نیشانی (مێرانە ڕابن خۆرتێن کوردستان)ە وەبە دلێکی سووتاوەوە نووسراوە لەو هۆنراوەدا شاعیر کوردستان بە کچێکی بەدەو (واتە ـ جوان) نیشان ئەدا، ناموسی کچانیش، ناموسی هەموو لاوانی کوردە.**

**لەبەر ئەوەیە کە هەموو لاوێك، هەموو پیاوێك لە پێناوی ناموسی ئەو کچەدا ئامادەیە گیانی خۆشی ببەخشێ، هەر تەنیا ناموسی ئەو بە فیداکاری بپارێزێ:**

---

(١) گۆڤاری (رۆناهی) ژمارە، ٢٨، شام، ١٩٤٥، ل ١٧.

واتاکەی ئەم نووسینە ئەمەیە:

ئەی لاو! تۆ ئەزانی بۆچی ئێمە یەکتری نابینین، بۆچ خاکی ئێمە رەشە و ئاسمان تاریکە دێو بەری رۆناکیی گرتوە.

ئەی لاو! تۆ ئەزانیت بۆچ ئێمە ناتوانین هەناسەیەکی لە سەر خۆ بکێشین. ئێمە بۆگەن ئەکەین کەچی دەنگمان دەرنایەت، دەست و پیمان ناجوولێ. دێون لە سەر سنگی ئێمە دانیشتوون بۆچ بەرچاوی من بوە بەتەم ! ڕاستە ئێمە یەکتر ئەبینین. رۆژ هەڵهاتوە تیشکی داوە لەزەوی، گوڵ و سۆسەنی لە هەموو لایەك خەملاندوە. بەڵام ئەو روناکی یەی من ئەیلێم ئەمەنی یە. ئەرێ، ئەی لاو! ئەرێ، ئەو تیشکی هەتاوەی من ئەڵێم، ئەوەیە کە تاریکانی سەدان ساڵ لە دڵی کورداندا نەهێڵێ و لایبەرینا، چاوی دڵان ڕوون کاتەوە. تۆوی کین و ناحەزی لە گەڵ یەکدا، ئەوی دوژمنانی ئێمە لەووتاریکییەداچاندبوویان، یەکێکیان بە کوشت ئەداین و لەگەڵ خۆینی پاکی کوردی و لاوو بێ غەمدا شورەیان دروست ئەکرد و لەغەم و فرمێسك کۆشکی جەلال و جەبەرووتی خۆیان مەحکەم و بڵند ئەکرد.

خوشکینە! لاوینە! ئەو ڕۆژە ئەڵێم کە بۆ هەڵوەراندن و ورد و خاش کردنی زنجیری زوڵم و دیلیی دەست و پێی کورد هەڵهاتوە. کاتی تەوافی گڵکۆی شەهیدانە، ئەوەی بێ کیلن، ئەو شەهیدەی لە پێناوی گەلخوازیا چووە بن گڵەوە. ئەوی گرفتاری چنگی دێو و درنجان بوو. (ع. م. ر).

کــوورِ، کــوورِ مــەناڵە ئەم تەڤ بڕشتن
ڤــوربــان مەتــرســـە ڤا ئـەم گهشتن
یان دێ تـــەبـــگرن یان بـێنە کوشتن
نامـــووسە ڕابــن خــۆرتێن کوردستان
دوژمـــن تــەڤ گرتن ئەڤ باع و بۆستان
سۆنـــدا مــە خــوونــیا سـەید و ڤازی
حــەتــتــا ب زۆرێ تو من نە خووازی،
ئـــەز دێ بـنــالـم هــەووار و گـــازی.
نامـــووسە ڕابـن خـورتێـن کوردستان،
دوژمن تەڤ گرتن ئـەڤ باغ و بوستان(١)

جگەر خۆین وەك دەنگبێژی دەر دو كۆیلەی گەلی كورد، وەك شاعیری شۆرشگێر و تێكۆشەری گەل، بورجی ئەو، بورجی بەختەوەریی گەلەو، دەربارەی خەباتی ساڵ بە ساڵی نەتەوەكەی ئەنووسێ. ئامانجی جگەرخۆین ئەوەیە كە نەتەوەی كورد بۆ ئەوەی لە خواست و مەرامی خەباتی ئەمڕۆی بگات، ئەبێ مێژووی خەباتی چەند ساڵەی خۆشی بەرامبەر دوژمنانی ناوەوە و دەرەوەش باش بزانێ.

ساڵی ١٩٢٥ لە كوردستان توركیادا بەسەر كاریی شێخ سەعید ڕاپەرین دەستی پێكرد. ئەو ڕاپەڕینە گەلێ گوند و شاری كوردستانی گرتبووە: خەربووت، دیار بەكر، خۆزات، دێرسم، مانازكێرت.

حكوومەتی توركیا بە كۆمەكداریی فەرەنسا لەشكری بەرامبەر بەڕاپەڕینەكەی وەستان. ئەوان گەلێك گوند و شاری كوردیان. سووتان. گەلێكی زۆر لە خەڵكی عام و تامیان دایە بەر گوللەو بەداریاندا كردن.. حكوومەتی توركیا هات تەواو ئەو ڕاپەرینە وورد و خاش بكات. لە ٢٨ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٢٨ دا لە مەیدانی شاری دیاربەكردا پەنجا و سێ سەركاری ئەو ڕاپەرینەی كرد بەدارا؛ شێخ سەعید، خالید بەگ و هاوەڵەكانی تریان. بەڵام حكوومەتی توركیا بەبەداراكردنی سەركارەكانی ڕاپەرین

(١) جگەر خۆین، سەورا ئازادی، دیوانی دووەم، شام ١٩٥٤، ل ١٨ ـ ١٢

ڕەحەت نەبوو. بەڵکو هەزاران خەڵکی لە کورد گرت، گەلێکی سەرنگونکرد و گەلێکی لە بەندیخانەدا کوشت ئەو قەوماوە کاری گرانی کردە سەر گیانی جگەر خوێن، چونکە ئەو هەموو کوشتارەی بە چاوی خۆی دی. شیعری یەکەمی جگەر خوێن، کە دەربارەی ئەم ڕاپەرینەیە، ئەوە پارچەی.. تەئریخا شێخ سەعیدێ ڕەحمەتی یە:

**ساڵا هەزار و سێ سەد و هەم چل و چارێ هجری**
**ڕابوو ژناڤ مە کوردا پاشایێ تەختێ خوسرۆ**
**ئەو ڕۆستەمێ زەمانە، بەهرامێ مۆلك و دەولەت.**
**سێ چار مەهێن بەهارێ ترکان و گەل وی شەڕ بوو**
**چەند قەیمقام و والی گرتن دوێ بهارێ.**
**ترکا دکرنە گازی، ئامان ژ دەستی کوردۆ**
**زازا وەکی پلنگان ب دار و شوور و کۆپال**
**بەرێ خۆ دانە ترکان گازی کرن ئەرۆ - رۆ**
**ب سووند و سۆز پەیمان ڕابوون دگەل ڤی شاهی**
**ب دەنگ و ڤیڕ و هالان، ئێریش دبنە ترکۆ،**
**دەنگی تفەنگ و تۆپان گها سەمایێ بانی،**
**خووین بوو ڕەوان ژ خۆرتان زاب و فەرات و چۆچۆ**
**هندك ژ کوردێ نەزان خاین دبوون د دلدا،**
**بەرگیل و بەدو سەرسەم، مەشهوورە ناڤێ قاسۆ**
**ڕابوون ل ب ڤی شاهی وەك پلنگان دچوون هەڤ**
**ترکێ مە بوویە دەولەت، وەك دەولەتا هەلاکۆ**
**وان شێخ سەعید ئەفەندی گرتن د چەژنە ڕۆژی**
**گەلەك مەزن د گەل وی خستن شەریتێ یارۆ**
**مەلا و شێخ و بەگلەر، کوشتن سەرێ دوانا،**
**ل بەر تفەنگ و تۆپان مانەندی گۆگ و کاشۆ**
**پیر و جوان و بووکان، بسکێن د ڕەش قوساندن**
**وان شەنگ و شۆخەقامەت، ئەبرۆ هلال و ڕوو ڕۆ**

**گــازی دکــرنــه یــه‌زدان، یــارەب خودۆ توزانی**
**ئــه‌م مــانــه ژارو مه‌هرووم، بێ مال و مێر و زارۆ**
**ســه‌د شــاه و بــه‌گلەر و میر، کوشتن ژ مه نەیارا،**
**نامــووس نــه‌ما ب جارەك، بۆ شێخەکانێ بەدگۆ(١)**

جگەرخۆین له کاتی خۆیدا خەباتکاری شێخ سەعید گەلێك کاری تێکردبوو، بەڵام لەو کاتەوە تاپێگەیشتنی شاعیری لاو گەلێك پێشکەوتووە. وەك خۆی نووسیوی یە، دڵی پڕ بووە لەو دەردە زۆر گرانە و لە هەردوو چاوی وەك ئاوی چەمی زاب دیجلە خوێنی لێ دەڕۆیشت و ساڵی ١٩٤٥، کاتێ سوپایسۆڤێتی ئەڵەمانی فاشستیی له ناوبرد، خەباتی ئازادیخوازانەی گەلی کوردی ئێران و عیراق گری سەند.

٢٢ ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٤٦ له شاری مەهاباد دا کۆمەڵی میللەتی کوردستانی ئێران. جاری یەکەم دامەزراندنی کۆماری کوردستانی دیمەکراتی ئیعلان کرد خەباتی گەلی کوردستانی ئیران گەیشتە مەرامەی خۆی. زۆر زوو ماوە بۆ نەهێشتنی نە خۆیندەواری و دوواکەوتن سازکرا. گەلی کورد دەستی دایە ژیانی تازەی خۆی.

بەڵام تۆ وەرە بڕوانە، کە ئەو ژینەی گەلی کورد دەستی پێکرد بوو بە دڵی حکوومەتی کۆنەپەرستی ئێران نە بوو. و ئەو کۆمارەی مەهابادیان بە هێزی سوپا هەڵوەشاند. لەم کارەدا ئیمپریالیزمی ئینگلیز و ئەمەریکا کۆمەکێکی زۆری ئێرانیان کرد.

له ١٠ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٦ دا لەشکەری حکوومەتی ئێران بە فرمانی قەوام ـ ل ـ سەلتەنە هێرشی بردە سەر ئازربایجان و کوردستانی ئێران ـ بەتانك و تۆپ و فرندە ئاگر و گوللەیان بەسەر نیشتەجێی بێ وەیی گوند و شاردا باراند.

٣١ ی مارتی ساڵی ١٩٤٧ له مهاباد دا بە سەرکاریی ژەنەراڵی ئەمەریکایی شڤار سکۆپ هەر سێ سەرکاری حکوومەتی کوردستانی دیموکراتی ئێران قازی محەمەد و سەیفی قازی و سەدری قازی لە لایەن حکوومەتی کۆنەپەرستی ئێرانەوە بەداراکران.

له ناوبردنی قەوارەی دیموکراتی کوردستانی ئێران و کوشتنی سەرکردەکانی کۆماری مەهاباد گەلێك دڵی جگەر خۆین دێشێنێ.

---

(١) جگەر خۆین. (دیوانی یەکەم، شام، ١٩٤٥، ل ٢٦).

شاعیر پارچەی (دبیر ئانینا قازی محەمەد) دەنووسێ، کە دەربارەی خەباتی کوردی، کوردستانی ئێران دەدوێت:

**خـــاکـــی کـــوردستان ب قوربان، پڕ جوان و پاقژی**
**خـــوویـــن ڕژانـــدن، پـــڕ تـــەوا ل هـــەر ئالـــی ڕژی**
**مـــلـلـــەتی کـــورد تـاکـو ساغە ئەو ژڤێ ڕێ ناگەڕی**
**ئـــــــــــافەری، ئـــــــــــــافەری**
**قـــازی مـــحـــەمـــەد ئـــــــــــــافەری**
**ئـــەڤ نـــە شەرمە تێنە کوشتن ئەم درێچا پێشکەتن،**
**وا تـــرووومـــان زانـبـی ئەم خووەش نیژاد و مللەتن،**
**ئـــــــــــافەری، ئـــــــــــــافەری**
**قـــەمـــبـــەرا زەڕا ئاتۆمـــی زەرەیـــەك نـــابن ژ دل**
**سەر خوە ناژی مللەتێ کورد تاکو ئەڤ زنجیرە لە مل**
**کەسی ب لاڤ لاڤ و ب دیلەك ڤی بەری نـــابن ســەری**
**ئـــــــــــافەری، ئـــــــــــــافەری**
**قـــازی مـــحـــەمـــەد ئـــــــــــــافەری**
**ئـــەی تـــرومـــان کـــوشتنا قازی محەمەد چی یە؟**
**قـــەی عـــەدالـەت تـم وسایە، حوکمی دیموقراتی یە،**
**لـــێ ب کوشـــتـــن و ب زیـــنـــدان مـلەتی کورد نامری**
**ئـــــــــــافەری، ئـــــــــــــافەری**
**قـــازی مـــحـــەمـــەد ئـــــــــــــافەری**(١)

---

(١) جگەر خزین، سەورا ئازادی، دیوانی دووەم، شام، ١٩٥٤، ل ١٨١.

کاتێ لە کوردستانی ئێراندا لە پێناوی ئازادی و سەربەستیدا خوێن دەهاتە ڕشتن، هەر لەو کاتەدا لە کوردستانی عیراق دا گەلی کوردی ئازادیخواز... کەوتە خەبات. حکوومەتی عیراق بەسەر کردەیی نووری سەعید وەك حکوومەتی ئێران تۆپ و تانك، فڕندەیان نارده سەر کورد. ئەویش وەك حکوومەتی قەوام ـ ل ـ سەلتەنە لە هەموو لا سێدارەی هەڵخستبوو و لاوی خەباتکەری گەلی کوردی بەدارا دەکرد.

ساڵی ١٩٤٧، لە ١٩ی حوزەیراندا لە شاری بەغدادا لە لایەن حکوومەتی خوێنخوازی نووری سەعیدەوە چوار لاوی کوردی دیموکرات، کە سەری خۆیان بۆ ئۆغری کوردستان دانا بوو، بەدارا کران.

ئەو چوارەش ئەندامی پارتی (ژینی کورد) بوون، یەکێکیان کەپیتان مستەفا خۆشناو و یەکێك مایۆر عیزەت عەبدولعەزیزە و ئەویتر کەپیتان خەیروڵڵا عەبدولکەریم و لیۆڤینتانت محەمەد مەحموود بوون.

پێش بەداراکردن ئەم لاوە کوردانە نامەیەك بۆ میللەتی خۆیان دەنووسن، لە وێدا دەڵێن کە ئەوان لە ڕێگەی خەباتی خۆیاندا هیچ کاتێك دووانەکەوتوون و ژیانی خۆیان پێشکەش کردووە و شانازی دەکەن کە لە پێناوی ئازادی کورد و کوردستاندا بکوژرێن و ببنە (نیشانەی تێکوشانی میللەتی کورد لە ساڵی ١٩٤٧ دا) ئەمەیە کە ئەو چوار قارەمانە لەو نامەیەی خۆیاندا نووسیویانە، کە پاشان ساڵی ١٩٦٠ لە ڕۆژنامەی (خەبات)ی ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستاندا یەکەمجار لە ژمارەی ٢٤٣دا بڵاوکراوەتەوە:

**بەغدا**

**١٨/ حوزەیران/١٩٤٧**

لە شەهیدانی ڕێگای نیشتمانەوە، عیزەت عەبدولعەزیز و مستەفا خۆشناو و خەیروڵڵا عەبدولکەریم و محەمەد مەحموودەوە، بۆ برایانی میللەتی کوردی خۆشەویست.

لە دووای تەبلیغی حوکمی ئیعدام بە یەك سەعات نووسراوە.

**برایان:** له ژیانی ژێر دەستی ئیستیعمار دا، له نووسینی ئەم نامەیەوە تەنها چواردە سەعاتمان ماوە، بە پەتی ئیستیعمار دەگەینە دنیای ئازادی و گیانمان دەگاتە گیانی، پاکی شوهەدای ڕێگای نیشتمان.

**برایان:** خۆمان زۆربە بەختیار دەزانین کە بەرامبەر واجیبی میللەت هیچ دوانەکەوتین، تەنها نەسیحەتی ئێمە ئەوەیە کە لاوان و نیشتمانپەروەرانی کورد نوکرانی زات بکەنە نیشانە و یەکێتی بکەنە پەیرەوی خۆیان، بۆ شکاندنی تەوقی ئیستیعمار و ڕزگار کردنی هەموو میللەتێکی مەزلووم، بێ جیاوازی.

**برایان:** دوژمنی جەهالەت بن، بە هەموو تواناتان شەڕی جەهالەت بکەن و دووای جەهالەت مەکەون. ئێمە نیشانەی تێکۆشانی میللەتی کوردین لە ساڵی ١٩٤٧دا. برایانی ئێمە کە ماون بۆ ڕێگای شەرەف تێدەکۆشن و پشت بە خوای گەورە میللەت ڕزگاری دەبێت.

**برایان:** هاتنمانە بەر سێدارە لە بێ دەسەلاتی یەوە و سێ و دووگردنەوە نەبوو بۆ تێکۆشین. بەڵکو هەر وەکو سەربازێکی ئازا تا ئاخری توانا هەوڵمان داو گەیشتینە ئەم نەتیجەیە.

ئیدی بۆ یەکێتی و بۆ ئازادی، بژی کورد و کوردستان

خەیروڵڵا عەبدولکەریم   مستەفا خۆشناو   عیزەت عەبدولعەزیز   محەمەد مەحموود[١]

**پێش بەداراکردن مستەفا خۆشناو لە دووا ووشەی خۆیدا دەڵێ:**

(جەلادینە، بڕۆن بە گەورەکەتان بڵێن، کە هەقی خۆینی من دەستێنرێ و من سەر بەرزم. ناوی من لای میللەتی خۆم لە بیرناچێتەوە. ئەو لەیادایە، لە گەڵ ناوی ئەو شەهیدانەی ئێمە، کە ژیانی خۆیان بەخشیووە بە ئازادی و بەختەوەریی کوردستان. من سەربازم و بە دڵێکی ئاسوودەوە ژیانی خۆم دەبەخشم بە خۆشبەختی و ناوی ووڵاتی خۆم. من هەرسێ کچەکەم، پرشنگ، پەری و شیرین[٢] لە جیهاندا بەجێ دێڵم.

---

(١) دوکتۆر ئۆردیخان، ئەم نامەیەی بەو ئەلف و بێ یە نووسیوەتەوە کە خۆیان بەکاری دێنن، لێرەدا نامەکەم لە بەر فۆتۆی بڵاوکراوەی خۆی خستەوە سەر ئیملای ئەمرۆمان. (ع. م. ر).

(٢) پرشنك پاش باوكی كۆچی كرد. هەر وەك ئازادی كوڕی پاش خۆی هاتە جیهانەوە. (ع. م).

با ئەوان بزانن من گیانم بەخشی بە نیشتمان. من باوەڕم وایە کاتێ ئەوان گەورە دەبن لە ژیانی خۆیاندا شوین من دەکەون(١) .

پاش بەداراکردنی ئەو چوار لاوە قارەمانەی کورد جگەر خۆین پارچە هۆنراوەی (گەڕناسێ مامەش خۆشناڤ ناڤ خووەش)ی نووسی و پێشکەشی لاوی کوردی ئازادیخوازی کرد. لەم پارچەیەدا وەك وەڵامی ئەو قسانەی مستەفا خۆشناو بداتەوە کە پێش مردن وو توویەتی وایە:

سێ زاڕۆك خۆش تێن، ب دەنگ و ڤیڕین
دەنــــگــێ پرشنــگ و پــەری و شیرین
کـــانێ بـــاڤێ مـــە، ڕوستــەمێ مەیدان
بـــژی کـــوردستان، بـــژی کـــوردستان

★ ★ ★

هـێستــرێن وان تـێــن، دەستێن وان بلند
ڕێ ونـــدا کـــرنـــە، نـــەبـاژار، نـەگوند
کا بەتلـێ مامـــەش، ڕۆستـــەمێ مەیدان
بـــژی کـــوردستان، بـــژی کـــوردستان

★ ★ ★

ســـەرێ وان گـــەڤـــەر، پییـێــن وان تازی
ب دەنـــــگەکـــی زیـــز تەڤ دکەن گازی
کـــا بەتلـێ مامەش، ڕۆستەمێ مەیدان؟
بـــژی کـــوردستان، بـــژی کـــوردستان

★ ★ ★

(١) نووسەر سەرچاوەی ئەم قساندی دەست نیشان نەکردووە. لێرەدا قسەکانم هێنایەوە سەر شێوەکەی خوێ. هەر چی دووا ووتەی مستەفا خۆشناوە لە سەرچاوەیەکی تردا بەم چەشنەیە. داری ئازادیی گەلان بە خوێن ئاو ئەدرێت. با خۆینی مێش دلۆپێك بێت لەو خوێنە بۆ ئازادیی عیراق. و گەلی کورد. بژی کورد و کوردستان بە ئازادی و سەربەستی.

بروانە: علاو الدین سجادی شورەشەکانی کورد و کۆماری عیراق. بەغدا. ١٩٥٩ ل، ٢٣٩ (ع.م).

**مــن دەستێ وان گرت، گەلۆ هوون کینە؟**
**گــۆ، ئـــەم چ بێژن، هــەرسێ سێوینە**[١]
**کـــا بەتلـێ مامەش، ڕۆستەمێ مەیدان؟**
**بـــژی کـــوردستان، بـــژی کـــوردستان**

★ ★ ★

**هـــەر سێ ڕێـویـــنە**[٢]**، لـێ ڕێ نـەزانن**
**بافـــێ مـــە کـــوشـتـن، ئەم بێ خودانن**
**کـــا بەتلـێ مامەش، ڕۆستەمێ مەیدان؟**
**بـــژی کـــوردستان، بـــژی کـــوردستان**

★ ★ ★

**گـــافا وەر گـــۆتن، دلـــێ مـــــن کـــەلـی**
**دەنـــــگی من داگـــرت، نـــەوا ل و گەلی**
**کـــا بەتلـێ مامەش، ڕۆستەمێ مەیدان؟**
**بـــژی کـــوردستان، بـــژی کـــوردستان**

★ ★ ★

**گـــافا وەر گـــۆتن، دلـــێ مـــــن کـــەلـی**
**دەنـــــگی من داگـــرت، نـــەوا ل و گەلی**
**کـــا بەتلـێ مامەش، ڕۆستەمێ مەیدان؟**
**بـــژی کـــوردستان، بـــژی کـــوردستان**

★ ★ ★

---

(١) سێوی. هەتیو (ع).
(٢) ڕێوی. ڕێبوار (ع).

**مـــن گـــرته هـــەمبێـز هەرسێ پەریشان**
**دەنـــــگێ مــــە بوو یەك ڤێرین و گریان**
**کـــا بەتلـێ مامەش، ڕۆستەمێ مەیدان؟**
**بـــژی کـــوردستان، بـــژی کـــوردستان**

★ ★ ★

لە ساڵانی جەنگی دووەمی جیهاندا، جگەر خۆین دەربارەی شەهید و خەباتکاری گەلی کورد پارچە هۆنراوێکی بە ناوی (شانامەی شەهیدان)ەوە نووسیوە: بۆ ئەوەی مەرامی ئەم هۆنراوە بگەیێنێتە هەموو خوێندەوارێك، هەموو گوندی یەك، شاعیر هۆنراوەکەی خۆی بە جۆرێ نووسیووە، کە زمانەکەی سووك و فراوان بێ. لەناو ئەو ١٦٩ دێرەی ئەم داستانەدا ناوی ٤٢ مێرخاس و قارەمانی نەتەوەی کوردی نیشانداوە. شاعیر ئەم قارەمانانە بە کوڕی لێهاتووی نەتەوەی کورد ئەداتە قەڵەم.

بە بەردەمی خۆینەردا وێنەی خالید بەگ[١] و دوکتۆر فوئاد[٢] و کەمال فەوزی و یوسف زیائەدین تێپەڕ ئەبن. خوێنەر لەو هۆنراوەیەدا دیمەنی ساڵح بەگی هینێ و حاجی ئەختی و شێخ عەبدولقادری نەهری (کوڕی شێخ عوبەیدوڵڵا) و ئەوانی تر ئەبینێ. جگەر خۆین لە هۆنراوەکەی خۆیدا بە ناوی ئەم عەگید و قارەمانانەی کوردەوە دەربارەی باری گوزەرانی کوردستان ئەکەوێتە گلەیی و ئەڵێ:

---

(١) ساڵی ١٩٢٥ مانگی شوبات، لە تورکیا بەسەرکردەیی سەر تیپ خالید بەگ، کە سەرۆکی خێڵی جیبران بوو، ڕاپەڕینی کورد بەرامبەر بە حکوومەتی کۆنەپەرستی تورکیا دەستی پێکرد. ڕاپەڕینەکە داوای ئازادیی کوردستانی کرد. ئەوان ئاینیان کرد بوو بە مانای خەباتی خۆیان. بەڵام لە ڕاستیدا ئەو خەباتە، خەباتی گەلی کورد بوو بەرامبەر بە زۆر دەستی و ناهەقی.

(٢) فوئاد بەگ، هاوکاری خەباتکاریی شێخ سەعید بوو، لە مەحکەمەدا سەرەکەکەی بە خەبات لە پێناوی سازکردنی کوردستانی ئازادا گونەهباری کرد. بۆ ناسینی فوئاد بەگ بەسەکە دوواندنی کورتی نێوان حاکم و فوئاد بەگ بێنینەوەبیر.

حاکم لە فوئاد بەگ دەپرسێ، تۆ بۆچی سەربەخۆیی کوردستانت دەوێ، تو خوێندنی خۆت لە تورکیا تەواو نەکردووە و خۆت بە زمانی تورکی نادوێیت؟ فوئاد بەگ دەبێژی (من سەربەخۆیی کوردستانم دەوێ، چونکە من کوردم و من دەمەوێ نیشتمانی ئازادی خۆم ببینم. تا سونگیی تورکان لە کوردستاندا بێ، مەسەلەی کورد هەر دەمێنێت).

دەلۆ بەس، بەس، خـەلاس نابن عیبارات
هـــەزار ڕەحـــمـــەت لە زۆزانێ ئەرارات
هـــەنـــە تـێـدا شاهـید و شێخ و قازی
نـــەوەك شـێـخ و شـــەهیدانی مەجازی
بەلـێ، ســۆندێ دخون جارەك ب لالەش
ب زەردەشـــت و ب ڕۆژ، هەیڤ و ئاتەش
ب ئـــەهــریمەن، ب هورمزگان و یەزدان
شـیـار بوونـــە بـەلـەنگـازێـن د کوردان
تـفـەنـگ چـوویە، نەۆ دۆر هاتە خامە
خـەوا شـیـریـن ل چـاڤـێ مـەحەرامە
بـنـهـێـڕن هــــوون ل زۆزان و دیـــارا
هــەمـــی ســۆرن، ژ بەر خووینا ئەزارا
کــەچ و دوخـت و جوان و ڤیز و بووکان
ژ دەردێ مـــەکـــەتـن ڕەنـگێ پەپووکان
نە بـــەس کوشتـی ئەڤن، لێ ئەم نەناسن
د گـــۆرانـدا، ل لـۆرانـــدا چ ڤـــاسـن
ژ وان دوورم، وەکــــی کـــۆرم د تــاری
هــــەزار رەحـــمەت ل گۆرنا وان بباری
بـــەلـــێ ڕۆژا کو کوشتی چوون وەفاتە
چ خــوەش ڕۆژە وەکــی چـەژنا وەلاتە
ژ وێ ڕۆژێ جـــگەرخۆین و جـەگەرسوز
ب قـــوربـــانـــا وەبـم عیدا وە پیرۆز[1]

(١) جگەر خۆین، دیوانی یەکەم، شام، ١٩٤٥، ل ٥٥،٥٦.

جگەرخۆین لەناو هۆنراوەی "دەبگری ل سەر تاج و سەرا"ی خۆیدا، بانگی دڵی خۆی دەکا، کە لە کەناری چەمی ئامەد[1] دانیشێ بە سەر گەردانی و چاوی خۆی باش بکاتەوە و وولاتی کوردان ببینێ. ئەی نی یە لە شاری ئامەد دا چەند سێدارەیان هەڵخستووە، چەندین کەسی زازایان کردووە بەدارا.

جگەرخۆین جارێکی تر سەرنجی خۆینەری کورد بەرەو میرخاس و قارەمانی نەتەوەکەی ڕائەکێشێ، بەرەو ئەوانەی بێ پشوو گیانیان بەخشی بە خەباتی بێ ووچان بەرامبەر بە دوژمنی ناوەوە و دەرەوە. خەباتی پێناوی ئازادی و خۆشبەختیی نەتەوەی کورد.

**شاعیر ئەڵێ:** ئەوا بەچاوی خۆی لە لایەك سێدارە و لە لایەك تاج و تەیلەسانی دیووە و لەلایەك (کۆلۆسە کەڤەژ)، واتە سەرپێچی کوردانی دیوە کە کەوتوونە بن لنگان. بە دڵی خۆی ئەڵێ: کەوا پێش خۆی دەسەسڕەکەی لە بەرۆکی دەرهێنێ و فرمێسك بسڕێ. ئەو فرمێسکەی وەك تاوی باران لە چاوی ئەبارێ. بە دڵ ئەڵێ: کەوا گوێ بۆ ئەو دەنگە ڕایەڵێ کە لە دوورەوە دەنگ ئەداتەوە، دەنگی پیاوی قارەمان، ئەوانەی بەر بەداراکرن هاواری "هەر بژی کوردستان" یانە:

**دەبــگــری ب دەنــگــی خــۆیە زیــز تــم بکە گازی**
**ئــەی ئامــەد، تا کەنگی بژی تۆ ب ڤان کول و دەردان**
**وەك تە خوینخوارن ئاگری و دێرسم و ساسوون تەڤ[2]**
**وەك تــە دڵ ژارن تــۆر و بــەخــت و بــەرزان**
**وەك تـــە بــنــدەستــن چیایێن شنگال و هەمرین**
**وەك تــە ڕەش گــرێدایــە سەفین و گردی سەیوان**
**دەبــگری و بــنالە ئەی شارێ ئامەد، ئەی خوینخوار**

---

(١) ئامەد: دیار بەکر (ع. م)

(٢) ئەم شیعرانە باسی ساڵانی بیستە. (ع. م).

دەبــگــری ل ســەر تــاج و سـەرا و تەختێ مەروان
ئــاخ بــرانۆ، ئــەز نــەخۆشم، نەخۆشێ وولاتی خوە
دەردێ مـــن ژانــا زراڤـــە، سەر خووەبوون دەرمان(١)

له پاڵ ئەم هۆنراوانەشدا، جگەرخوێن پۆیەمێکی گەورەی دەربارەی "سەلاحەدینی ئەیووبی" هۆنیووەتەوە و ناوی ناوە "تاریخا سولتان سەلاحەدینێ کورد". جگەر خوێن لەم بۆیەمەی خۆیدا بە بیرو خەیال ئەگەڕێتەوە زەمان و سەدەکانی ڕابوردوو، بەرەو سەدەی دوانزەهەم، کاتێ سۆلتان سەلاحەدینی بەناو و دەنگ، کە ڕۆڵەیەکی کوردە، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نزیك لە هێرشی خاچ پەرستی داگیر کەر ئەپارێزێ و سەرکردەیی خەباتی گەلانی ناوچەکەی ئەکرد بەرامبەر بە هێرشی ئەوان و بەمە ناوێکی گەورە و نەمری دەست کەوت. شاعیر سەرنجی خوینەری کورد بەرەو خەباتی چەند سەدەی نەتەوەی کورد ڕائە کێشێ.

باسی ئاشتیی جیهان و برایی و ئاموزایەتیی ناو گەلان زۆر بە گیانی نەتەوەی کوردەوە نزیکە.

ڕاستە، کاتێك بوو، مەسەلەی ناو دەوڵەتان بە جەنگ چار ئەکرا، بەڵام ئێستا ئەو کاتە نەماوە، گەلانی جیهان ئێستا هەموو لەوە گەیشتوون کە ئاشتیی جیهان ڤانزاجی هەموو مرۆڤایەتیی تێدایە و هۆی بەرەو پێش چوونیەتی و بۆ ئازادی و سەربەستیی گەلان سوودی لێ وەر ئەگیرێ.

جگەرخۆین لەشەست ساڵ زیاتر تەمەنی خۆیدا، دوو جەنگی جیهانی گرانی دیووە. ئەوەی بووەمایەی برسی بوون و فرمێسك و کوشتن و هاتوبردە و گوند و شار وێران کردن و زەوی بێ خاوەن هێشتنەوە و مندال هەتیو خستن و ئەمانە و گەلێ سەختی تری ترسناکی بەچاوی خۆی دیووە. هەر لەبەر ئەوەیە شاعیر لە هۆنراوەیەکی خۆیدا بە ناو و نیشانی "هوون زانن شەڕ چی یە". بەچەند وێنەیەك دیمەنی شەڕ ئەهێنێتە بەر چاوی خۆێنەران:

---

(١) هەر ئەوێ، ل ٥٧.

**پـــيــژ و بـــەر دەبـــارن فـــرۆنـــەك، تۆپ وتەنگ**
**ب فـــڕيـــن، ب خـــومين بوويە شەڕ، بوويە جەنگ**
**كـــومـــشيـــن، هـەلـوەشيـن، خان و برجێن بەلەك**
**غەنی بوون، كورمی بوون، پڕ كەلەش، پڕ شـەدەك**
**ب ســــــنــــــگــــۆ، ل گـــولـــــلا ددڕن، دكـــوژن**
**سـەگــەڤـەر، چەڤ بەلۆق، دمڤ ژ هەڤ، مێر و ژن[1]**

شاعیر دەیەوێ لە خۆینەران بگەیێنێت كە ئەو شەڕەگرانە سوودی تێدا نی یەو بۆ بەرەو پێشچوونی مرۆڤایەتی نی یە، بەڵكو شەڕ هەر تەنیا بۆ كاری سەرمایەدارانە، بۆ كاری ئیمپریالیستانە و گەلانی جیهان هەموو لە شەڕ زیان ئەبینن. جگەر خۆین وا لە خۆینەران ئەگەیێنێت، كەوا قوربانیی شەڕ سەرمایەدار نین، بەڵكو گوندی و پاڵەن و هەر كوڕی ئەوانیش لەناو ئەچن. شاعیر گەل بانگ ئەكات كە هەموو هوشیار ببنەوە و دەستی خۆ بدەنە یەك و بەدەستی سەرمایەداران نە كوژرێن:

**ئەم هەمی بەلەنگاز، تەڤ جووتیار، تەڤ كاركەر**
**مـــەدگـــــرن ب زۆرێ مـــــە دبـــەن ژ بـــۆ شەڕ**
**ئـــــەم هــــەڤـــدی دكـوژن، تەڤ برژی، تەڤ تازی**
**ئـــــەو ل مـــاڵ دادگـــرن، سەرێـن خوە ب نازی،**
**دڤـــێ ئـــەم شـيـار بـن، دەستێن خوە بدن هەڤ**
**ژ سەر خوە هلێـنـن پــەردا ڕەش، وەكـــە شەڤ**
**كـــۆلێـدار، خودێ ب مال، خودێ گوند بـكـوژن**
**سەر بلند، ڕوو ب كەن، تەڤ بژین مێـر و ژن[2]**

---

(١) جگەر خۆین. سەورا ئازادی، دیوانی دووەم، شام، ١٩٥٤، ل ٦٩.
(٢) هەر ئەوێ.

جگەرخوێن لە هۆنراوەی خۆیدا باش لەوە ئەگات کە جیهان وەك جاران هەر بەدەست ڕەنج خۆر و مفتە خۆرەوە نی یە. لە دنیادا ئێستا سوپاگای سۆشیالیستی هەیە، بەرەی خەباتکەری گەلانی جیهان هەیە. بەڵام لە پاڵ ئەوەشدا جگەرخۆین دەبینێ کە لە جیهاندا هێشتا یاسای ئیمپریالیش هەر ماوە. ئیمپریالیزمان لە بەردەمی بەرەو پێشچوونی مرۆڤایەتیدا دەوەستن و حەز بە شەڕ هەڵگیرساندن دەکەن. چونکە شەڕ مایە و کانی کۆکردنەوەی گەنجە بۆ سەرمایەداران. لە بەر ئەمەیە جگەرخۆین هۆنراوێکی خۆی "کێ دڤێ شەڕ، کێ دڤێ سەلام" پێشکەشی ئاشتی دەکات. شاعیری گەلی کورد گوناهی "ڕق و کینە" هەڵگرتن ئەداتە پاڵ ئیمپریالیستەکانی "دوژمنی ئینسان".

جگەرخۆین بە تەمەن گەنج نییە. بەڵام بەکاری ڕەنگین و بەهێزی مەزنی بەرهەمی، گەنجە. کاتێ گەنجان خۆ ئەدەنە بەر باری سەختی و سەربەسەختی شۆڕ دەکەن. ئەمە زۆر لە گیانی جگەر خۆینەوە نزیکە.

شاعیر لە بەرەو پێشچوونی و گواستنەوەی عومردا هەمیشە هەر دەستەی لاوان دەبینێ. لە بەر ئەوە ئەویش خۆی بەلاو ئەداتە قەڵەم و لە گەڵ ئەواندا بە تایبەتی، لە پێناوی کاری هەڤدا هەڵئەستێ و ئەچێتە کۆڕی خەباتەوە.

پاش تەواو بوونی جەنگی دووەمی جیهان، ساڵی ١٩٥١ لە شاری بەرلیندا کە سەر دەمێك پایتەختی ئەڵمانیای هیتلەری بوو. مەهرەجانی سێ یەمی لاوان و قوتابیانی جیهان بەسترا. ئەم مەهرەجانە لە دڵی جگەرخۆیندا شاد بوونێکی مەزنی هێنایە پێشەوە، چونکە لە پایتەختی ئەڵمانیای فاشیستیی جاراندا وا ئیستا مەهرەجانی لاوان و قوتابیان لە پێناوی ئاشتیی هەموو جیهاندا بەسترا. شاعیر ئەمە بەڕووداوێکی چاوەڕێ نەکراو دەزانێ. لە بەر ئەوە پارچەیە هۆنراوی خۆی هەر بە ناوی "مەهرەجانا بەرلینی" وە پێشکەش بەم ڕووداوە دەکات.

جگەرخۆین لەم هۆنراوەی خۆیدا لە گەڵ هەموو لاوان و کچانی دنیادا، کە ئەو دەمە لە بەرلین کەوتبوونە یەك بۆ ئەوەی پێکەوە بدوێن، بۆ باسی دۆستی و برایی، شاعیر ناتوانێ شادمانیی خۆی بشارێتەوە و ناتوانێ قەلەمەکەی ڕاگرێ. لە بەر ئەوە دەنووسێ:

**هەڕن مەهرەجان، مەهـرەجـانــا خــوەش**
**دەســتـــێ هەڤ بـگــرن، جــوان و کەلەش**
**هینـدیـی و چـــینـــی، عەرەب و حەبەش**
**هــەمــی ببـن یـــەك، چ گــەورو چ ڕەش**
**هەی کەچێــن جــوان، وەی خۆرتێن جوان**
**خێر خوازێن جیهان، هەڕن مەهــرەجان[1]**

جگەرخوێن هەموو لاوانی جیهان بانگ دەکات، کە لە بەرلیندا بپرسن، چ خێرێ لە شەڕ پەیدا ئەبێ؟. جگەرخوێن هەموو لاوان بەرەو بەرلین بانگ دەکا، بۆ ئەوەی لەوێ دەرد و ئازاری یەکتر بە یەك بڵێن و هەموو بیرو دڵی خۆیان بکەن بە یەك و گوێ نەدەنە ڕەگەز و ڕەنگی یەکتر، چونکە پێویستە شان بدەنە شانی یەك و پێکەوە بکەونە کۆڕی خەباتەوە لە پێناوی ئاشتیی هەموو جیهاندا.

شاعیری کوردان ئەو دەمە خۆی لەو لاوانە دوور بوو، بەڵام بە گیان لە گەڵیانا بوو. ئەو لە وولاتی دووری خۆیەوە کە بۆ ئەو سەردەمە وەك بەندیخانە بوو، لاوان دڵنیا دەکات و دەڵێ:

**بـبـن یــەك هــەمـــی زانـــاو و ڕەبــەن**
**بشـکـیـنــن قــەیــدو زنـجـیــر و کــەپـەن**
**هــەڕن دل ب کـــول، وەرن ڕوو ب کــەن**
**ئەی وەفــدێ ســـەلام، وەی وەفدێ وەتەن**
**هــەی خۆرتێن جوان، هەی کەچێن جوان**
**خێرخوازێن جیهان، هەڕن مەهــرەجان[2]**

(١) هەر ئەوێ، ل ٦٦.
(٢) هەر ئەوێ، ل٦٧.

ل ڕیزی بەرهەمی جگەرخۆیندا، ئەوەی پێشکەشی ئاشتی و ئامۆزایەتی و برایی کردووە، هۆنراوەی "ئەم شەڕ ناخوازن" و "خۆرتێن دیموکرات، کەچێن دیموکرات" جێکەیەکی شایان دەگرن. لە هۆنراوەی"ئەم شەڕ ناخوازن"دا، جگەرخۆین هەر تەنیا مەسەلەی ئاشتی و ئامۆزایەتی و برایی بەرەو پێشەوە نابات، بەڵکو مەسەلەی ئازادیی گەلانی بندەستیش، ئەوی تا ئێستا لە بن نیری کۆلۆنیالیزمدا سەربەستیی خۆیان دەست نە ختووە، ئەو مەسەلەیەش بەرەو پێش دەبات.

پاش جەنگی دووەمی جیهان، کاتێ تازە ئاگری جەنگ دا مرکابۆوە، لە ٢٧ی حوزەیرانی ١٩٥٠دا سەربازی ئەمەریکا لەگەڵ سەربازی لی سین مانی کۆنەپەرستی نۆکەریاندا هێرشیان بردە سەر کۆریای دیموکراتی و لەوێوە شەڕ دەستی پێکرد. ئەم کارەساتە کارێکی تەواو دەکاتە سەر جگەرخۆین، بە تایبەتی کاتێك کە زانیی دەستگای کاربەدەستی ئەوسای تورکیا لە گەڵ سەربازاندا گەلێك لاوی کوردیان ناردۆتە کۆڕی ئەو جەنگەوە، تا لە پێناوی مەبەسی ئیمپریالیستیدا بدرێن بە کوشت. لە بەر ئەوە شاعیر بانگی لاوان دەکات کە "نەچنە شەڕی کۆریا". بەڵکو بانگەکەی لە لای لاوانی کورد ناوەستێ و داوا لە هەموو لاوانی جیهان دەکات کە "دەستێ دوژمن ژێ کەن" و "نەچنە شەڕێ کۆرە"[1] جگەرخۆین دەنگبێژی ئاشتی، وەك دەنگبێژی ئامۆزایەتی و برایی گەلان، سەر بەرزیی گەلان بەبورجی بەختەوەریی ڕاستەقینەی خۆی دەزانێ، هەروەها لە سەر خەباتی ئەو گەلانە دەنووسێ، ئەوانەی لە پێناوی سەربەستیی خۆیاندا خۆین

(١) لێرەدا دەتوانین بە چەند ووشەیەك بەراوردێ لە نێوان ئەم پارچە هۆنراوەی جگەر خۆین و " لاوکی سوور بۆ کۆریای ئازادەی گۆرانی مەزن بکەین.

گەورەترین جیاوازی لەم دوو هۆنراوەیەدا لە ڕووی ئیستاتیکی بابڵێین جوانی ناسی یەوەیە. ئەوەی گۆران قووڵتر، پر وێنەتر، لە ڕووی پلەی هۆنراوەوە تازەترە. بەڵام ئەم پارچەیەی جگەر خۆین، وەك بەشی زۆری هۆنراوەی جگەرخۆین شەقڵی میللیتی و سادەیی پێوەیە و وەك زۆر لە هۆنراوەکانی جگەر خۆین، شاعیر لێرەشدا زۆرتر لە ڕۆژنامە نووس دەچێت، نەك شاعیر. بەڵام لە ناوەڕۆکدا ـ هەردوو پارچەکە وەك یەکن و بەیەك ڕێگەدا ئەڕۆن، ڕەنگە ئەمەش هەر لە بەر ئەوەبێت، کە دوو شاعیری نیشتمانپەروەری کورد، دیارە هەر ئەبێ وەك یەك بڕواننە مەسەلەی خەباتی گەلێکی تر، بەرامبەر بە ئیمپریالیزم. بێجکە لەوەی کە لەو سەردەمەدا سەرچاوەی ئایدیۆلۆجیی هەردوو شاعیر _واتە ـ جگەر خۆین و گۆران) هەر یەکە. بەڵام شتێك کە لێرەدا دەبێ نیشان بدرێت، ئەوەیە کە کاتێ جگەرخۆین باسی ئەو لاوە کوردانە دەکات کە بە زۆر نێرراونەتە کۆریا. ئەمە بە چاوی کورد ڕوانینە مەسەلەیە. (ع. م. ر)

دەڕێژن. جگەرخوێنیش لەو شاعیرانەیە کە لە دەورو زەمانی خۆیاندا دەژین. ئەوانەی بە درێژیی تەمەنیان لە گەڵ ڕووداوی ڕۆژانی خۆیاندا دەژین و دەربارەی مەسەلەکانی سەدەی خۆیان دەنووسن.

جگەرخوێن لە تافی لاویی خۆیدا هەر تەنیا دەربارەی گەلی کورد و باری ژیانی ئەوی دەنووسی و تەنیا بەو کوردستانی کوردانەوە خەریك بوو. بەڵام لەوە پاش دەربارەی ئەو گەلە تێکۆشەرانەی تریشی دەنووسی، دەربارەی ئەو گەلانەی بەرامبەر بە ئیمپریالیستان، چەك بەدەست، هەڵساون و کۆت و زنجیر لە هەر کوێیەك بێت و پاشماوەی هەر سەدەیەك بێت دەیپچڕێنن و دەیهاوێژنە بن پێیانەوە.

ساڵی ١٩٥٤ گەلی ڤێتنام قارەمانانە بەرامبەر بە کۆلۆنیالیزمی فەرەنسا و لە پێناوی ئازادی و سەربەستیی خۆیدا هەڵسا، بەڵام کۆلۆنیالیستەکان نەیانئەویست هەروا بە ئاسانی دەست لە ڤێتنام هەڵگرن و بکشێنە دوواوە. لەو ساڵانەدا ناوی قەلای دیان بیانفوو لە هەموو جیهاندا بڵاو بوو بۆوە. گەلی ڤێتنامی ئازادیخواز لە وێوە چەپۆکێکی باشی دا بەسەر ئیمپریالیستاندا، کە ئەو کاتە لەو قەڵا مەزنەدا مابوونەوە و نەیانئەویست بچنە دەرەوە.

جگەرخوێن لەم بارەیەوە هۆنراوەی "دیان بیانفو"ی خۆی نووسی و بە دەنگێکی زوڵاڵ هاواری کرد کەوا بەرِیگەی کۆلۆنیالیزمدا ئەڕوا تا ئەگاتە ووڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، کاتێ کە گەلاتی بندەست بەرامبەر بە ئیمپریالیزم هەڵدەستن و دەکەونە کۆڕی خەباتەوە و سەری داگیرکەر دەشکێنن "نەزانم چما دالاس دپشکی"و "جێی گورێ دەڤ ب خوون تەنگ دبە، سەرێ وی دێشە"[1].

جگەرخوێن شادبوونی خۆی لە سەرکەوتنی گەلی ڤێتنامدا دەبینێ، ئەو گەلەی "هەوری کۆلەدار ـ واتە داگیر کەر"، هەوری چڵکن و تەواو ڕەش و تاریك، کە ئاسمانی ڤێتنامی گرتبوو بە سایەی بەیداغی ئازادی و شۆڕشی ئوکتۆبەرەوە لادەبا و تەواو بڵاوی دەکاتەوە.

(١) (گورگی دەڤ بەخوون) یش لەم هۆنراوەیەدا ناوە بۆ جۆن فۆستەر دالاسی وەزیری دەرەوەی ئەوسای ئەمەریکا.

شاعیری کوردان، قەڵای دیان بیانفوو بە جێگەیەکی وا دائەنێ کە لە هەموو لایەك ئیمپریالیستانی کز کردبێ، وەك چەپۆکی خۆیان لە هەموو لا دەستی گەلانی ئازادیخوازی دیتبێ. ئەم سەرکەوتنەی گەلی ڤێتنام بۆ ئیمپریالیستان شتێکی تەواو بوو، لە بەر ئەوە ئێمەش (وەك شاعیر دەڵێ) سەرخۆشیمان لە هەموو داگیرکەران کرد.

پاش ئەم قسانە، جگەرخوێن ـ هەر ئەو کاتە دەڵێ ـ ئەبێ نووری سەعید و جەلال بایار حسابی خۆیان بزانن، چونکە گەلانی ڕۆژ هەڵاتی نزیك و ناوەڕاستیش "ژ خەو هشیار بوونە" و "ڕۆژا مە ڤا هات". شاعیر دەڵێ: کەوا چەرخی مێژوو ڕا ناگیرێ، چونکە هەموو گەلان نەك تەنیا لە خەو هەستاون و هوشیار بوونەتەوە، بەڵکو لە وان هەڵساونەتە سەر پێ و لەبن پێیاندا "ڤولقان" واتە (بورکان) دەکولێ. جگەرخوێن لە کۆتایی ئەم هۆنراوەیەدا دەنووسێ:

**چی یە ئەڤ کوشتن، چی یە خوێنخوازی؟**
**ل هەر دەرتەڤو ل وە دباری**
**بدن دەستێ مە، هەڤێ مە تمام**
**ئەم شەڕ ناخوازن مە دڤێ سەلام**[(١)]

لە ناو ئەو هۆنراوانەی جگەرخوێندا کە پێشکەشی ئاشتی و ئامۆزایەتی و برایی کردووە. هۆنراوەی "هەڤاڵ پۆڵ ڕۆپسن"، جێگەیەکی دیاری هەیە. لەم نووسینەی خۆیدا شاعیری کورد، دەنگبێژی ئاشتی و برایی، دەنگبێژەکەی گەلی ئەمەریکا پۆڵ ڕۆپسن، کەوا لە پێناوی ئەو گۆرانی یانەی خۆیدا کە بۆ ئازادی و خەباتی دەڵێ و لە پێناوی خەباتی شۆڕشگێریی خۆیدا گەلێك جار لەلایەن حکوومەتی ئیمپریالیستیی ئەمەریکاوە تووشی ئازار و گرتن بووە، لەوێدا شاعیری کورد پۆڵ ڕۆپسن بە هاوەڵ و ئامۆزای خۆی حساب دەکات و لە ڕێگەی خەباتدا بە یەکێکی نزیك لە خۆیی دا دەنێ جگەر خۆینیش لە کوردستانەوە بانگی پۆڵ ڕۆپسن دەکات قسەی لە گەڵ دەکات و خواست و مەرامی دڵی خۆیی پێ دەڵێ.

---

(١) جگەرخوێن. سەورا ئازادی، دیوانی دووەم، شام، ١٩٥٤، ل ٨٩.

جگەرخوێن وەك شاعیری ئاشتی و وەك شاعیری خەباتی ڕۆژی نوێی ئامۆزایەتی و برایی گەلان لە سنووری نەتەوەیی کوردستان دەچێتە دەرەوە و دەبێ بە یەکێك لە خێزانی ئەو شاعیرە پێشکەوتووانەی جیهان کە هەموو تەمەنی خۆیان و هەموو خواست و توانای خۆیان پێشکەشی گەل و بەرەو پێشچوونی و پێشکەشی کاری ئاشتیی جیهان کردووە.

ڕاستە پۆڵ ڕۆپسن لە پێش هەموو لادا کوڕی گەلی ئەمەریکایە و خۆشی (قولەڕەشە). بەڵام بە خەباتی خۆی گەلێك لە گیانی جگەرخۆینەوە نزیکە. هەر لە بەر ئەمەیە کە جگەرخۆین هۆنراوەکەی بە دلۆڤانی دەست پێدەکات کە دەنووسێ:

ئـــەی هــــەڤـــاڵ ڕۆپـسن، دەنگبیژێ جیهان
پـــاشـــمـــێـرێ ســــەلام، زانـــا و ئـــیـــنسان
گـــەڕنـــــاس و ڕیـــنـــاس، دژمـــنـــێ دالاس
دســـــەر ئـــــــاڤـــــــارا، دســـــەر چـــــــارا
ڕەنـــگـــێ تـــــەیـــە ڕەش، تێ بەرچاڤێ مە
دەنگێ تەیە خوەش، خوەش تێ گوهێ مـە[1]

بەلای جگەرخۆینەوە دەنگی پۆڵ ڕۆپسن خۆشە، لە بەر ئەوە خۆشە، چونکە دەربارەی ئازایەتیی گەلانی بندەست، دەربارەی ئاشتیی جیهان گۆرانی دەڵێ.جگەرخۆین لە هۆنراوەکەی خۆیدا دڵێ خۆی بۆ ئەو هەڤاڵە دوورەی دەکاتەوە و زۆر بە شەوق و کوڵ گلەیی دەردی خۆیی بۆ دەکات. شاعیر دەنووسێ: "نە تەنێ ڕەشن، کەتنە بندەستان"، "لێ کورد ژی، وەکی سپینە ئەوژی مانە پەریشان"، "ئەو ژی مانە ڕەبەن، بەلەنگاز، بندەست، چارە ڕەش" و "کورد ژی ژ دەستێ دژمنا مانە برچی و تازی، تەڤ، ژار و نە خۆش".

---

(١) هەر ئەوێ، ل ٨٢.

جگەرخۆین تەنیا دەربارەی باری ژیانی گەلی تورك و هیندی و ئەو گەلانەش دەنووسێ کە هێشتا بندەست و پەریشانن. شاعیر دەنووسێ، ئەگەر گەلانی بندەست بیانەوێ لەم باری ژیانە ڕزگار ببن، دەبێ بیرو باوەڕی سۆشیالیستی بۆ خۆیان بکەن بەرامبەر. جگەرخۆین شادیی دڵی خۆی بە پۆلێ ڕۆپسن ڕا دەگەیێنێ، کەوا ئەمرۆ گەلێ لە میللەتانی بندەستی جیهان، گەلانی وولاتی ئاسیا و ئەوروپا لە سایەی پشتگیریی هێزی سۆشیالیستی یەوە، یەك لە دووای یەك لە بن نیری کۆلۆنیالیزم ئازاد دەبن و ڕێی خۆشبەختیی میللەتی خۆیان دەبینن. جگەر خۆین بە سەر بەرزییەوە دەڵێ:

**پالە، شیار بوون، خەبات و لـەبات**
**ڕۆژ هـــــلات، ڕۆژ هـــــلات**
**خـــــەلاس بوو ڕۆژ هـــــلات**
**ڕۆژا ســــــــــــۆر، ڕۆژا زەر**
**ژ مـــــۆســـــکۆ هـــاتـــە دەر**
**تـافـا خـوە دا باڵـقان، دا ئەڵمان**
**خـــۆ بـــەردایە سەر چین ـ چین**
**چـیــنـا مـــەزن، چـیــنـا گران**
**شــــەوقـــا خـــوە دا هـیـنـد**
**تـــەڤ داگـــرت جیهان، جیهان**[1]

---

(١) هەر ئەوێ، ل ٨٣.

جگەر خۆین دەنووسێ، کەوا کارگەر و ڕەنجبەر و جووتیار هوشیار بوون، داگیرکەریان لە جیهان ڕا فڕاندووە و ئیتر کەس پێویستیی بە پەساپۆرت نی یە و پۆڵ ڕۆپسن دەتوانی بە میوانی بێتە کوردستان.

شاعیر شادیی خۆی بۆ هەموو مرۆڤانی جیهان دەردەخا، کەوا ئیتر دەتوانن، واتە (تاشتیٚ و بەرچایی) لە مۆسکۆ بکەن. فراڤین (نانی نیوەڕۆ، یا ڤاوەڵتی) ببەنە چین و ماچین و (شێو)یش لە نیۆیۆرك بکەن بۆ نووستنیش شەو بچنە لەندەن.

جگەرخۆین لە کۆتایی ئەم هۆنراوەیدا سڵاوی گەرم لە پۆڵ ڕۆپسن دەکات و داوای لێ دەکا کە گۆرانیی خۆی هەر بڵێ و بۆ گەلانی بندەستی بڵێ و بە ساز و هاوارەوە بڵێ:

**بمرێ کۆ لەدار، بمرێ زۆر دەستی**

**بژی ئازادی، بژی سەربەستی**[(١)]

(١) هەر ئەوێ، ل ٨٥.

بەم هۆنراوانەی کە شاعیر پێشکەشی ئاشتی و ئامۆزایەتی و برایی گەلانی کردووە، جگەرخوێنمان وەك کەسێکی ئەوتۆ دێتە بەر چاو کە هەموو گەلانی جیهان، هەموو ئینسانی خۆش دەوێ و لە جیاتی تفەنگ، خامەی شاعیرێتیی گرتووە بەدەستەوەو هێرش دەباتە سەر دوژمنی خوێنخواز، لە پێناوی بە هێزکردنی برایی نێوان هەموونەتەوەکانی جیهاندا[1].

---

(١) لیرەدا بەراوردێکی پارچە شیعری (پۆڵ رۆپسن)ی جگەرخوێن لەگەڵ هۆنراوەکەی گۆرانی مەزندا دەکرێ، کە ئەویش یۆ گورانیبێژی پێشکەوتنخوازی قولەرەشی ئەمەریکایی (پۆڵ رۆپسن)ی نووسیووە. لە کاتیکدا کە کار بە دەستی ئیمپریالیستیی ئەمەریکا چوونە دەرەوەیان لێ قەدەغە کرد بوو و لە هەموو جیهاندا داوای ئەوە دەکرا کە رێگەی بدەرێ، بگەرێ و گۆرانیی خۆشی ئاشتی و ئازادی بۆ خەڵکی جیهان بڵێت، جارێ هەردوو هۆنراوەکە، بەشداریی کورد و شاعیرانی لە گەڵ ئەو داخوازیەی پیاوچاکانی جیهاندا دەردەخەن، ئەوەش دەر دەبڕن کە نەتەوەی ئێمە ـ باری ژیانی خۆی هەرچونێك بێت، خۆی لە گەلانی جیهان دانابڕێت و بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی خۆی بە بەشێك دەزانێ لە خەباتی گەلانی جیهان بەرامبەر بەرژیمی کۆلۆنیالیزمی و ئیمپریالیزم و لە پێناوی ئازادی و ئاشتی و ژیانی کامەرانیدا. ئەوەش دەردەبڕێ، کە کەسانی هوشیاری گەلی ئێمە ئاگاداری هەموو ڕووداوی جیهانن و دڵیان لە گەڵ هەموو خۆشی و ناخۆشیی گەلانی جیهاندا لە خورپەدایە.

دوو هۆنراوەکەی جگەرخوێن و گۆرانیش ـ وەك دوو هۆنراوەکەی بۆ کۆریایان ـ لە ناوەرۆکدا زۆر لە یەك دەچن. وەك لە باسی داستانەکەی کوریا دا ووتمان، هۆی ئەمەش هەر ئەوەیە کە هەردوو شاعیر لە کاتی نووسینی ئەم دوو هۆنراوەیەدا، لە یەك سەرچاوەی بیر و ئایدیۆلۆژی یەوە بیریان وەرگرتووە و لێکدانەوەشیان هەر یەکە، واتە، هەردوو هۆنراوە نیشاندانی (مەوزووع)ێکە لە ئاوێنە و دەروونی دوو کەس یا (زات)دا کە جۆری لە شت گەیشتنیان لە یەك دەچێ. ئەگەر لە داستانی کۆریا دا ئەوەمان دیبێ کەوا جگەرخوێن، لە گۆران زیاتر، پێوەندیی بەتینی ئەو مەسەلەیە لە گەڵ هەست و بار و مەسەلەی نەتەوەیی ئێمەدا نیشاندەدا. ئەوا لێرەدا لەو ڕووەشەوە، هەر دوو شاعیر بە تەواوی هەستی کوردێك بەرامبەر بە پۆڵ رۆپسنی گۆرانبێژی قولە رەش دەر دەبڕن. بەڵام لە ڕووی دەربرین و ڕادەی تەکنیکی و ئیستاتیکی هۆنراوەوە، ئەوا جیاوازی یەك دەبینین، کە خۆی جیاوازیی نێوان هونەری جگەرخوێن و گۆرانە.

هەر چی پارچە هۆنراوەکەی جگەرخوێنە ـ ئەوا دیمەنی سادەم و نزیکی لە فۆلکلۆرەوە دەرئەخا، کە خۆی دیمەنی هۆنراوەی میللی جگەرخوێنە. بەلاّ هۆنراوەکەی گۆران، ئەوا ئەویش قووڵی و وێنە و نەخشەکێشانی تێدا دیارە، کە ئەویش شەقڵی هۆنراوەی گۆرانە.

زیاد لە ناوەرۆك، لەم هۆنراوەیەی گۆراندا دیمەنی ڕێبازە ریالیستی یە تازەکەی گۆران دەبینی کە تێکەڵکردنی خەیاڵ و نەخشە و خەوی ڕۆمانتیکی یە لە گەڵ ڕووداو بیری ریالیستیدا. بەڵام دەبێ دەربارەی هۆنراوەکەی جگەرخوێنیش ئەوە بڵێین کە لە پاڵ شەقڵی دیاری میللیێتیدا ـ لێرەدا هەنگاوێك بەرەو پێشەوە و بەرەو هۆنراوەی تازە دەبینین. بەتایبەتی لە کێش و قافیە دا و لەم ڕووەوە جۆرێکی تازە لە هۆنراوەی جگەر خوێن دەبینین. هەر چی هۆنراوەکەی گۆرانە، ئەو ئەو ماوەیە پیشاندەدا کە لە نێوان هونەری گۆران و جگەرخوێندا، یا لە نێوان هونەری ئەو و زۆر شاعیری تردا هەیە. بۆ نموونە کە شاعیری بەناوبانگی عەرەب عەبدولوەهاب بەیاتی ئەو پارچەیەی گۆرانی لە گەڵ چەند هۆنراوەی شاعیرانی تری بەناوبانگی ئەم سەردەمەی جیهاندا بڵاوکردۆتەوە دەبینین گۆران بە تەواوی دەچێتە ڕیزی ئەو شاعیرە بەرزانەی جیهانەوە.

بڕوانە: عبدالوهاب البیاتی رسالە الی ناظم حکمت وقصائد أخری . بیروت ١٩٥٧.

**له مەسەلەی ئامۆزایەتیدا[1] جگەرخۆین نە دەڕوانێتە ڕەنگی مرۆڤ و نە خۆشەویستیی ئەو و نە بوونی ئەو. مرۆڤ برای مرۆڤە، دۆستێتی ئەمەیە ڕێ و شوێنی شاعیری بە ناو و دەنگ**

**...............................................[2]**

**پارچە شیعری "ئیلهام ژ شاعیرێکی ئەرمەن"، ئەوە باوەڕی شاعیرەی، ئەوە جیهانناسیی جگەرخۆینە.**

**ئــەڤ ڕێیا درێژ مە هنەك کن کر خووەش ب چوونا خووە،**
**ل شوونا ئەسفلت مە ئەڤ ڕێ ڕاخست تەڤ ب خوونا خووە،**

**...............................................**

**ئەی نەسلێ هێ بێ، ژ بۆ تەمە هشت چەند شۆپ و ئەسکەر**
**ئیـــلـهـــام دانـــە مە کوشتنا قەیسەر، کوشتنا هێتلەر....**
**ب زۆر ئـــەم گـــهـــان ڕیـــزا مێـــرێـــن چێ، پالە و کارکەر**
**ئـــیـلـهامـــا مـــەزن، ســـەورا ئـــوکتـــۆبەر، ئینقلابا سۆر،**
**دەنـــــگ دایـــە دنـــیـــا هـــشـــیارکرن کەڕ، ب کرن کۆر،**
**پـــــەردا بـــنـــدەســـتـــی ب خـــەبـــاتـــا خوە مەزوو هلانی،**
**هـــێـــمـــێ ئـــــازادی مـــە ب ڕکا خـــوە، ژ بـــۆ تـــە دانی**
**ئـــــەم چـــــوون و دچـــن دڤـێ ئەم هەڕن، تا دەوییا ڕێ،**
**عـــەنـــیا مـــە بلند، دلێ مە پڕ خۆرت، گوهـ نەدن زۆرێ...**
**مـــە شـــەڤ دەربازکـــر ئەو شـــەڤـا تـــاری تژی زولم و زۆر**
**شـــەفـــەقـا خـــووە هلدا ل باکۆر و ژۆر ئەو شەفەقا سۆر**

---

(١) لای نووسەرانی کوردی سۆڤیتی زۆر جار ووشەی "پسمامەتی" واتە... ئاموزایەتی بۆ پێوەندی دۆستی و برایی نێوە گەلانی نزیك و دوور بەکار دێت. (ع. م. ر)

(٢) لێرەدا نووسەر بەنزیکەی دوو لاپەڕە باس لە پێوەندیی مێژوویی کورد و ڕووس دەکات و هەندێ نموونە بە نامەکانی شێخ مەحموودی حەفیدی دەهێنێتەوە و ئەمە دەبەستێتەوە بەو شیعرانەی جگەرخوینەوە کە بەشێك لە نموونەکانیمان تۆمار کردووە. (ع. م. ر).

ئـــەم چـــوون و دچـــن، نایێ گۆهارتن تو جارێ ئەڤ ڕێ
پـــرا ژ مـــەرا ئــاڤــا بـــوویـــە ئـــەم کــەتن وێ پرێ
دا ئــیـنـــسـانــیــەت ب ســەربەستی خووەش تێرا دەربازبی
ژ زۆر و زلـــمـــێ، ژ کـــۆ لـــە داران زوو زوو خـــەلاس بی
ب ئـــاگـــــرێ دلێ، دیـــلـــی، کـــۆلــەتـــی بـشەو تێنن
دنـــــیا نـــوو چـێ کـــن، دنـــــیا کـــەڤنرا بقـــەوتێنن
دنـــــیا کـــۆ هـێـســتـر تـــو جـــاری تـــێدا نەبە بهیستن
دنـــــیا کـــو تێـدا نـــەبـــی بـرچـــی بـــو ون، نـــەبی قەت
هەر کـەس ڕوو ب کەن، پڕ خووەشە دنیا، خووەشە ئەڤ دنیا
ژ بـــۆ ڤــێ دنـــێ ئـــەم مـــانـــە بـــێ کار، ئەم مانە بێ مال
ژ دۆر مـــە ڕەڤـیــن هــەڤـــالـێن کەڤنار ئەو قەلسە هەڤالێ
لـــێ ئـــەم هـــەر دچـــن ســـەرێ مـــە بلند چاڤێ مە ل ژۆر
تیـرێـژ دانـــە مـــــە شـــــەفـــەقـــا ڕۆنـاك وێ شەفەقا سۆر
شـــــەفـــەقـــا باکوور، شـــەفـــەقـــا مارکس، شەفەقا لێنین(١)

هەر وەك بڵێیت ئەمە قسەی خەباتکاری ناوداری گەلی ڕووس ئەلیکسەندەر |ئیڤا نۆڤیچ| گیرتسین بوو کە پێش سەد ساڵ ووتوویەتی و هەر تەواو بۆ ڕۆژی ئەمڕۆ دەست دەدات: "خەباتکاریی سەربەخۆیی بە تەواوی لای خەڵکی غەریب دڵ دەیەشێنێ، بەڵام ئەو هیچ کاتێك کار ناکاتە سەر کاری ئەوان.

ئەمەیە کە جگەرخوێن باشی تێی گەیشتووە و لە شیعرێکی خۆیدا |بەناو و نیشانی| "ئەی کورد چ کەسی تو" ئەم بیرە دێنێتە پێشێ و لێی زیاد دەکات، کە کورد لە خەباتی خۆیدا دەبێ خەمی نەبێت چونکە..... پشت و پەنای هەیە.

---

(١) جگەر خوێن، سەورا ئازادی، دیوانی دووەم، شام، ١٩٥٤، ل ٧٧ ـ ٧٨.

**ئەی کورد تو بزانە کو جیهان هەر دەم و دۆرە،**
**سەربـــەســتـــیی و ئازادی بزان کۆتەك و زۆرە،**
**زنـجـیـریٚ ژ گەردەن بشکین زوو وەرە مەیدان**
**ئـــیـــدی تـــو مـــەتـــرس پـــشت و پـەنا...**[1]

**..................................**

لە پێناوی سەربەستی و پێشکەوتنی میللەتی کورددا، لە پێناوی ئازادی و بەختەوەریدا جگەر خوێن هەر تەنیا ڕێگەی خەبات بە ڕێگەدادەنێ. تەنیا ڕێگەی خەبات لە بەردەمی لاوو کچی کورددا دادەنێ و ڕێگەی خوێندنیشی دەخاتە پاڵ کە لای شاعیر مەسەلەیەکی زۆر فەرزە.

راستی مەسەلەی خوێندن لە هەموو کوردستاندا، لە ئێران، سووریە، تورکیا و عیراقدا[2] ، لە لایەن کار بەدەستانی کۆنپەرستەوە پشتگوێ خرابوو. چونکە دیارە کەوا بۆ کۆلۆنیالیستان و داگیرکەران دەستی نە ئەدا و ئێستاش دەست نادات کەوا میللەتێك کە ئەوان ڕەنجی ئەخۆن و هەبوو و نەبووی ئەبەن، تیپێك، ووشەیەك فێر ببێ.

لە بەر ئەمەیە کە لاوی زانا و خوێندەواری گەلی کورد لە ووتاری خۆیدا خەباتی گەل لە پێناوی خویندەواریدا دەبەستێ بە خەباتی پێناوی پێشکەوتن و سەربەستیی گەلەوە. هەر لەبەر ئەمە حەسەن هوشیار لە گوڤاری ڕۆناهیدا لەم بارەیەوە نووسیووی یە:

"کاکینۆ، برانۆ، مامینە. چاوی خۆتان بکەنەوە و بڕواننە جیهان. لە ڕێی ووڵات و نەژادا، لەلای خەڵك مردن چۆن هەرزان و بێ بەهایە.خەڵك هەڵساون و تیپی دیرۆك (مێژوو)ی خۆیان لە دەستی یەك دەرفێن. هەر جی ئێمەیشین بە پێنج پارچە فێری تیپ و خوێندنی زمانی خۆمان نابین. ئایا ئی=ەمە بۆ ئێمە شەرم نی یە؟. ئێمە و

---

(١) هەر ئەوێ، ل ٥٦.

(٢) ئەم کتێبە ساڵی ١٩٦٦ چاپکراوە.

منداڵی ئێمه به تیپ و زمانی خەڵك فێری خوێندن دەبین. کەچی گەلێك پرس و خواسی قووڵ له دڵماندا کوڵ دەدات. کاتێك ئێمه له ناو خەڵکدا دادەنیشین و خۆمان خەریك دەکەین. دەڵێین ئێمەی کورد به کەڵکی نەتەوەیی نایەین. کەس وەك ئێمه له ژێر دەستی ناحەزدا نەماوەتەوە.

کاتێ ئێمه وا دەڵێین، پیاو وا دەزانێ که ئێمه هەموو ئاگاو پسپۆرین. مرۆڤێك که بیر له کەمایەتی و نەزانی بکاتەوە پێی دەووترێ بیروەرایا - خاوەن بیر - بەڵام ئەوەی ئێمه هەر بەدەمە[1].

له ناو شیعری "خوێندن"ی خۆیدا جگەرخۆین، دەربارەی خوێندنی کوردی نەزان دەنووسێ:

خووەندن نەبی کەس ناچە پێش،
پــــەیـــــدا دبــــن دەردو ئــێـــش
هــــــەر دەم دبـــــن دەســتــێ نەیار
ئــــەم دێ بـــدن خووکی و بێش

★ ★ ★

ئــــەڤ تــاج و شەوکەت خووەندنە
ئــــەڤ دیـــن و دەولەت خووەندنە
ئــــەڤ ســــەر بــلــنـدی خووەندنە
ئــــەڤ دەولـــەمـــەندی خووەندنە

★ ★ ★

هەر چی نەخووەندی ڕەنجبەرە،
ئـــــی کـــــۆ بــخــوونــی ڕیبەرە
هـــەردەم دنـــاڤ خـــان و ســـەرا
ســــەر کــاره ئـــــەو یـا سەروەرە

★ ★ ★

(۱) گۆڤاری "ڕۆناهی"، ژماره ۱۳، شام، ۱۹٤۳، ل ۱۰.

ئـــەڤ تاج و شەوكەت خووەندنە
ئـــەڤ دیـن و دەولەت خووەندنە
ئـــەڤ ســـەر بلـــندی خووەندنە
ئـــەڤ دەولەمەندی خووەندنە[1]

★ ★ ★

بەڵام تەنیا بە خوێندن نییە کە گەلی کورد دەبێ سەربەستیی خۆی دەست بخات. خوێندن بەلای جگەر خۆینەوە جێگەی ئازادیی گەل ناگرێتەوە. خوێندن تەنیا ماوە و مەیدانێکە بو کچ و لاوی کورد کە بتوانن بەو هۆیەوە زیاتر مێژوو و خەباتی گەلەکەی خۆیان لە پرش و بڵاوەی بپارێزن. تا بتوانن بەو هۆیەوە بچنە کۆڕی خەبات و تێکۆشانی گەلەکەی خۆیانەوە، لە پێناوی ئازادیی میللەتدا.

جگەر خۆین لە پێناوی سەربەستیی نەتەوەی کورد دا، تەنیا مەسەلەی خوێندن بەرەو پێش نابات، بەڵکو مەسەلەی خەبات و تێکۆشانیش بەرەو پێش دەبات. خوێندن و تێکۆشان، ئەو دوو پرسە فەرزە، کە شاعیر هەردووکیان دەخاتەوە بەردەم لاوانی کورد. ژیان لە پێناوی ئەو دوو پرسەدا سەرف نیازکردن بەلای شاعیرەوە، بۆ کوردان مزگێنیی خێرە.

خووەندن دڤێ هـەم پڕ خـەبات،
بۆ مـیـللـەتـی کـورد و وەلات،
کـــورد نـــۆ ژخـەو ڕابن هەمی،
مـــزگـیـــن ل وە ڕۆژا وە هات[2]

جگەرخۆین لە هۆنراوەی "ڕۆژا خووەندەڤانا"ی خۆیدا هەر ئەوە نییە کە ئامۆژگاریی خوێندەواران دەکات. بەڵکو ئامۆژگاریی هەموو لاوانی نیشتماپەروەریش دەکات:

(١) جگەرخوێن، سەورا ئازادی، دیوانی دووەم، شام، ١٩٥٤، ل ١٧٣.
(٢) هەر ئەویٚ خوێن، دیوانی یەکەم، شام، ١٩٥٤ ل (٧٦) هەر ئەویٚ.

**ئیرۆ ڕۆژا خووەندەڤانا کوردێن هێژا، خۆرتێن زانا،**
**ڕۆژا مێران، ڕۆژا شێران، ڕۆژا کورد و پەلەوانا**
**دۆزا مەسەرخووە بوون، یەکیەتی و پێشڤەچوون،**
**بلندی و زانە بوون، ڕابن سەر خووە کوردنۆ**
**ڕابن ئیرۆ ڕۆژا مەهات، یەك دەنگ، یەك دل، بچنە وەلات،**
**بگرن گوند و شار و کەلات، هەر دەم دڤێ بۆمە فەلات،**
**دۆزا مە سەرخووەبوون، یەکێتی و پێشڤەچوون،**
**بلندی و زانە بوون، ڕابن سەرخووە کوردنۆ**
**ئەم تا کەنگی ڕازن هەمی، بندەست بژین ئەم هەردەمی،**
**لاوێن گوهدەرز، نەڤیێن چۆپین، ما ڕابن ئیرۆ تەڤ ڕوستەمی**
**دۆزا مە سەر خووە بوون، یەکێتی و پێشڤەچوون**
**بلندی و زانەبوون، ڕابن سەرخووە کوردنۆ[1]**

جگەر خۆین، وەك پیاوێکی کوردی یەخسیر، کە لە دەم شیری دوژمن ڕزگاری بووبێ، لە گەڵ هەموو نۆینەرانی گەلی خەباتکەری خۆی، بەژن بلند، قالبوو، ڕابوو بۆ خەبات لە پێناوی ئازادی و سەربەستیی گەلی کورد دا ئەوە هەر خەباتکەری هەردەی جەنگ نی یە، بەڵکو خەباتکەریشە لە پێناوی نیشتمانپەروەریدا، کە بە خەباتی گڕ ئاڵاوی خۆی لە پێناوی هێنانەدیی خواست و مەرامی خەڵکدا عەشقی خوێندەواریش هێندەی تر بڵند دەکات[2].

هۆنراوەی جگەر خۆین ئەوە ژیانێکە، بە هەموو لایەکی خۆیدا هەر ریالیستی یە. هەر ئەو ڕیالیزمی یە یە کە باسەکانی شاعیری بەناو و دەنگ دەوڵەمەند دەکات.

---

(١) جگەر خۆین، دیوانیەکەم، شام، ١٩٤٥، ل ٧١.

(٢) ئەم باسی خوێندن و خوێندەواری یە لە شیعری زۆر لە شاعیرانی تریشدا دەکرێت، کە ڕەنگە سەر ئامەدی ئەم باسە حاجی قادری کۆیی بێت. ئەم چەشنە شاعیرە لە ئەدەبیاتی گەلانی ڕۆژ ئاوادا بەرەی ڕاپەرین و ڕۆشنبیری یان پێ دەڵێن و لای هەندێ لە گەلانی ڕۆژ هەڵات زانستپەروەر یا مەعاریف پەروەریان پێ دەڵێن. شیعری جگەر خۆین لەم مەسەلەیەدا پلەیەکی بەرەو پێش بڕیووە، بەوەی مەسەلەی خویندنی لە سنوورێکی تاقەوە بوودا نەهێشتۆتەوە، بەڵکو بەستوویەتی بە خەباتی سیاسی گەلەوە. (ع. م. ر).

جگەر خۆین بە شیعری خۆی لە ناو ئێمەدا بوو بە پێشرەو و سەر ئامەدی شیعری شاعیرانی خەباتکەری کورد[1] .

ئەو پلەیەی شیعری شارستانیی بوو بە یەکێك لە هەڵقەکانی ئەو مەسەلە ووردە و لە سنووری میللەتەوە گەیشتە هێلانەیەکی بڵند .

لە شیعری سیاسیدا جگەرخۆین مەسەلەی خەباتی کورد بە هەڵقەیەك لە زنجیرەی خەباتی گەلانی بندەستی هەموو جیهان حساب دەکات.

قسە سیاسییەکانی جگەرخۆین بە تەواوی بوونە چەکی خەبات بەرامبەر بە زۆرداری. شیعری جگەرخۆین لە لاسایی یەوە دوورە. شاعیر هیچ قەید و قانوونێکی لا نی یە، لە قەید و قانوونی نووسینی هەق و ڕاستی بەو لاوە. هەر ڕاستی یە بناغەی تەواوی نووسینی جگەر خۆین.

دەستکەوتێکی تری شیعری جگەر خۆین ئەوەیە کە شاعیر هێزی لاوی خەباتکار کۆ دەکاتەوە و ئەو هێزە بەرەو ئامانجی ڕاست دەبات.

---

(١) دیارە نووسەر زۆرتر باس لەو شاعیرانە دەکات کە ئەو لە زاراوەی نووسینیان گەیشتووە، یا بەرهەمیانی دیوە. (ع. م. ر).